# نووسەری کورد 1

گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ

خاوەنی ئیمتیاز
یەکێتیی نووسەرانی کورد

سەرنووسەر
پرۆفیسۆر د. هیمداد حوسێن

جێگری سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

دەستەی نووسەران
ئەحمەد عارف
ئەنوەر محەمەد تاهیر
ئاکۆ کەریم مەعروف
حەمە عەباس
د.عادل گەرمیانی
موحسن قوچان
نیازی حەمەعەزیز

هەڵەچن
حەمە ئەحمەد جاف

بەڕێوەبەری هونەری
فەهد شوانی

* ناوەڕۆکی بابەتەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکات.
* دەتوانن بابەتەکان بۆ ئەم ئیمێڵە بنێرن:
nusarikurd@gmail.com

نرخ: ٢٠٠٠ دینار
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانە: چاپخانەی شەهاب

ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری، نزیک ڤاریا بازاڕ.

## لەم ژمارەیەدا:

*** ڕەخنە و توێژینەوە**


– سوارە ئیلخانیزادە و جەلالی میرزا کەریم.. عەبدولخالق یەعقووبی.................................. ٤
– ڤەگوهازتنا هزرا رزگارکەری د کورتە چیرۆکا کوردیدا.. پ. هـ د نفیسە اسماعیل حاجی........ ١٥
– کورتە چیرۆکی (جەنابی بەڕێوەبەری گشتی)ی حەسەن جاف.. د. ڕێبین خەلیل قادر...... ٢٩
– ڕەهەندی فەلسەفی لە ئەلبوومی شیعری بۆهیمی و ئەستێرەکاندا.. د. عەتا ڕەشید حسێن...... ٥٨
– ڕەخنەی ئەدەبی لە نێوان هەردوو ڕەوتی زانستیی و ڕۆشنبیری.. پەری عومەر خەیلانی...... ٧٣
– خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاران.. د. دیلان سەلام حەمەفەرەج............ ٨٥


*** شیعر**


– ئەم دنیا و ئەو دنیا بەدەر لەم دنیایە.. سەباح ڕەنجدەر............................................... ١٠٠
– منداڵیت بەرم نادا.. د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن.......................................................... ١٠٦
– لە پشتی ماشێنێکدا سەفەر ئەکا.. سەلام سەعید مەولوود.............................................. ١١٣
– سروودی عیشقەبارانێک.. نازە نەجیب.......................................................................... ١١٦


*** چیرۆک**


– ملوانکەی پیرۆزە.. لەیلا نوورانی..................................................................................... ١١٨
– پێنج کورتە چیرۆک.. ئازاد ئەرگوشی.............................................................................. ١٢٥
– لە مانگ تەنیاتر.. لە فارسییەوە: خالید فاتیحی............................................................ ١٢٩
– مەنانە.. لە عەرەبییەوە: تاهیر عوسمان........................................................................ ١٣٤


*** زمان**


– ئیدیۆم، پەند، قسەی نەستەق.. پ.د. ئازاد حەمە شەریف............................................... ١٤٤


*** وتار**


– ئایا ڕەخنەی شانۆییمان لە ئاستی شانۆکەماندایە؟.. د. کەیفی ئەحمەد......................... ١٥٤


هەواڵنامەی کتێب

# دەسپێکێکی نوێ و روونکردنەوەیەك




یەکێتیی نووسەرانی کورد لە رۆژی دامەزراندنییەوە لە ساڵی (١٩٧٠)ەوە یەکێک لە یادەوەرییە جوانەکانی کە هەمیشە لە زەینی نووسەر و خوێنەرانیدا ماوەتەوە گۆڤاری (نووسەری کورد)ە. نووسەرە دیارەکانی ئەوێ رۆژێ بە بەرهەمە ناوازەو داهێنەرەکانیان لە هەموو شار و پارچەکانی کوردستانەوە گۆڤارەکەیان دەوڵەمەند کردبوو. خوێنەرانیش بە پەرۆشەوە چاوەڕیی دەرچوونی گۆڤارەکەیان دەکرد.دەستە دوای دەستە ئەو گۆڤارەیان پاراست و بەردەوامییان پێدا. ئەو دەستەیەی ئێمەیش هەر لەو سۆنگەیەوە دەمانەوێت ئەو گۆڤارە جارێکی دی دیدەی خوێنەرانی رۆشن بکاتەوەو درێژە بە ژمارەکانی پێشوو بدەینەوەو لەو زنجیرەوە دەست پێبکەینەوە. بەو توانا مادییە سادەیەی لەبەردەستە گۆڤارەکە بڵاودەکەینەوە، خۆ ئەگەر پشتیوانیی و هاوکاریمان هەبێت ئێمە ئامادەین بە ماندووبوون و شەونخونی زۆرترەوە بە شێوەیەکی رێکوپێک و مانگانە لەکاتی خۆیدا بڵاوی بکەینەوە.

دەزانین ئەم بڕیارە ئاسان نییە و هەڵبژاردنی نووسینی پوخت و باش لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و سۆشیال میدیا و ژمارەیەکی زۆری پاشکۆ ئەدەبی و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا کەمە،کە بە وردی و بە میتۆدێکی زانستیی رەخنەیی و قووڵیی دەقی ستاتیکای شیعرییەت و بە دەقی گێڕانەوەی هونەریی خەم و نەهامەتییەکانی کۆمەڵ و مرۆی سەردەم دەرببڕێت.

نووسین بەرپرسیارییەتییەکی گەورەیە، بۆیە ئەو نووسینانەمان گەرەکە بە گڕ دۆخی چەقبەستو و چێژی باودا بچێتەوە.روانگەو دیدی نوێ پێشکەش بکات.ئومێدمان زۆرە و چاوەڕێی هیممەتی ئێوەین.

سەرنووسەر

# سوارە ئیلخانیزادە و جەلالی میرزا کەریم لە تای تەرازووی هەڵسەنگاندنێکی رەخنەکارانەدا



عەبدولخالق یەعقووبی

لێرەدا بۆئەوەی ڕووناکیی زیاتر بخەینە سەر جیهانی شیعریی جەلالی میرزا کەریم و، کاریگەریی شیعری ئەو لەمەڕ دروستکردنی ڕوانینێکی نوێ نیشان بدەین، بەشێوەیەکی بەراوردکارانە و لەسەر بنەمای یەک لە تەوەرەکانی بووتیقای شیعریی ئۆکتاڤیۆ پاز، کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کرد، لەنێوان شیعرێکی سوارەی ئیلخانیزادە (١٩٣٧-١٩٧٦)، شاعیری پێشەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شیعرێکی ئەو لەنگەر دەگرین و چەند باسوخواسێکی جوانیناسانە و واتاناسانە دەهێنینە ئاراوە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدابوو، ئۆکتاڤیۆ پاز باس لە دوو ڕەهەند

یان دوو جەمسەری شیعری مۆدێرن دەکات: ١. جەمسەری جادوویی (magical) ٢. جەمسەری شۆڕشگێڕانە (revolutionary). لە جەمسەری جادوویی شیعری مۆدێرندا، خواستی شاعیر ئەوەیە لەڕێگەی ونکردنی خود لەنێو جۆرێک لە بەستەزمانیی ئاژەڵیدا یان خۆشاردنەوە و وازهێنان لە مێژوو بگەڕێتەوە بۆنێو باوەشی سروشت. نموونەیەکی دیاری ئەوجۆرە ڕوانینە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، شیعری «شار»ی سوارە ئیلخانیزادەیە:

**شار**

**گوڵم!**
**دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ**
**دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**
**دەڵێم بەجامێ ئاوی کانیاوی**
**دێیەکەم**
**عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم،**
**لە دەردی ئینتیزارەکەت.**
**وەڕەز بوو گیانی من لە شار و**
**هاڕەهاڕی ئەو**
**لە ڕۆژی چڵکن و نەخۆش و تاو و**
**یاوی شەو.**
**دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**
**لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن**
**شەوارەکەت**
**بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو**
**بزەم**
**چلۆن بژیم لە شارەکەت**
**کە پڕبەدڵ دژی گزەم؟!**
**لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و**
**منارەیە**
**مەلی ئەوین غەوارەیە**
**دەڵێی لە دەوری دەست و پێم**
**ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە،**
**کەلەپچەیە**
**ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە**
**ئەوەی کە دارەتێلە، مەزهەری**
**قەنارەیە**
**لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە**
**کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند**
**وە تیشکی بێگوناهی خۆرەتاو**
**دەخاتە بەند**
**لە هەر شەقام و کووچەیەک**
**شەپۆڕی شینە**
**دێ بەرەو دڵم**
**دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە**

دەیگوشم
دەستی چێوییە
لە شارەکەت زەلیلە شێر،
باوی ڕێوییە
بە هەر نیگایەک و پەتایەکە
دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم:
گوڵم، هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن دەبێتە جاڕەگوڵ
لە شاری تۆ، لە بانی عەرشە
قۆندەرەی دڕاو
شارەکەت، ئاسکە جوانەکەم!
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت
هەراو
کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی
هەژار
گوێ دەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟
منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەر
دەوارەکەی عەشیرەتم
بە دارەتەرمی کووچەکانی
شارەکەت
ڕانەهاتووە لەشم
بناری پڕ بەهاری دێ
ڕەنگی سوور و شین دەدا
لە شیعر و عاتیفەی گەشم
دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم.
١٩٧٠


سوارە ئێلخانیزادە

لەبابەت ئەم شیعرە، عەتا قەرەداغی (١٩٦٤- )، نووسەر و توێژەر، لە وتاری «ڕەهەندی گەڕانەوە بۆ ئامێزی سروشت لە شیعری «شار»ی سوارەی ئێلخانیزادەدا» پێیوایە:

«جیهانبینیی دەقەکە جیهانبینیی قۆناغی ڕۆمانسییە و لەسەر یەکێک لە پرینسیپە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە بنیاد نراوە و بەرهەم هێنراوە کە بریتییە لە گەڕانەوەی مرۆڤی هەستیار لە زەمینەی سەخت و توندوتیژ و دیسپلینکراوی شار و سایەی سیستێمی سەرمایەداری و دەسەڵاتی چینی بۆرژواوە بۆنێو سروشت

و بۆ ئارامی و هێوریی سایەی سروشت. ئەوەش بە مەبەستی حەوانەوە و دوورکەوتنەوە لە فشارە خنکێنەرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی شار.»

هەر لەسەر ئەم شیعرە، مەسعوود بینەندە، نووسەر و ڕەخنەکار، لە وتاری «لێکدانەوەی ڕەوتی نوێی شیعری کوردی (شیعری نوێی کوردی و دژەقارەمانەکانی)»دا دەڵێت: «سووژەی شیعری «شار»ی سوارە، شۆڕشگێڕێکی بە ڕەچەڵەک گوندییە کە بەرگەی ناکۆکی و دژوازییەکانی خیابان و ئاپارتمان و کۆنکرێتی مرۆڤبردەی ئەوانە ناگرێت و هەوڵ ئەدات نامورادی و نامۆییەکانی شار نە لەڕێگای ئەزموونی شار و لە قووڵاییی ناکۆکییەکانیدا بەڵکوو لە دەسبەسەرداگرتنی شار لەڕێگای گوندەوە چارەسەر بکات». ڕای ئەم دوو توێژەرە سەلمێنەری ئەوەن شیعری «شار»ی سوارە لەهەمانکاتدا کە شیعرێکی مۆدێرنی کوردییە، پێداگری لەسەر گەڕانەوە بۆ ئامێزی ژیانی گوندی، کە پتر لە ژیانی شارنشینی لە سروشتەوە نێزیکە، دەکات. بە وتەیەکی دیکە، شار «هەرێمی زۆنگ و زەل»ە نەک «جاڕەگوڵ»، بۆیە شاعیر پشت دەکاتە سەختی و ناکۆکییەکانی شار و بەرەو ئارامی و گوڵستانی بێکێشەیی ژیانی گوندی دەڕوات.

بەڵام لە جەمسەری شۆڕشگێڕانەدا، شیعری مۆدێرن هەوڵدەدات جیهانی سروشتی و جیهانی مێژوویی بگرێتە خۆ و لەم ڕێگەیەوە گوتاری گۆڕانسازی خۆی بونیاد بنێت. ئەم جۆرە شیعرە پشت ناکاتە ئالنگاری و ناتەباییەکانی ژیانی ئاڵۆز و زۆرجار تاقەتپڕووکێنی شار، بەڵکو بەرەنگاریان دەبێتەوە و چارەنووسی خۆی، تراژیکیش بێت، لەنێو ڕەهەندە پڕپێچوپەناکانی شاردا دیاری دەدات. مرۆڤ لە ڕوانگەی شاعیرێک کە پێ لەسەر ڕەهەندی شۆڕشگێڕانەی دەقی خۆی دادەگرێت جەنگاوەرێکە پتر لەوەی پێویستی بە پشووی بەر «تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی

عەشیرەت» بێت، ئاتاجی خەباتە لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسی ژیانی خۆی و جیهانی دەورووبەری. ڕزگاریی مرۆڤ بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دژوازی و بۆشاییەکانی سیاچاڵەکانی مێژوو، نەک خۆخستنە ئامێزی بێکێشەی گوڵستانی سروشت.

لەم گۆشەنیگایەوە، زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم شیعری شۆڕشگێڕین و ئاوڕدانەوەن لە کێشە و سەختییەکانی مێژوو بەگشتی و مێژووی پڕ لە چەوسانەوەی گەلی کورد بەتایبەتی. ئەگەر مۆدێرنبوون، وەک چۆن پاز پێیوایە، توانستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەقیقەتی ڕووت و توانستی دۆزینەوەی هەقیقەتی نوێیە، ئەوە شیعری جەلالی میرزا کەریم یەک لە وێستگە دیارەکانی شیعری هاوچەرخی کوردییە چاو لە چاوی هەقیقەتە ڕووتەکان دەبڕێت و بەدوای هەقیقەتی نوێشدا دەگەڕێت. نموونەی هەرەدیاری تێکستی لەمجۆرەی جەلالی میرزا کەریم شیعری «ڕوانینەکانی چاوی شەقام»ە، کە لێرەدا سەرەتا دەقەکەی دەخەینە بەر چاوی خوێنەر و دواتر بەکورتی تیشکی دەخەینە سەر:

**ڕوانینەکانی چاوی شەقام**

**چاوی شەقام**
**هۆن هۆن نیگای ئاگری باڵی**
**کاروانمان**
**مەرگی بەهاری ئاسۆ دائەبارێنێ**
**هۆنراوەی زام ..**
**تاڵ تاڵ چڵی خوێنی وشەی**
**سەربڕاومان**
**لە ڕێژنە و تاوی هەناسەی ژاڵە و**
**بیدا دائەچێنێ ..**
**لێوی پەیام ..**
**گەلا گەلا تریفەی بزەی هاوارمان**
**بەناو ناخی ڕێگای قورپێوان و**
**شیندا ئەوەرێنێ ..**
**خۆری ئەنجام ..**
**تاڵ تاڵ ورشەی شنەی ئاڵی**
**هەنگاونانمان**
**بەناو سنگی تەمومژی قەڵای شەودا**
**ئەپرژێنێ ..**

شەقام: من کیشوەری زامم
زام: من شۆڕشی پەیامم
پەیام: من چەکی ئەنجامم
ئەنجام: من گۆرانی ناو سەنگەری
شۆڕشگێڕانی جیهانم .
من ڤێتنامم .
من پۆلیڤیام .
من سۆدانم .
من شۆڕشی کوردستانم.
* * *
(وێڵێکی ڕێ، ڕێبواری ڕێی
بێکۆتایی
پەیتا پەیتا
خەنجەری لە سێبەری باڵای تەمەنی
ستەمکاری
هەڵئەکێشا ...
دیواری خوێن خۆی لە فرمێسک
هەڵئەکێشا.
سەنگەری خەم چیای قورسی ڕێی
نۆ ساڵەی
تەنیا خواستێکی ئەکێشا.)
– گۆرانیی لەناو گەرووما
ئەخنکێنرێ
گۆرانیی لەناو سەنگەرا
ئەسووتێنرێ
کەچی هێشتا، هێشتا سەنگەر
نازانم بۆ، بۆ لە ئاگری ناو گەرووی
خۆی ناپرسێ؟
(ڕێی گەرداوی خوێنی هیوا
بەرەو ئاسمانی ئەودیوی مەبەست
ئەڕوا .
ئەفڕێ، ئەکشێ، تا چاو بڕکا ئەڕوا
ئەڕوا
ئا ئەو لەشەی بە باڵییەوە
هەڵئەواسرا
ئا ئەو زامەی بە ناوچەوانییەوە
ئەنرا
گەرووی تفەنگی پێشمەرگەی
ئەهێنایە سرووودی گڕ
چاوی تۆڵەی ناو سەنگەری
ئەهێنایە پەڵەی بارانی خوێنی خوڕ)
ـ کوا ڕەشەبای گڕپژێنی
ناو گەرداوی دڵی تۆڵە
کوانێ شنەی تەمڕەوێنی
باخی لێوی بیابانی سنگی ئەم وڵاتە
چۆڵە؟
(خۆر بۆ پەڵەهەورێ ئەگری
هەور بۆ باخ
باخ بۆ داربەڕوویەکی شاخ
داربەڕووش بۆ تەورێ ئەگرێ.)
ـ ڕێبوارێکم بۆ ڕێ ئەگریم
فرمێسکێکم بۆ زێ ئەگریم.

(ئاگر لەدوای ماندووبوونی
سووتاندنی خەرمانی
وشک، هەناسەی خەمی هەڵکێشا.
تۆڵە  بەناو گەرووی ڕقا وەک
توولەڕێیەکی خوێنین،
بەرەو دڵی وێرانەی سەنگەری
وشەی خۆر داکشا)
_ ئەنەرێنم-:
من ڕێبواری هیوایەکی
سەرهەڵگرتووم.
ئەچرپێنم-:
من ماچێکی بۆ لێو تینووم.
(ڕێگا دوورە
داستانی خەم کێوی گڕی سەرەو
ژوورە
ڕێ بۆ مەڵبەند  چلەی دۆزەخێکی
سوورە
شەپۆلی لێوی گۆرانی پرشنگی
خۆری خنکاوی
دەریای خوێنی بێسنوورە)
_ ئەڕۆم
لەناو شاری خەما زەنگی بزە
بۆ چرۆی گۆرانییەک ڕائەوەشێنم.
ئەڕۆم ..
لەناو گۆمی خوێنا چرای وشە
بۆ پشکۆی هۆنراوەیەک

دائەگیرسێنم
ئەڕۆم  ئەڕۆم
من بۆ ڕێگەی ئاگر سووتووم
ئەڕۆم  ئەڕۆم
من مەرگی پێشمەرگەی زیندووم
من گۆرانیی ئاسۆی چاوم
من ئازاری ئاڵای ناوم
من  هۆنراوەم،
بە بێ سەنگەر هەرگیز ناژی
من  سەنگەرم،
بە بێ دەفتەر هەرگیز ناژی
من  لە مەرگا
ناوی ژیان لە خۆم ئەنێم
من  لە دەنگا
شیعر بۆ چرپەی چاو ئەڵێم
من  لە تۆفی خوێن هەڵسانی ڕێگای
شارا
هەنگاو ئەنێم
من چارۆگەی کەشتی باخی
هەڵچوونی زێم.
(شۆڕەسواری
بۆ پرسیاری
تاوی ئەدا باڵی ڕۆژگار
ڕاوی ئەنا خەونی شەوگار
هەر یەک وەڵام  ئەبووە هاوار
ئەبووە سۆزی گەردووی قەتار)

**ـ من گەردنی ئاسۆی شاری پڕ**
**هەنسکی**
**خۆم ماچ ئەکەم**
**(بزەی نەرمی شەپۆلی دوو لێوی**
**وەلاّم**
**لەبەردەم دەرگای گریانا**
**ئەبووە ئەنجام**
**ئەبووە پەیام)**
**ـ من ڕەشماڵی خێڵی شۆڕش**
**لەناو شاری کۆچەرانا**
**لەناو وەرزی بیابانا**
**لەناو دڵتانا هەڵئەدەم.**
**(چاوی ژیان**
**دەرگای داستان**
**لە پرسیاری بالاّی لە خوێن**
**هەڵکێشراوی**
**شۆڕەسوارێک کرایەوە)**
**ـ ناوت نابەم**
**خۆت حەشاردە، دوژمنداریت**
**باست ناکەم**
**بریندارێت .**
**(ژانی زامی بێدەنگ نەبووی هێشتا**
**بەسوێ**
**چاوی ماڵی**
**نیگای کاڵی**
**پڕ کرد لە خوێ)**


**ـ من نەهاتووم ماچ کەن زامم**
**پەنای دەن نەڕەی پەیامم**
**من وا هاتووم**
**گەرووی وشکی چەکەکانتان**
**لە کارێزەی زامی قووڵما لە خوێن**
**تێر کەن**
**من وا هاتووم منالاّنتان**
**بە ئەلفوبێی شۆڕش فێر کەن.**

(دیوانی جەلالی میرزا کەریم، ل ٧-١٢)

گیانی شۆڕشگێڕانە لەم شیعرەدا شەپۆلان دەدات. ئاخێوەری ئەم شیعرە، کە نوێنەری دەنگی شاعیر خۆیەتی، ڕاستەوخۆ خۆی دەخاتە نێو دۆزەخی ناتەباییەکانی دونیای ڕاستەقینەوە و نەک هەر وەک کەتوار (واقیع) دانیان پێدا دەنێت، بەڵکو وەک بابەتێکیش بۆ بەرەنگاری باسیان دەکات. «مەرگی بەهاری ئاسۆ»، ڕێگای قوڕپێوان و شین»، «قەلاّی شەو» و، «کیشوەری زام» نموونەی ئەو دۆزەخەن شاعیر نیشتمانی ژێردەستەی خۆی پێ وێنا دەکات. بە تەعبیرێکی تر، دەتوانین بڵێین ئەم شیعرەی

جەلالـی میـرزا کەریـم جۆرێـک پەرچەکـرداری جوانیناسـانەیە لەهەمبـەر سـەرهەڵدانی ئـەو جیهانـە مۆدێرنـەی داگیرکاریـی جوگرافـی و سـتەمکاریی سیاسـی دوو لـە لێکەوتەکانیتی. ئـەوەی لەم شـیعرەدا شـاعیر بـە نوێنەرایەتیی دەنگی هەر شۆڕشـگێڕێکی ئاشـقی ئـازادی و نیشـتمان دەیگێڕێتـەوە باسـکردنە لـە دیـوی فریوکارنـەی ئـەم جیهانـە مۆدێرنـە. لـەم دەقـەدا، دەنگـی شـیعر و دەنگـی شـۆڕش پێکـەوە دژی نۆرمـە بـاوەکان ڕادەسـێن و فێـڵ و فریوی سـتەمکارانی ژیانی مۆدێرن لەهـەرا دەدەن:

**((وێڵێکی ڕێ، ڕێبواری ڕێی**
**بێکۆتایی**
**پەیتا پەیتا**
**خەنجەری لە سێبەری باڵای تەمەنی**
**ستەمکاری**
**هەڵئەکێشا ...**
**دیواری خوێن خۆی لە فرمێسک**
**هەڵئەکێشا.**
**سەنگەری خەم چیای قورسی ڕێی**
**نۆ ساڵەی**
**تەنیا خواستێکی ئەکێشا.))**


جەلالی میرزا کەریم

لـەم پـاژەی دەقـی شـیعری «ڕوانینەکانـی چـاوی شـەقام»دا، ئامـاژەی شـاعیر بـۆ «چیای قورسـی ڕێـی نـۆ سـاڵە» نیشـاندەری خەمـی قورسـی ئـەوە بـۆ خوێـن و خەباتـی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە باشـووری کوردسـتان، کـە دەیتوانـی دۆخـی سیاسـیی کـورد لـەم پارچەیـەی کوردسـتان وەربسـووڕێنێت. بـەڵام مەخابـن سـتەمکارانی دەسـەڵاتداری بەغدا دوای چـوار سـاڵ، بەڵێنەکانی خۆیـان لەمـەڕ داننـان بـە چـارەی خۆنووسـینی کـورد پێشـێل کـرد و جارێکـی دیکە دەسـتیان کردەوە بـە کوردکـوژی و داگیرکاریـی خاکـی کوردسـتان، وەک چـۆن جەلالـی

میـرزا کەریـم خـۆی لـە دواییـن پـاژی شـیعری «یـاد و یاقـووت و نەهەنـگ»(١) لەسـەروبەندی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠ ئـەم دۆخـەی پێشـبینی کردبـوو:

**ئەی کوردستانی پێشمەرگە**
**ڕاستە دڵی چیاکانت،**
**چاوی گەشی منداڵانت**
**ئەمساڵ پڕ شایی و ئاهەنگە،**
**بەڵام قسە، هێشتا ڕەنگە**
**خواست و مەرام**
**یاقووتێکی شەوچراخی**
**ناو گەرووی تاری نەهەنگە.**

(دیوانی جەلالی میرزا کەریم، ل ٦٨)

گوتاری باڵادەست لەم شیعرانە و زۆربـەی شیعرەکانی دیکەی جەلالی میرزا کەریـم نوێکردنـەوەی ڕوانینی مرۆڤـە بـۆ ژیـان. سەرکەشـبوونی شـیعری ئـەو لەسـۆنگەی ئەوەیـە توانسـتی هەسـتکردن بـە ئـازار و توانسـتی ناسـینی ژیانـی خۆمـان پـێ دەبەخشـێت. شـیعری ئـەم شـاعیرەی نیـوەی دووهەمـی سـەدەی بیسـتەم، کـە تێیـدا کـورد بـە دڕندانەتریـن شـێوە تەنیـا لەبـەر کوردبوونـی دەچەوسـێندرایەوە، لـە دۆخـی لەخۆنامۆبوونـی مێژوویـی ڕزگارمـان دەکات و بـەرەو ئاقـاری خودناسـی و لەوێـوە بـەرەو نوێکردنـەوەی ڕوانینمـان بـۆ ژیـان دەبـات: نوێکردنەوەیەکـی شـاعیرانە و شۆڕشـگێڕانە لەپێنـاو ژیانێکـی سەربەسـتانە و سـەربەرزانە:

**مێژووی ئێمە**
**نە بەهارە و نە زستانە**
**نە شادییە و نە گریانە.**
**مێژووی ئێمە**
**نە دوژمنناس و دۆستزانە**
**نە سەرکەوتنە و نووچدانە.**
**مێژووی ئێمە**
**تەرمێکی بێگۆڕستانە**
**ئایەتێکی بێقورئانە**
**بەڵێنێکی بێنیشانە.**
**مێژووی ئێمە**
**چەندین سەدەی فریودانە.**
**مێژووی ئێمە**
**هەر دۆڕانە.**
**مێژووی ئێمە**
**خەونێکی بێکوردستانە.**

(دیوانی جەلالی میرزا کەریـم، بەشـێک لـە شـیعری «سـەرەتای حەیرانـی

تەمەنمان»، ل ٢٥٥)

**پەراوێز:**

(١) جەلالی میرزا کەریم یەکەمجار ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٧١ لە ژمارە ١ی بڵاوکراوەی «ڕوانگە»دا بڵاو کردۆتەوە.

**سەرچاوەکان:**


١. میرزا کەریم، جەلال. (٢٠٢٣). دیوانی جەلالی میرزا کەریم. سوید: ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر.

٢. ئیلخانیزادە، سوارە. (٢٠٠٧). زەمزەمەی زوڵاڵ، سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارەی ئێلخانیزادە. کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٣. عەلی ئەحمەد، نەوزاد. (٢٠١١). ئالا. سلێمانی: ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

٤. بێرتێنز، هانز. (٢٠١٥). بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی. وەرگێر لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای سەردەم.

٥. سامی، شۆرش. (٢٠٠٨). جەلالی میرزا کەریم: دەنگێکی نوێخواز لەناو بێدەنگیدا. گۆڤاری ئاینده, ژمارە (٧٩)، ل: ١٩-٢٢. سلێمانی: دەزگای سەردەم.

٦. ماڵپەری https://dengekan.info/archives/٢٣٩٣٥

http://haje.ir/newsdetails.aspx?itemid= ٩١٤

٧. دومینگز مایکل، کریستوفر. (١٤٠٠). اکتاویو پاز در زمانەی خود. ترجمەی عاطفه طاهایی. تهران: نشر اختران.

٨. Eagleton, Terry. (١٩٩٦). Literary Theory, An Introduction. Great Britain: Blackwell Publishers Ltd.

٩. Kusch, Celena. (٢٠١٦). Literary Analysis, The Basics. London: Routledge.


**ئاماژە:**

ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبێکی تازەم لەسەر شاعیری نوێخوازی کورد، جەلالی میرزا کەریم، کە بەمزووانە لەلایەن ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ-ەوە دێتە وەشاندن.

عەبدولخالق یەعقووبی

هەموو کتێب

# ڤەگوهازتنا هزرا رزگارکەری د کورتە چیرۆکا کوردیدا

## ‹مەرەمیت› وەکو نموونە



پ. هـ د نفیسە اسماعیل حاجی

**پێشەکی**

ئەڤ بابەتە خواندن و دیڤچوونا چەوانییا ڤاگوهازتنا هزرا رزگارکەری د کورتە چیرۆکا کوردییا دەڤەرا بەهدینانێدا دکەت، چەوان شیاینە تێکستێن نوی ل سەر ئاڤا بکەن و چ جۆر وەرگرتینە و بۆ چ مەرەم بکارئینانینە؟ دبیت هەڤتێکستی ب تێگەهێ خوەیێ بەرفرەه ژ کەڤندا نە ب تنێ دئەدەبێ کوردیدا، بەلکو د کورتە چیرۆکێداژی هەبیت. بەلێ ب تێگەهێ تێکستی یێ جولیا کرستیڤایێ، ئانکو ڤەگوهازتنا تێکستێن هەیی یێن دەستپێکی ژبۆ ئەنجامدانا تێگەهێ بەرهەمئینانێ ستراتیجییەتەکا نویبوویە ل

دەڤ چیرۆکنڤیسێن دەڤەرێ کو بەری سەرهلدانێ ناهێتەدیتن. ئارگیومێنتا ڤێ ڤەکۆلینێ ئەوە کو چیرۆکنڤیسێن کورد رابووینە بڤەگوهازتن و دوبارە وێنەکرنا هەردوو ئەفسانەیێن لافاوێ/ توفانێ و رزگارکەری بۆ مەرەمێن نوی و شیاینە تێکستێن نوی بەرهەم بینن. بۆ بجهئینانا ئارمانجێن ڤێ ڤەکۆلینێ مە تێکستێکێ چیرۆکنڤیس یونس ئەحمەدی و ل دویڤ تێگەهێ جولیا کرستیڤایێ یێ دیالوگێ د ناڤبەرا تێکستاندا بۆ بەرهەمئینانا تێکستەک نوی ب رێکا کریارا ‹ڤەگوهازتنێ› وەرگرتییە و مە چەوانییا بەرجەستەکرنا ئەفسانێ شرۆڤەکریە. ئەڤ ڤەکۆلینە گەهشتیە چەند ئەنجامەکان ژوانژی ئەون کو ڤێ چیرۆکنڤیسی شیایە هزرا «رزکارکەر»ێ دوبارە وێنەبکەت و بڤەگوهێزت بۆ مەرەمێن نوی و ب ڤێ چەندێ تێکستێ بەرهەمئینای ئافراندینە. ئەڤ چەندەژی نە ب تنێ بۆ بەرهەمئینانا تێکستی ب فورمەکێ نوی بوویە، بەلکو هاریکار بوویە بۆ ئازراندنا پرسان ب رەنگەکێ نەراستەوخۆ، لەوما شیاییە ژبلی ب دەستڤەئینانا شێوازەکێ جوان د ئاڤاکرنا کورتە چیرۆکا خوەدا، شیاییە خوە ژ سانسورێن دینی جڤاکی دویربێخت.

### هەڤدەقی

هەر ژ سالا ١٩٩١ێ ستراتیجییەتا هەڤدەقیێ ب رێکێن هەمەجۆر د کورتە چیرۆکا کوردییا دەڤەرا بەهدینانێدا هاتیە بکارئینان. هەڤدەقی نە ب تنێ د مێژوویا زوییا ئەدەبێ کوردیدا دهێتە دیتن، بەلکو د کورتە چیرۆکا کوردییا دەڤەرا بەهدینانژیدا بەری ڤێ قوناغاژی. ئەوژی کو ئێک: هەڤدەقی دیاردەیەکا هەر هەییە د هەر دەقەکیدا، کو هەر دەقەک «وەکو دەقەکێ تێکەل دهێتە دانان، ئەوژی ب رەنکەک رێژەیی و ب شێوەیەکێ دیار یان ڤەشارتی دەقێن دی دناڤ خوەدا دحەوینیت» (بنێرە: Orr, ٢٠٠٣: ٣٣). دوو: د ئاستەکێ سادەدا، هەڤدەقی د وان

ئاماژەیێن راستەوخۆیێن بۆ دەقێن دی دناڤ دەقیدا دهێن، دهێتە دیتن. وەکو بەڵگە ل سەر بکارئینانا نڤیسەرێن کورد بۆ هەڤدەقییێ د قوناغێن دەستپێکیدا، حیکایەتێن فولکلوری و ئیپیک ژێدەر بوون بۆ ژمارەیەکا کارێن وان یێن ئەدەبی. نموونەیەکا گەلەک رون داستانا کوردییا بناڤودەنگ ‹مەم و زین› کو ژ چیرۆکا فولکلورییا ‹مەمێ ئالان› هاتیە وەرگرتن. بەلێ مەرەم ژ هەڤدەقییێ ل ڤێرێ بکارئینان و ڤەگوهازتنا دەقێن هەییێن ئەدەبی یان نە ئەدەبی بۆ ئاراستەیەکا نوی یان ئەوا کرستیڤا ب ڤەگوهازتنا/ transposition ناڤدکەت، کو ئاماژەیە بۆ بکارئینان ‹ دالێن/ ئاماژەیێن هەی بۆ مەرەمێن جودا» (Allen، ٢٠١١: ٥٢). ل دویڤ پێداچوون و دویڤچوونا من بۆ کۆمەلە کورتە چیرۆکێن بەری ١٩٩١ێ هاتینە بەلاڤکرن، دبت ئەڤ چۆرێ هەڤدەقییێ د کورتە چیرۆکا کوردییا دەڤەرا بەهدینان‌دا بەری ڤێ قوناغێ، ئانکو بەری ١٩٩١ێ نەهێتە دیتن.

د ڤێ بابەتیدا ئەم هەوڵددەن دا بزانن کا نڤیسەری چ ئەلەمنتێن هەڤدەقییێ هەلبژارتینە دا ژ دەقێن ئەسلی بمینن، و چەوان پاشی ڤەگوهازتینە و پێشێخستینە دا ببن دەقێ وی ب خوە و مەرەما وی ژ ڤێ چەندێ چ بوو. گریمانا مە یا سەرەکی ئەوە کو نڤیسەری هزرێن ئایینی یێن پێشوەخت هەیی دوبارە وێنەکرینە و بۆ مەرەمێن نوی ڤەگوهازتینە، وەکو رەخنەگرتنا ل جڤاکی، ب تایبەت هندەک تابوویێن وی و دابونەریتێن پاشکەفتی. ستراتیجییەتا هەڤدەقییێ شیان دایە نڤیسەری پرسان ب رەنگەک نە راستەوخۆ بئازرینت و دەقی وەکو بەرهەمهێنەر کو ب گەلەک رەنگان دهێتە راڤەکرن و تێگەهشتن پێشکێشبکەت. و ب ڤێ چەندێ شیان سانسوران دەربازبکەت. دەرئەنجام زێدەباری بجهئینانا داخوازیێن جوانکارییێ، شیان خوە ژ سانسورێن ئایینی ڤەدەت.

ژبۆ بدەستڤەئینانا ئارمانجێن ڤی بابەتی مە کورتە چیرۆکا

‹مەرەمیت› * (ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٦٩-٩٢) وەکو نموونە وەرگرتییە، کو ئەز تێدا دیاردکەم نڤیسەری هەڤدەقییا ئایینی ژبۆ پێشکێشکرنا هزرا رزگارکەری پەیڕەوکریە. چیرۆکنڤیس یونس ئەحمەدی گەلەک هزرێن ئایینی یێن پێشوەخت هەیی تێکداینە ژبۆ ئاڤاکرنا کورتە چیرۆکا خوە ‹مەرەمیت›ێ.

### هزرا رزگارکەری

هزرا رزگارکەری، یا کو د هێمایەکێ یان کەسەکیدا بەرجەستە دبت، کو دێ هێت، دا خەلکی ژ چەوساندنێ رزگار بکەت و بەرەڤ خوەشیێ ببەت، ژمارەیەکا نڤیسەرێن کورد وەکو یونس ئەحمەدی بۆ نویکرنا کورتە چیرۆکا کوردی ل بەهدینان پشتی ١٩٩١ێ پەیڕەوکریە. هزرا رزگارکەری د گەلەک جڤاکێن مرۆڤایرتیدا بەربەلاڤە، لەوما پشکەکە ژ میراتێ مرۆڤایەتییە. دبت ئەگەرێ ڤێ چەندێ ئەوبت کو ئەڤ هزرە د پترییا ئایینان‌دا هەیە. ئاماژە ل دور هەبوونا مەسیحی وەکو رزگارکەر د ئایینێ جوهیان‌دا هەنە، هەر وەکو د تێکستیدا هاتی: « وَلَكِنْ يُعْطِيكُمُ السَّيِّدُ نَفْسُهُ آيَةً: هَا الْعَذْرَاءُ تَحْبَلُ وَتَلِدُ ابْنًا وَتَدْعُو اسْمَهُ «عِمَّانُوئِيلَ» (Isaiah ٧: ١٤)». زێدەباری ڤێ چەندێ، مەسیحییەت هزرا عیسی وەکو رزگارکەرێ جیهانییە ب هێز پێشکێش دکەت، دبت گەلەک نموونە ل دور ڤێ چەندێ بهێنە دیتن، ژ وانژی: «فَسَتَلِدُ ابْنًا وَتَدْعُو اسْمَهُ يَسُوعَ. لأَنَّهُ يُخَلِّصُ شَعْبَهُ مِنْ خَطَايَاهُمْ» (Matthew ١: ٢١). ئەڤ هزرە نە ب تنێ د ئیسلامێدا کو ئایینێ کوردان یێ نوکەیە، بەلکو د زرادەشتییا کەڤنداژی هەبوویە. گەلەک د وێ باوەرییێدانە کو پێغەمبەر محەمەدی -سلاڤ لێ بن- مزگینییا هاتنا مەهدی وەکو رزگارکەرێ مرۆڤایەتییێ راگەهاند. عەباسییان د سیاسەتێدا مفا ژ ڤێ هزرێ وەرگرت، گەلەک ژ خەلیفەیێن وان ناسناڤێ ‹مەهدی› ل خوە کر (قیدارة، ١٤٣٣ هـ ص. ٥٤-٥٥). بەلێ د زرادەشتییێدا، کەسایەتییا ب ناڤێ «ساوشیانت» نوینەرایەتییا ئەفسانەیا رزگارکەری

دکـەت. ئەڤـێ باوەریـێ وەرارکـر هەتـا بوویـە پێشـبینی ب هاتنـا سـێ رزگارکـەران کـو ژ نـەژادێ پێغەمبـەری و ژ دایکـەکا کچ دبـن» (Boyce، ١٩٧٩، ص. ٧٤). کـورد وەکـو ملەتەکـێ توشـی بێدادییـێ و چەوساندنێ بووین باوەری ب ڤـێ ئافسـانەیێ هەیـە، هزرا رزگارکـەری جهەکـێ گرنـگ د سـەرهاتیێن وان یێـن ئەفسـانەیی و فلکلوریـدا هەیـە. بۆ نموونـە، ئەفسـانەیا ‹ئەژدەهـاک› یـان ‹زوحـاک›ی هەیـە (Ferdowsi، ٢٠٠٦، ص. ٩-٢٧)، ئـەوە چیـرۆکا د پشـت هەبوونـا جەژنـا نـەوروزێ کـو جەژنـەکا هەڤپشـکە د ناڤبـەرا کـوردان، فـارس و گەلـەک ملەتێـن دیدا. هەروەسـان گەلـەک حیکایەت د فلکلورێ کوردیدا ل دور کەسـایەتییا ‹میـرزا محەمـەدێ› رزگارکـەر هەنە، ژ وانـژی ‹میـرزا مامـەد›ە.

## مەرەمیـت: هەڤدەقییـا ئایینـی و هـزرا رزگارکـەری

ئارگیومێنتـا مـن د شـرۆڤەکرنا ڤـێ کورتـە چیرۆکێـدا ئـەوە کـو نڤیسـەری هەڤدەقییـا ئایینـی بـۆ پێشکێشـکرنا هـزرا رزگارکـەری بکارئینایـە. ئانکـو یونـس ئەحمـەدی گەلـەک ژ هـزر و دالێـن ئایینـی یێـن هەیـی شـێواندینە، دا ل گـەل ئارمانجێـن وی یێـن د تێکسـتێ ‹مەرەمیـت›دا بگونجـن. هەژییـە بێـژن، گەنگەشـە ب دەستنیشـانکرنا هـزر و تێکسـتێن دال یێـن هاتینـە ڤەگوهازتـن و بکارئینـان ناکـەت، چونکو ب دیتنـا مـن سـەرەدەریکرن ل گـەل وان دەمـێ د تێکسـتێدا خویـا دبـن کاریگەرتـرە و نـا هێلیـت دوبارەکـرن روی بـدەت.

## پوختـێ کورتـە چیـرۆکا ‹ مە ر ە میـت ›

د ڤـی تێکسـتیدا نڤیسـەر هـزرا رزگارکـەری د کەسـایەتییا نوژدارەکیدا کو هەوڵددەت خەلکی ژ مرن و نەخۆشـییێ رزگار بکـەت، بەرجەسـتە دکـەت. زێدەبـاری هەمـی ئاستەنگێن د رێکا ویدا، ململانێ د ناڤبەرا وی و لایەنێ دی ژ ویدا هەیە، تێکسـت ململانێیـا د ناڤبـەرا باشـی و خرابیـی د کەسـایەتییا نوژداریـدا وەکـو نموونـە بـۆ بارودوخـێ

جیهانێ ب گشتی پێشکێش دکەت هەر وەسان ململانییا د ناڤبەرا زانستی و ئایینیدا دئازرینیت.

## شرۆڤەکرنا کورتە چیرۆکێ

هەبوونا ململانێ هەر ژ دەستپێکا کورتە چیرۆکێ دهێتە تێبینیکرن. دەمێ نوژدار د تورمپێلا خوەدا بەرەڤ گازییا کەسەکێ نە ناسیار بۆ هاریکاریێ دچیت، ململانێ دەستپێدکەت. دەمێ هزرا هندێ دکەت کا پێدڤییە بەرسڤا ڤێ گازیێ بدەت و ب ئەرکێ خوە رابیت یان پشتگوهبێخیت، ململانێیا وی یا ناڤخۆیی دەستپێدکەت، کو دیارە دێ توشی گەلەک مەترسییان بیت. نڤیسەر ئێک ژ وان مەترسییان بۆ خواندەڤانی وێنە دکەت، ئەوژی کەش وهەوایەکێ باهوزییە، مەرەم ژێ پاشڤەبرنا نوژدارییە دا ئەرکێ خوە بجهنەئینت. ل گەل ڤێ چەندێ وەکو رزگارکەر سەرەدەریێ دکەت و بەردەوام دبیت، وەکو ژ نموونێ خویا دبت:

«چەوا هۆ ب ساناهی من خۆ سپارد و ئەز قایل بووم ل دویڤ تەلەفۆنەکا نەدیار بەرهڤ گوندەکێ نەنیاس بچم دا چارەسەریا نەخۆشەکێ نەپەنی بکەم؟! دڤیا ئەز ئەرکێ خۆ ب دلسۆزی ئەنجام بدەم، ژ بەر ئەرکێ ئان ژ نەچاری؟! ئەزێ وەسانم، هەر وەسا بووم، لەوما ئەز مرۆڤەکێ فاشلم» (ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٧١).

رزگارکەر د ڤی تێکستیدا مرۆڤەکێ ئاساییە، نەکو پێغەمبەرە یان خودان هێزەکا ژ رادێ بەدەرە. زێدەباری ڤێ چەندێ ئەو نوژدارە و هێزا وی د وی زانستێ بۆ چارەسەریێ بکاردئینیت دایە، ئانکو زانستی بۆ رزگارکرنا خەلکی بکاردئینیت.

یا هەژییە بێژین یونس ئەحمەد د تێکستێ خوەدا دوو جۆرێن ململانێ پێشکێشدکەت: یا ئێکێ ململانێیا باشی و خرابییا د ناخێ مرۆڤیدا و هەولا نەهێلانا لایەنێ خراب د ناخیدا ددەت. ململانەیا دووێ ئەوە یا د ناڤبەرا زانستی ب نوینەراتییا نوژداری و هێزا نەدیار یا د پشت سروشتیدا. ئەڤەنە یا کەسایەتییا نوژداری د کورتە

چیرۆکێدا توش دبیت، هەر وەکو دنموونەیا ل خوارێدا دیاردبیت:
«ئەگەر بەریکانا خۆ د گەل عەسمانی ب سەرکەفتنێ ب دووماهیک بینم دێ کارەکێ باش بیت. بەریکان؟! ناسناڤەکی د جهێ خودایە. تەمەنێ من هەمی بەریکانن، غاردان، چەرخڤەدان، خشاندن، قۆچانێ، هزاران جارا ئەز و عزرائیل چووینە بن کەفشێن ئێک و دوو دا خولی سەرەکی ژ مرنێ و ئێزایێ ڕزگارکەم» (ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٧٠-٧١).

د ئەرکێ ئێکێ یێ دکتوریدا، نڤیسەر دال و هزرێن هێمایی یێن پێشوەخت هەیی بۆ پێشکێشکرنا کەسایەتییا نوژداری د بارێ ململانێدا بکاردئینیت.

ئێک، دەمێ نوژدار د باهۆزەکا ب هێزدا دگەهیتە جهێ پێدڤی، دبینیت لافاوە و دڤیا رووباری دەرباز بکەت دا بگەهیتە ئەوێ ژنا داخوازا هاریکارییا وی کری دا زاروکێ وێ ژ دایک ببیت.

د دەمێ کریارا ژدایکبوونێدا بۆ نوژداری خویا دبیت، ئەو هێشتا کچە.
«ئەڤە چییە؟
- پسیارە ؟
- تو کچی؟
- دورستە» (ئەحمەد، ٢٠٠٤، ص ٧٤).

ژ ڤێ چەندێ دیاردبیت کو ئاماژەیە بۆ دایکا کچ، یا ناسیارە کو د ئایینێ مەسیحیدا ئەو باوەرییە هەیە دایکا عیسا پێغەمبەری کچ بوو و وی خوە بۆ خزمەت و رزگارکرنا مرۆڤایەتییێ تەرخانکر. هەروەسان تێگەهێ دایکا کچ نە ب تنێ ل دەڤ کرستیانان هەیە، بەلکو د زرادەشتییژیدا هەبوو، ئەوان باوەرییا هاتنا سێ رزگارکەران هەبوو کو دێ «هەر ئێک ژ وان ژ دایکەکا کچ یا ژ توڤێ پیغەمبەری ئەوێ د دەریاچێدا یا کچ تێدا سەرێ خوە دشون پارازتی، ب دووگیان کەتی، ژدایک بن» (Beaver و هندەکێن دی، ١٩٨٢، ص. ٨٥).

ل دویف ڤێ باوەریێ دێ ساوشیانت ل داوییا ژیانێ هێت دا نوی بکەت و هەمی خرابیێن

ئەهریمەنی نەهێلیت، دێ ژیان دوبارە دەستپێ کەتەڤە و گیان بۆ لەشان زڤرنەڤە (Cotterell ، ١٩٨٦، ص. ٤٤).

دیارە نڤیسەری ئەڤ هزرە ژ زرادەشتییێ پتر ژ مەسیحییەتێ وەرگرتییە، گەلەک ئاماژە د کورتە چیرۆکێدا هەنە ڤێ چەندێ دوپات دکەن.

ئێک، هەر چەندە کورتە چیرۆک ململانێیا د ناڤبەرا زانستی و میتافیزیکیدا پێشکێش دکەت، بەلێ ململانێیا ب هێزا پێشکێشدکەت ئەوە یا دناڤبەرا باشی و خرابیێدا کو تێگەهەکێ بنەرەتییە د زرادەشتییێدا. جوداهییا ڤێ ل گەل یا د تێکستێدا هاتی ئەوە ململانێیا خرابی و باشییێ د هەمان ناخدا پێشکێش دکەت. دیسان، هەروەکو د زرادەشتییێدا، نوژدار وەکو هێمایێ باشییێ ل داویێ –هەر وەکو دێ د شرۆڤەکرنێدا خویا بیت- ل گەل لایەنێ خوە یێ تاری دبن یەک.

هزرا دوویێ یا یونس ئەحمەدی د تێکستێدا خوەدا ڤەگوهازتی هزرا رزگارکەر و قوربانیدانێ یە.

پشتی ژدایکبوونا زاروکی، دایک وەکو قوربان پێشکێشا لافاوا روبیاری دکەت، دا نوژداری رزگار بکەت. پێچوانەی سەرهاتیا ئایینی، رزگارکەر ل ڤێرێ نە زاروکێ ژدایکبوویییە، هەر چەندە ئەو رولەکێ گرنگ دگێریت –نوژدار نەشێت بەردەوامییێ بدەتە کارێ خوە بێ قوربانییا زاروکی- بەلکو نوژدار رولێ رزگارکەری دگێریت.

«کچکێ زارۆکێ قت و رویس ل سەر هەر دوو لەپێن خۆ رازاند و هێدی. . هێدی بلندکر تا گەهشتیە راستا ئەنیا وێ. و دوو سێ جارا راست و چەپ ئینا و بر هەچکو نیشا ئاڤێ ددا و ژ نشکەکێ ڤە و ب بزڤینەکا نە ل هزرێ راهاڤێتە د جەرگێ لێڤانێ دا و ما ل جهێ خۆ قەسەلگرتی. مەژیێ دوختوری تووشی هنگافتنێ بوو و ب توندی لێ خوری .

– ئەڤە تە چ کر؟

چاڤێن وێ ب ئاڤێ ڤە بەستین، دوختوری دوپاتکر .

– ئەڤە تاوانە

کچکێ چاڤێن خۆ ژ ئاڤێ

ڤەکێشـان و ئاوریيـەک دایـێ و ب تەناهـی و سـادەیی بەرسـڤ دا
- من کرە قوربان.
- تە خۆ تاوانبارکر.
- دا تـو دەربازببـی» (ئەحمـەد، ٢٠٠٤، ص ٧٥-٧٦).

باهـوز و لافـاو دبیـت ئامـاژە بـن بـۆ خرابییـێ، د وێنەیـێ ژناڤچـوون و شـەریدا دبنـە ئاسـتەنگ د رێکا باشـییێدا. دەرئەنجـام باشـییێ پێدڤـی ب قوربانیدانـان هەیـە دا بەرسینگێ خرابییێ بگریت و بشێت بەردەوامبیـت. هاڤێتنـا زاروکـی د لافاوا رویباریدا وەکو هێما بۆ ڤان قوربانیدانـان خویـا دبیـت. پشـتی پێشکێشـکرنا قوربانـی، ئاسـتێ ئاڤـێ د رویباریـدا کێـم دبیـت، ب ڤـێ چەنـدێ نـوژدار هـەولا دەربازکرنـا رویبـاری ددەت. وەکـو ژ تێکسـتی دیـار دبـت:

«ئاڤـێ پـر کراندبـوو. پـرچ ژێ نەمابـوو ژ بلـی شـوینوارەکی زراڤ وەکی داڤـەکا دەزی هـەردوو ڕەخێن ڕوبیـاری
.پێک ڤە گرێدابوون.
- نازڤـرم و دێ دەربـاز بـم» (ئەحمـەد، ٢٠٠٤، ص ٧٦).

ئـەڤ نموونەیـا ل سـەری یـا دەربـارەی پـرا تەنـگ هـزرا سـیبێیە یـا نڤیسـەر بـۆ نواندنـا دەلالەتـا ئایینـی بکاردئینیـت. سـالوخدانا نڤیسـەری بـۆ پـرا بەرتەنـگ یـا دڤیـا نـوژدار پشـتی لافـاوێ ل سـەر دەربـاز ببیـت دا بەردەوامیـێ بدەتـە کارێ خـوە، دبیـت بهێتـە لێکچوانـدن ب پـرا ‹جینـوت›ێ د ئایینـێ زرادەشـتیدا، ئـەوا گرێدای چارەنڤیسـی و دڤیـا هـەر کەسـەک تـوش ببیـت. کەسـێن پـاک و بـاش ب سـاناهی پـرێ دەربـاز دکـەن و دکەهنـە لایێ دی کو بەهشـتە. بەلێ یـێ خرابیێـن وی ژ باشـییان پتربـن نەشـێت پـرا جینوتـێ دەربـاز بکـەت و دێ کەڤیتـە خـوار کـو جەهنەمـە (Beaver وهندەکێن دی، ١٩٨٢، ص. ٨٦).

ب ڤـێ چەنـدێ دەمـێ نـوژدار پـرێ دەربـاز دکـەت، ئانکـو لایەنـێ باشـییێ د ناخـێ ویـدا ب سـەر لایەنـێ خرابیـێ دکەڤیـت و ئەڤەیـە وەلـێ دکـەت د کارێ خـوەدا بـۆ خزمەتـا خەلکـی بـەردەوام بیـت و

وان رزگاربکەت.
هێمایەکێ دی یێ ئاییینی نڤیسەری بکارئینایە، ئەوژی هاتنا نەهنگییە. دەمێ نوژدار ل سەر پرێ دەرباز دبیت، گەلەک هشیارانە پێنگاڤێن خوە دهاڤێت، دا هەڤسەنگییێ بپارێزت. دەمێ بەرێ خوە ددەتە بەرفرەهییا رووباری وڤالاهییا بێ دوماهییا ئاسمانی، هەست ب ترسەکا مەزن دکەت. دزانیت کو رووبار بەرفرەە و کویرە و ئاسمان ڤالا و بێ دەنگە. دەمێ دگەهیتە نیڤا پرێ دەنگەک گەلەک ب هێز ژ ئاڤێ دهێت، نەهنگەک راستەوخۆ ل بن پێن وی سەرێ خوە ژ ئاڤێ دەردئێخیت. ل خوارێ دیالوگا د ناڤبەرا نوژداری و نەهنگیدایە:
«پاشڤە ناچم .
– من ژڤانە د گەل تە.
– بۆ ئەرکەکی دێ چم ترانێت تە سعیدێن من ناشکێنن.
– تو نەزانی [نزانی]. ئەڤە چەند چەرخ و فەلەک زڤرین و ئەزێ ل هیڤیا تە.
– مەرەم؟
ئەزێ هنارتیمە دا تە د هناڤێن خۆ دا ڤەشێرم .
-. مرنە
– تە ب پارێزم،
– ژ چ؟
– ژ تە .
پێدڤییە ئەرکێ خۆ بدووماهیک بینم .
– من فەرمان هەیە تە داعویرم و ڤەشێرم.
– من فەرمان دایە خۆ ئەرکێ خۆ بدووماهیک بینم. پێگیری کاکلا هەبوونێیە.
– بێ عاقلییە.
– رەڤین مرنە» (ئەحمەد، ٢٠٠٤، ص ٧٧).
پەیدابوونا نەهەنگی و هەولدانا وی بۆ ڤەشارتنا نوژداری د زکێ خوەدا دبت ل دویڤ چیرۆکا یونس پێغەمبەری وەکو د قورئانا پیرۆز و پەرتووکا پیرۆزدا هاتی بهێتە شرۆڤەکرن. دەمێ خودێ داخواز ژێ کری بچیتە باژێرێ ‹نەینەوا› دا بەرێ خەلکی بدەتە خێرێ، بەلێ ئەوی ئەرکێ خوە ب جە هێلا. ب ڤێ چەندێ خودێ سزا دا و فەرمان دا نەهنگەکێ

هەولاتیمە کتێب

ب هێزئـەوی داعویـرت و بـۆ سـێ رۆژان د زکـێ خـوەدا بهێلـت (Jonah ١: ١– ١٧). ئـەڤ چیرۆکـە نێزیکا چیـرۆکا یونـس پێغەمبەرییـە ئـەوا د قورئانـا پیـرۆزدا، د سـورەتا ‹الصافـات›دا، خـودێ هنارتـە نەینـەوا دا بـەرێ خەلکـێ بدەتـە توبێ و باشـیێ، بەلـێ دەمـێ خەلکی پشـتا خـوە داییـێ، ئـەوی باژێـر ب جهێلا و ئەرکـێ خـوە هێلا، ژ بـەر ڤـێ چەنـدێ خـودێ سـزا دا. ئـەوی د زکـێ حوتیـدا هەسـت ب خەلەتییا خوەکر، لاڤ لاڤ ژ خودێ کر لـێ ببـورت (al-Qur'n ٣٧: ١٣٩–١٤٨, ١٩٩٤, p. ٣٨٣).

بەلـێ پێچەوانـەی جێـرۆکا ئایینـی ، نەهنـگ د چیـرۆکا ئەحمەدیـدا هەولـددەت نـوژداری قایـل بکـەت ئەرکـێ خـوە بهێلـت و بـەردەوام نەبـت. دبـت راڤەکرنـا ڤـێ چەنـدێ ئـەو بت کـو دەربڕینـێ ژ ململانێیا د ناڤبـەرا زانسـتی و ئاییینیـدا دکـت، سـەرکەڤتنا نوژداری ل سـەر هەمـی ئاسـتەنگان و دەربازبـوون پـرێ و بەردەوامبـوون د ئەرکـێ خـوەدا هێمـا و ئاماژەیـە بـۆ سـەرکەفتنا زانسـتی ل سـەر ئایینـی.

د ئەرکـێ دوێدا ململانـێ ل دەڤ نـوژداری بـەردەوام دبـت. ل لایـێ دی یـێ پـرێ زەلامـەک ل گـەل هەسـپەکی ل هیڤییـە دا بـەرەڤ ئەرکەکێ نوی بچن. ل گەل بورینا دەمـی خواندەڤـان ل گـەل نـوژداری چیرۆکا ڤی زەلامی دزانن، ناڤێ وی حەجـی دینویـە، ل داوییـا تێکسـتی خویـا دبت کو ئـەڤ کەسـە نەسـتێ نوژدارییـە و دبتـە رێنیشـاندەرێ وی.

نـوژدار و حەجـی دینـو دگەهنـە کاروانەکـی جەنازەکـێ بـەرەڤ گوڕسـتانێ دبـن. دەمـی هەمـی ل هیڤیـا ب داوی ئینانا کولانا گوڕێ، نـوژدار دبێژیتـە حەجـی دینـوی کـو دڤێت چاڤنێڕینەکێ ل مری بکەت، دا بزانیت کا دورسـتی مرییـە یـان نـە. ل دەسـتپێکێ حەجـی دینـۆ دبێژیتـێ دەنگـێ خـوە نـزم بکـە دا کەسـێ هـاش تـە نەبت، چونکو ئـەوا دبێژت نـە بەرعاقلـە، بەلـێ نوژدار ئیلحاحـێ دکت، ب ڤـێ چەندێ حەجی نەچار دبـت و داخـوازێ ژ خەلکـی دکـت دەرفەتـێ بدەنـە نـوژداری دا مـری

فەحس بکت. خەلک ڤێ چەندێ رەد دکن چونکو بێ رێزییە ل مرنێ و ژ ئالییێ ئایینیڤەژی کافربوونە. بەلێ هەڤژینا کەسێ مری داخوازی ژ خەلکی دکت دەرفەتێ بدنە نوژداری بەرێ خوە بدتە هەڤژینێ وێ، دەمێ نوژدار ب ڤێ چەندێ رادبت، بۆ وی خویا دبت کو هەڤژینێ وێ هێشتا یێ ساخە.

ئەڤەژی دبت وەکو هێما بۆ سەرکەفتنا زانستی ل سەر ئایینی بهێتە شرۆڤەکرن.

ململانێ د ناڤبەرا نوژداری و نەستێ ویدا بەردەوام دبت. ئەڤەژی ژ دانوستاندنا وی ل گەل حەجی دینۆی –کو نەستێ وییە یان ئالیێ وی یێ دییە– خویا دبت، دەمێ شەر و ململانێ د ناڤبەرا دوو هوزاندا پەیدا دبت، نوژدار بلەز هەولا هاریکارییا خەلکی ددت. وەکو ژ نموونەیا ل خوارێ دیار دبت:

– «چ قەومیە؟

– لێک کەتن.

– کی؟

– هەر دوو ئویجاخ.

– ژ بەر چ؟

– پێدڤییە هندەک بهێنە کوشتن دا هندەک مەزن بین.

– نوکە بریندار هەنە.

– کرمێ تە لێ دا ؟

– ئەز دێ چم

– دێ ئاگری ڤەمرینی؟!

– ئەرکێ من ئەوە چ جهێ مرۆڤەکێ تەنگاڤ لێ هەبیت ئەز بچم هاوارا وی.

– کەسێ هاوارا خۆ نەگەهاندیە تە.

– نە مەرجە.

– کەس ژ هەر دوو جوینا تە ناسناکت.

– پێدڤی نینە .

– تو هەر دێ مینی فاشل.

– چەنتا خۆ راکر و دا رێ» (ئەحمەد، ٢٠٠٤، ص ٩٠-٩١).

دەمێ د بەردەوامییا شەریدا نوژدار هاریکارییا خەلکی دکت، چونکو نەبەرنیاسە دبتە ئارمانجا چەکێ وان و د ئەنجامدا بریندار دبت. ل ڤێرێ بۆ خواندەڤانی خویا دبیت کو ئەو و حەجی دینۆ دوو

لایەنێن ئێک کەسینە، چونکو ئەو برینێن ل لەسێ نوژداری ل لەشی حەجی دینویژی پەیدا دبن.

«گوللا لەشێ وی هنگافت، کەت و ڕابوو، لەشێ وی سست و خاڤ بوو، چانتە ژ دەستێ خۆ بەرنەدا.

هەلامەتەک ژ بن تراشا دیاربوو و قەستا وی کر، گاڤا نێزیکی وی بووی دەملدەست نیاسی .

– حەجی دینۆ؟

– بەلێ ئەزم. ئەڤە چ ل تە هات لەشێ تە بوویە سەراد.

– تو ژی دناڤ خوینا خۆ یێ گەڤزی.

– چ گوللە ب تە دکەت هەر وەسا ب من دکەت.

– خۆ قورتال کە.

– ژ کێ؟

– ژ خۆ.

– کەتە سەر سینگێ وی ملێ خۆ دا ملێ وی چانتا د دەستی دا و ژ ناڤ میهرەجانا گوللە بارانکرنێ دەرباز بوون» (ئەحمەد، ٢٠٠٤، ص ٩٢).

ل داوییێ بۆ خواندەڤانی خویا دبت کو یونس ئەحمەدی نموونەیەک نوی ژ رزگارکەری پێشکێشکریە، بەردەوام ل گەل لایەنێ خوە یێ خراب یێ هەوڵددت وی پاشڤە ببت د ململانێدایە. دیسان ململانێیا وی ل گەل یێن دی و سروشتی و هێزا د پشترا و ل گەل ئایینی بەردەوامە. یونسی شییایە ئەڤێ چەندە ب رێکا ڤەژیاندن و بکارئینانا چەند هێما و چیرۆک و دالێن ئایینی یێن هەیی ئەنجامبدت.

* مەرەمیت خوارنەکا کوردەوارییە ژ کەزوانان دهێتە دورستکرن کو دهێنە هێران و پاشی دناڤ مورەبا تری یان هنگڤینی ڤەددەن. د وەختیدا بۆ تێشتێ دخوارن، بەلێ دبیت د هەر دەمەکێ رۆژێدا بهێتە خوارن. د پشکا ئێکێدا ژ ڤی تەوەری کورتە چیرۆکا سەرهاتیەکا باژێرێ ژبیرکری هاتیە شرۆڤەکرن.

* ژ نامەیا دکتورایێ وەرگرتییە

## ليستا ژێدەران

.Intertextuality (٢٠١١) .Allen, G-
٢nd edn. London and New York:
.Routledge

A (١٩٩٤) al-Qur'n-
Contemporary Translation
٩th paperback .by Ahmed Ali
printing, Princeton, New Jersey:
;١ :٨ ,Princeton University Press
,١٤٨-١٣٩ :٣٧ ;٢٥-٢٣ :١٢ ;٤٨-٢٥ :١١
.٢٠٠١

Zoroastrians: (١٩٧٩) .Boyce, M-
Their Religious Beliefs and
Practices. London, Boston,
Melbourne and Henley:
Routledge and Kegan Paul.

(١٩٨٢) (.-Beaver, R. P. et al. (eds
The World's Religions. Tring:
.Lion Publishing

A Dictionary (١٩٨٦) .Cotterell, A-
of World Mythology. New Edition.
Oxford and Melbourne: Oxford
University Press

(٢٠٠٦) .Ferdowsi, A. Q-
Shahnameh: The Persian Book
of Kings. Translated by Dick
Davis. USA: Viking Penguin.

Authorized Version ,١٤ :٧ -Isaiah
.of the Bible

,١٢ -١١ ,٧ ,١ :٣٩ ;٩ -٦ Genesis-
.Authorized Version of the Bible

Authorized ,١٧ -١ :١ Jonah-
.Version of the Bible

Authorized ,٢١ :١ Matthew-
.Version of the Bible

Intertextuality: (٢٠٠٣) .Orr, M-
Debates and Context.
.Cambridge: Polity

ئەحمەد، ی (٢٠٠٤) لێ لێ وەسو،
دهوک: چاپخانا زانا. -

-قيدارة، ا. ب. ع (١٤٣٣هـ.) النظرية
المهدوية في فلسفة التاريخ. ايران
و العراق: مركز الابحاث العقائدية
(اونلاين). موجود على:
https://www.mahdi-lib.com/
D٪/٠٩/٢٠٢٢/wp-content/uploads
٪D٨٪B٨٪D٨٪٨٦٪D٩٪٨٤٪D٩٪A٧٪٨
٪D٩٪A٧٪D٨٪-A٩٪٨A٪D٨٪D٩٪B١
٨٨٪AF٪D٩٪D٨٪٨٧٪D٩٪٨٥٪D٩٪٨٤
٨A-٪D٩٪٨١٪D٩٪-A٩٪٨A٪D٨٪D٩٪
-A٩٪D٨٪٨١٪D٩٪B٣٪D٨٪٨٤٪D٩٪٨١٪٪D٩
B١٪D٨٪A٧٪AA٪D٨٪D٨٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪
pdf.- _AE٪٨A٪D٨٪D٩٪

# کورتە چیرۆکی (جەنابی بەڕێوەبەری گشتی)ی (حەسەن جاف) لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی مێژووییەوە



د. ڕێبین خەلیل قادر

**پێشەکی:**


میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی کۆنترین و بڵاوترینی میتۆدە ڕەخنەییەکان لەنێو توێژینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا. میتۆدێکە سوود لەو ڕەگەز و توخم و یاسا و زانیارییانە وەردەگرێت کە لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهێنانی دەقی ئەدەبیدا هەیە، بۆیە ئەم میتۆدە بایەخێکی زۆر بە کەسێتی نووسەر و نەژاد و ژیان و ئەو سەردەم و ژینگە و دەوروبەرەی کە تێیدا ژیاوە و بەرهەمە ئەدەبییەکەی تێدا بەرهەم هاتووە دەدات. لە هەمانکاتیشدا ئەمانە دەکاتە پێوەر و هۆکارێک بۆ

ڕاڤەکردنی مەبەست و ناوەرۆکی دەقەکە و زۆربەی ئەو نهێنییانەی دەوری بەرهەمە ئەدەبییەکەیان داوە. ئەم توێژینەوەیە بەناوی کورتە چیرۆکی (جەنابی بەڕێوەبەری گشتی)ی (حەسەن جاف) لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی مێژووییەوە، هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردن و توێژینەوەی ئەم کورتە چیرۆکە لەژێر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی بە گشتی و تیۆری (هیپۆلیت تین) بەتایبەتی.

## بەشی یەکەم: میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی:

### تەوەرەی یەکەم: میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی (چەمک و ناساندن):

میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی: ئەو میتۆدە ڕەخنەییەیە کە ژیانی نووسەر و دەقنووس یان سەردەم و ژینگەی داهێنان و سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبی دەکات بە وەسیلە و هۆکارێک بۆ توێژینەوە و ڕاڤەکردنی دەق و خستنەڕووی نهێنی و شاراوەکانی دەق و ئەو ئاماژە و دەلالەتە شاراوانەی دەقەکە هەڵیگرتووە. بۆیە میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە لە دەرەوەی خودی دەقی ئەدەبییەوە لەسەر دەقەکە کۆیان دەکاتەوە و هەوڵدەدات بەهۆیانەوە زۆر نهێنی و سەرەداوی ونبووی دەقە ئەدەبییەکە بدۆزێتەوە. بۆیە ئەم میتۆدە یەکێکە لەو میتۆدە ڕەخنەییانەی کە لە دەرەوەی دەقی ئەدەبی لە دەقەکە دەکۆڵێتەوە، بێ ئەوەی بۆ خودی دەقی ئەدەبی و بونیادی هونەری و ئیستاتیکی دەقەکە بگەڕێتەوە و بەنێو هەناوی دەق و ئەودیو زمانی دەقەکەدا شۆڕببێتەوە، چونکە ئەم میتۆدە پشت بە کۆمەڵێک بنەما و ڕەگەز و لایەنی دەرەکی دەق و هۆکار دەبەستێت، کە لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە کاریگەری دەخەنە سەر داهێنانی دەق و کۆنترۆڵی دەق دەکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە لایەنی هونەری بەیەکجاری فەرامۆش بکرێت، . دەکرێت


حەسەن جاف

هۆکارە دەرەکییەکان و ئەو رەگەزانەی لە دەرەوەی دەقەوە ڕۆڵ لە بونیاد و واتای دەقدا دەبینن، بکرێنە پێوەری ڕاڤەکردن و توێژینەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و لەم میتۆدەدا، بۆ نموونە دەکرێت سوود لەو پێوەندییە فراوانەی لە نێوان مێژوو و ئەدەبدا هەیە، ببینین، ئەویش لە چەند ڕوویەکەوە بۆ خزمەتکردنی توێژینەوەی دەقی ئەدەبی و ڕاڤەکردنی، لەمانەش:

زانینی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب و لێکدانەوە و شیکردنەوەی زۆرێک لە بابەت و خەسڵەت و سیماکانی و ئەو ئاراستە ئەدەبی و هونەرییە گشتیانەش کە ئەدەب دەرژێتە ناویەوە و ئەدیب و نووسەرەکان دەیگرنەبەر. هەروەها ئەو پێوەندییەی نێوان مێژوو و ئەدەب، توێژینەوەی مێژوویی ئەو دەقە ئەدەبییانەمان بۆ ڕووندەکەنەوە کە لە سەردەمێکدا نووسراون، ئەویش لە ژێر ڕۆشنایی ڕووداوە سیاسییەکان و ئایینییەکان و ئاکارییەکان یان ئابوورییەکان، ئەم بەرهەم و دەقە ئەدەبییانە لە بابەت و شێوازیاندا بریتین لە تێڕوانینی خاوەنەکانیان کە بەرهەمی ئەو ژینگە و دەوروبەرەیە کە تێیدا

لەدایکبوون. جگە لەمانەش ئێمە لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی ئەدیبەکان و بیر و خەیاڵکردنیان و پەیوەستکردنیان بە سەردەمەکانیانەوە دەبێت تێبینی ئەو زانیاری و ڕێبازە سیاسی و زانستی فەلسەفی و پێوەرە ڕەخنەیی و ئاکارییانە بکەین کە لەو سەردەمانەدا باوبوون و شاعیران و نووسەران پەیرەویان دەکرد یان دژی بوون، چونکە بەرهەمە ئەدەبییەکان بە شێوازی ئەرێنی بێت یان نەرێنی بێت ملکەچی ئەمانەن (الشایب، ١٩٧٣، ٩٥-٩٦).

ئەو پێوەندییە بەتینەی کە لەنێوان (مێژوو و ئەدەب) لە لایەک و (مێژوو و ڕەخنە) لە لایەکی تردا هەیە، سەرچاوەی ڕوونکردنەوەی زۆر نهێنی شاراوەی تایبەت بە دەق و داهێنەری دەقەکەیە، چونکە ((مێژوو لای ڕەخنەگر وەسیلەیەکە بۆ ڕەخنە، بێگومان ڕەخنەکەشی مێژووییە لە سنووری ئەم بازنەیەدا)) (حسن، ١٩٩٦، ٦٤). بۆیە لێرەدا مێژوو دەخرێتە خزمەتی توێژینەوەی ئەدەبی و بۆ سەلماندن و توێژینەوە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئاماژە نەگوتراو و شاراوەکانی دەقەکە سوودی لێوەردەگیرێت و مێژوو دەبێتە هۆکار و وەسیلە و دەقی ئەدەبیش دەبێتە ئامانج بۆ پرۆسە ڕەخنەییەکە. دەشێ ڕەخنەگر لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە بۆ دەقەکە بچێت، بەڵام ئەوکات لە خوودی دەقەکەوە لە دەقەکە ناکۆڵێتەوە، بەڵکو بەگوێرەی ئەو زانیارییە دەرەکییانەی کە لە کات و سەردەم و ژینگە و ڕێباز و بنەمای فەلسەفی و باردۆخی ئەوسای هاتنەکایەی دەقەکەوە لێیدەکۆڵێتەوە. ڕەخنەگری سەر بەم مێتۆدە لەکاتی توێژینەوە لە نووسەر و دەقدا ڕەچاوی هەندێک لایەن دەکات، کە ڕێگا لەبەردەم ڕەخنەگرەکە ڕۆشن دەکەنەوە ((ڕەخنەگر پێوەندی خۆی بەو دەقە ئەدەبییەوە دیاری دەکات کە بە شێوەیەکی تایبەت گرنگی

هەولێرنامەی کتێب

پێدەدات و پشت بە مێژوو و کاریگەرییەکانی دەق دەبەستێت، مێژوو دەخاتە خزمەتی دەقی ئەدەبییەوە نەک بە پێچەوانەوە. رەخنەگر لە توێژینەوەی دەقدا دیاردەکان بەدرێژایی سەردەمە یەک بەدوای یەکەکان لە دەقدا دادەماڵێت و لە توێژینەوەشدا پشت بەو بەڵگەنامانە دەبەستێت کە لەبەردەستیدان. هەروەها لە سنووری سەردەمی دەقەکە ڕەخنە لە دەقەکە دەگرێت بۆ ئاشکراکردنی ڕەهەندەکانی دەق، نەک ئەوەی کە ڕەخنەگرەکە چێژی سەردەمی خۆی بۆ بەکاربهێنێت، بەڵکو دەتوانێت پشت بەو شتانە ببەستێت کە دەقەکە پێمانی دەدات بۆ ئاشکراکردنی ڕەهەندەکانی دەق و تەم و مژییەکانی)) (الطالب، ١٩٩٣، ٨٢). ئەگەر ڕەخنەگر ڕەچاوی چێژ و لایەنەکانی تری سەردەمی سەرهەڵدانی دەقەکە نەکات، ئەوا دەکەوێتە هەڵەوە و لەوانەیە بە هەڵەشەیی بڕیار لەسەر دەقەکە بدات و نەتوانێت بە ئاسانی دەقەکە ڕوون بکاتەوە، بۆیە دەبێت ((توێژەری ئەدەبی کاتێک لەنێو قوڵایی سەردەمێکدا مەلە دەکات، دەبێت ئەو سەردەمەی خۆی کە تێیدا دەژیت لە بیر بکات و لێی دابڕێت، چونکە ئەوەی کە لێی داوا کراوە بریتییە لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ڕابردوو و سەرلەنوێ گەڕاندنەوەی وێنەی ئەوکاتەی دەقەکە کە لای خەڵک و سەردەمی خۆی بەم شێوەیە بووە، یەکێک لە بانگەشەکارانی ئەمە بیرمەندە ئەڵمانییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە نموونەی (شبنگل) بوون کە بانگەشەکەیان لە ئینگلتەرا و ئەمریکا ڕەزامەندی هەبوو)) (الطاهر، ١٩٧٩، ٤٠٠)، کەوایە سەردەم و ژینگەی سەرهەڵدانی هەر دەقێکی ئەدەبی بۆ توێژینەوە لەو دەقە گرنگە و ناکرێت ئەمە فەرامۆش بکرێت و بەچاوی سەردەم و ژینگەیەکی جیاوازتر لە دەقە ئەدەبییەکە بڕوانین، چونکە هەر

سەردەم و ژینگەیەک جۆرێک لە تایبەتمەندی بە دەقی ئەدەبی دەدات و کاریگەرییەکانی خۆی دەخزێنێتە نێو دەقەکەوە و بەمەش بۆ تێگەیشتن و دروست بڕیاردان لەسەر دەقەکە پێویستمان بەو زانیارییانە دەبێت کە ڕۆڵیان لە بونیادنانی دەقەکە هەبووە.

میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی گرنگیەکی زۆر بە ڕووداو و بەسەرهاتە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەدات و زۆرجار لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕووداوانەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە ((میتۆدی مێژوویی و ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات بە هۆکارێک بۆ ڕاڤەکردنی ئەدەب و دیاردە و تایبەتمەندییەکانی)) (عتیق، ١٩٧٢، ٢٨٨). ڕەخنەگر دەقەکە بە بارودۆخی سەرهەڵدانی دەقەکە و ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی بوونەتە هۆی داهێنانی دەقەکەوە پەیوەست دەکات. دەکرێت بە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە زۆر نهێنی و واتای شاراوەی دەقەکە و بۆنەی وتنی دەقەکەمان بۆ ئاشکرا بێت و زۆر نهێنی ژیانی ئەدیبەکەشمان بۆ ڕوونبێتەوە، یان بەهۆی دەقەکەوە زۆر زانیاری لەسەر ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەیەک بزانرێت و لە هەردوو باردا دەق وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی سەودای لەگەڵدا دەکرێت. لێرەوە ڕەخنەگر ئەوەندەی خەریکی دەرەوەی دەق دەبێت، ئەوەندە گرنگی بە ناوەوە و قوڵایی دەق و ئەودیوی زمان و ئەودیوی دەق نادات و ئەمانە فەرامۆش دەکات، چونکە ((لەپێناوی ئەمەدا لەسەر ڕەخنەگر پێویستە کە پێش بەهادانان بۆ ئەم بڕیارانەی لە ڕەخنەکەیدا، دەبێت لە بارودۆخ و هۆکارەکانی ئەو دەقە لە واقیعی مێژووی گشتی ئەو ماوەیەی کە دەقەکەی تێدا نووسراوە بکۆڵێتەوە، هەروەها لەو بارودۆخ و هۆکارە تایبەتییانەی دەورەی

نووسـەرەکەیان داوە بکۆڵێتـەوە)) (عتیـق، ١٩٧٢، ٢٩١). کەوایـە ڕەخنەگری مێژوویی لـەم مێتـۆدەدا ئامانجـی زیاتـر گەڕانەوەیـە بـۆ ئـەو هـۆکارە دەرەکییانـەی لـە دەرەوەی دەقـەوە ڕۆڵـی بەرچـاو دەگێـڕن لـە بونیادنانـی دەقـی ئەدەبیـدا، جگـە لەمـەش ئـەو واقیـع و بـارودۆخ و سـەردەم و هۆکارانـەی دەوری نووسـەریان داوە بنەمـای ڕەخنەیـی گرنگـن بـۆ زیاتـر قوڵبوونـەوە و لێوردبوونـەوەی ڕەخنەگـر لـە دەقەکـە و خوودیی نووسـەرەکەش، چونکـە هەمـوو ئەمانـە لـە کـردەی داهێنانـدا پێوەندییـان بـە یەکـەوە هەیـە و ناکرێـت لـە ڕۆڵ و گرنگـی هیچیـان کـەم بکرێتـەوە.

**تـەوەرەی دووەم: بنەمـا ڕەخنەییەکانـی مێتـۆدی ڕەخنـەی مێژوویی:**

دەکرێـت بنەمـا ڕەخنەییەکانـی ڕەخنـەی مێژوویـی لـەم چەنـد خاڵـەدا ڕوون بکەینـەوە:

گرنگیـدان بـە ژیانـی شـاعیران: یەکێـک لـەو بنەمـا و لایەنانـەی کـە ئـەم مێتـۆدە گرنگـی پێدەدات، ژیانـی شـاعیرانە، گرنگیـدان بـە خـوودی نووسـەر و ژیانەکـەی لـە لایـەن (سـانت بـۆڤ)ەوە سـەریهەڵدا و گرنگـی بـە توێژینـەوەی کەسـێتی نووسـەرەکە دا و ئەمـەی کـردە بنەمایـەک بـۆ تێگەیشـتن لـە بەرهەمەکانـی، ئـەو بـڕوای وابـوو کە بۆ تێگەیشـتن و بڕیاردان لەسـەر هـەر بەرهەمێکـی ئەدەبی، پێویسـتە لـە خـوودی نووسـەرەکەیەوە دەست پێبکەین و بە وردی لە ژیانی بکۆڵینـەوە، بۆیـە ((بڕیارەکانـی لـە ڕەخنەگرتنـدا بریتیی بـوو لـە بڕیـار لەسـەر کەسـێتی نووسـەرەکان)) (هـلال، ١٩٧٧، ٤٨). (سـانت بـۆڤ) مێتۆدەکـەی خـۆی لـە وتارێکیـدا لەبـارەی (شـاتۆ بریـان)ەوە ڕوون دەکاتـەوە و دەڵێت: ((بـە بڕوای مـن ئـەدەب – واتـا بەرهەمـی ئەدەبـی– لـە مـرۆڤ جیـا نابێتـەوە، دەتوانـم چێـژ لـە بەرهەمێکـی ئەدەبـی وەربگـرم، بـەڵام بـۆم قورسـە بڕیـاری لەسـەر بدەم بەبێ ئـەوەی

زانیاریم لەسەر نووسەرەکە خۆی هەبێت)) (مندور، ١٩٧٤، ٧٦). کەواتە توێژینەوە و بایەخدان بە ژیانی نووسەران زۆر نهێنی و ئاستەنگ لەبەر دەم تێگەیشتنمان بۆ بەرهەمەکانیان ناهێڵێت و بەرەو ڕاڤەیەکی دروستی بەرهەمەکانمان دەبات. بۆیە زانیارییەکان لەسەر کەسێتی و ژیانی نووسەر ئەدیبەکان دەبنە هۆکارێک بۆ توێژینەوە و ڕاڤەکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان.

توێژینەوە و گرنگیدان بە ناوەرۆکی دەق: یەکێک لەو ڕەگەز و لایەنانەی کە ئەم مێتۆدە ڕەخنەییە زۆرتر جەختی لەسەر دەکاتەوە، مەسەلەی ناوەرۆک و مەبەستی دەقەکانە. بۆیە مێتۆدی ڕەخنەی مێژوویی مێتۆدێکی ناوەرۆکییە و سوود لە چەندین پێوەری جیاواز وەردەگرێت بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی مەبەست و ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبی، وەک (ژیانی خاوەنی دەقەکە، ڕووداو و باردۆخە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، سەردەم و ژینگەی سەرهەڵدانی بەرهەمەکە و نەژادی ئەدیبەکە)، هەر یەکێک لەمانە کاریگەریان بەسەر ناوەرۆکی دەقدا هەیە و بابەتێک بەسەر ئەدیبدا دەسەپێنن کە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە بێت کە بۆی ڕەخساوە.

دەق وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی: هەڵبەت ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەم و کۆمەڵگایەیە کە تیایدا سەرهەڵدەدات، بۆیە دەبینین مێتۆدی ڕەخنەی مێژووییش لە هەمان ڕوانگەوە لە دەقی ئەدەبی دەڕوانێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە. زۆرجار ڕەخنەگر بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی دەقێک پێویستی بە زانیاریی مێژوویی دەبێت و لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانە دەقەکە ڕاڤە دەکات ((مێتۆدی مێژوویی

ڕووداوە مێژووییە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت و وەکو هۆکارێک بۆ ڕاڤەکردنی ئەدەب و پاساودانی دیاردە و تایبەتمەندییەکانی بەکاریان دەهێنێت)) (عتیق، ١٩٧٢، ٢٩١). ڕەخنەگر پێویستی بە زانیاری دەرەکی (بەتایبەتیش مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری) دەبێت، تا بەهۆیانەوە بتوانێت مەبەست و ئامانجی ئەدیب بخاتەڕوو.

کاریگەری (ڕەگەز، ژینگە، سەردەم) بەسەر دەقەوە: مێتۆدی ڕەخنەی مێژوویی گرنگییەکی زۆر بەم سێ ڕەگەزە دەدات و هەوڵدەدات لە بەرهەمی ئەدەبی بکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی ئەم سێ ڕەگەزەوە، ڕابەری ئەم تیۆرەش (هیبۆلیت تین) بوو، لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی ئەدەبی ئینگلیزیی)دا باسی ئەم سێ ڕەگەزەی کردووە (((تین) کە قوتابی (سانت بۆڤ) بوو سێ ڕەگەزی بۆ تیۆرەکەی خۆی دەستنیشانکرد، کە (نەژاد و سەردەم و ژینگە) بوون. ئەو کاریگەری ئەم سێ ڕەگەزەی بۆ ڕۆڵی چالاکانەیان لە دروستکردنی ئەدیب و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبیدا گەڕاندەوە)) (نشأت، ١٩٧٦، ١٦٥). ئەم سێ ڕەگەزە ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهێنانی ئەدیب و نووسەر و داهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا هەیە، هەر بەهۆی کاریگەری ئەم سێ ڕەگەزەشەوەیە کە زۆربەی ئەدیب و نووسەران جیاوازییان لە شێواز و زمان و بیرکردنەوە و تێڕامان و جیهانبینی و بڕیاریاندا هەیە. جگە لەمانەش ئەم سێ ڕەگەزە هۆکار و بنەمای زۆر بە نرخن لە مەسەلەی توێژینەوەی دەقی ئەدەبی و نووسەرەکانیان. مەبەستی (تین) لە نەژاد ئەو سیفەت و خەسڵەت و تایبەتمەندییە بۆماوەییانەیە کە نووسەر لە گەلەکەیەوە بەدەستی هێناوە. (ژینگە)ش بریتییە لەو ژینگە و دەوروبەرە سروشتی و سیاسی و جوگرافیەی کە نووسەرەکە تێیدا

ژیاوە. (سەردەم)یش، بریتییە لەو بارودۆخ و گۆڕانکارییە سیاسی و مێژوویی و کولتوری و هونەری و ئایینی و ئایدیۆلۆژییەی کە لە سەردەمە جیاوازەکاندا ڕوودەدەن و کاریگەرییان بەسەر خودی نووسەر و داهێنانە ئەدەبییەکانیدا هەیە.

گرنگیدان بە هۆکارە دەرەکییەکان: مەبەست لە هۆکارە دەرەکییەکان هەموو ئەو بنەما و هۆکارە جیاوازانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە ڕۆڵی گرنگ لە بونیاد و پێکهاتەی زمان و واتای دەقدا دەگێڕن. ئەم هۆکارە دەرەکییانە پەیوەندیان بە بونیادی هونەریی و ئیستاتیکیی دەقەکەوە نییە. دەکرێت بڵێین هۆکارە دەرەکییەکان زیاتر ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە لە ژیانی نووسەرەکانەوە وەردەگیرێن، هەروەها لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژی دەگرێتەوە، جگە لەمانەش هۆ و بۆنەی نووسین و کات و شوێنی دەقیش دەگرێتەوە، کە دەکرێت لە ژێر ڕوانگەی ئەم لایەنە جیاوازانە لە دەقی ئەدەبی بکۆڵرێتەوە و نهێنییەکانی ئاشکرا بکرێن.

**بەشی دووەم: کورتە چیرۆکی (جەنابی بەڕێوەبەری گشتی)ی (حەسەن جاف) لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی مێژووییەوە:**

**تەوەرەی یەکەم: دەقی کورتە چیرۆکەکە:**

((لەبەر دەرگای بەڕێوەبەر کۆببونەوە و چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆری بەڕێوەبەر بوون کە لە ئاسۆی ئەو دەرگا هەمیشە داخراوەوە هەڵبێ... دەرگا کرایەوە... مامۆستاکان خرۆشان و ڕێگەیان بەردا... کابرایەکی زلەی تێکسمڕاوی لووت لە هەور چەقیو هاتە دەرەوە و چاوێکی پڕ لەخۆباییبوونی بە خەڵکەکەدا گێڕا...

یەکێکیان گوتی:

- قوربان من بەڕێوەبەری ناوەندیی لەیلانم... جەنابتان

هەولێرنامەی کتێب

ناردبووتـان بەدوامـا.

ئەویـش بـە لالووتێکـەوە لێـی پرسـی:

- چەنـد پۆلـی کـوردی و چەنـد عەرەبیت هەیـە؟

- قوربان هەمووی کوردییە.

ڕووی گرژبـوو، چـاوی زەق کـردەوە و بـە تووڕەییـەوە گوتـی:

- بۆ...؟

- قوربـان بڵێـم چـی قوتابـی عەرەبمـان نیـە.

دوای ئـەوەی چاوێکـی بـە خەڵکەکـەدا گێـڕا،

- تۆ خۆت چیت؟

- قوربـان مـن تورکمانـم... بـەڵام ئەسـڵم عەرەبـە.


بە تەوسێکەوە.

- بەخوا عەرەبێکی چاکی!

بەڕێوەبـەری لەیـلان ڕەنـگ هەڵبـزڕکاو و پەشـۆکاو و تـف لـە دەمـدا وشـکبوو... بـێ ئـەوەی لا لـە کـەس بکاتـەوە لێیـدا ڕۆیشـت.)) (جـاف، ٢٠١٠، ٤٦-٤٧).

**تـەوەرەی دووەم: سـەردەمی نووسـینی دەق و کاریگەرییەکانـی ئـەو سـەردەمە بەسـەر دەقـدا:**

لای (تین) (سـەردەم)، بریتییـە لـەو بارودۆخـە سیاسـی و مێژوویـی و کولتـوری و هونـەری ئاینییـەی کـە لـە سـەردەمە جیاوازەکانـدا ڕوودەدەن و ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ کاریگەرییـان لەسـەر نووسـەر و تێڕوانیـن و شـێواز و پرۆسـەی داهێنانـی ئەدەبیـدا هەیـە، بەتایبەتیـش ئـەو سـەردەمەی کـە نووسـەرەکە تێیدا ژیاوە. توێژینـەوە لـەو سـەردەمەی کـە نووسـەر و ئەدیبەکـەی تێـدا ژیـاوە، یـان بەرهەمـە ئەدەبـی و هونەرییەکـەی تێـدا دەرکەوتـووە، کارێکـی گرنـگ و پێویسـتە، چونکـە لەلایەکـەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندێتی جیاکـەرەوە بـە ئەدەبەکـە دەبەخشـێت و لـە ئەدەبـی سـەردەمێکی تـر جیـای دەکاتـەوە. لەلایەکـی تریشـەوە، دەشـێ شـارەزابوون لـە گۆڕانکاری و بارودۆخـە سیاسـی و و مێژوویـی و کولتـوری و ئایینـی و




ئایدیۆلۆژییەکانی سەردەمە جیاوازەکان ببێتە هۆی تێگەیشتن لە زۆر نهێنی و شاراوەی دەقی ئەدەبی و مەبەست و دەلالەتی دەقەکە. هەروەها گۆڕانی بارودۆخی هەر سەردەمێک کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەدیب و ئەدەبەکەی دەبێت، چونکە هەر سەردەمێک مۆرکێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

ئەگەر سەیری چیرۆکەکە بکەین، دەبینین لە ساڵی (١٩٧٤) لە شاری (کەرکوک) نووسراوە. هەڵبەت زۆرجار مێژووی نووسینی دەقێک یان ئەو شوێنەی دەقەکەی لێ نووسراوە ئاماژەی گرنگن بۆ مەسەلەی توێژینەوەی دەقەکە، چونکە ئەوکات هەندێ نهێنی و لایەنی شاراوە هەیە کە پێوەندییان بە دەقەکە و شوێن و سەردەمی نووسینی دەقەکەوە هەیە، ئاشکرا دەبێت. ئەم چیرۆکە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە شوێنێک نووسراوە کە تا ئەمڕۆش پڕیەتی لە کێشە و ململانێی سیاسی و نەتەوەیی. سەردەم سەردەمی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکییە و لە ڕێی کودەتای (٣٠)ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٨) کە بەسەر (عەبدولڕەحمان عارف)ی سەرۆکی ئەوکاتی عێراقیاندا کرد، دووبارە گەڕانەوە

هەواڵنامەی کتێب

دەسەڵات و بۆ یەکەمجار (ئەحمەد حەسەن بەکر) کە یەکێک بوو لە ئەفسەرانی سوپای عێراقی و ئەندامی ئەو حیزبە بوو، بۆ یەکەمجار بوو بە سەرۆکی عێراق و (سەدام حوسەین) یش بوو بە جێگری. هەڵبەت بەعسییەکان بەوە ناسرابوون کە لە سیاسەتدا نەتەوەپەرست و توند و تیژ بوون و هیچ بوار و هەلێکیان بە بەرامبەرەکەیان نەدەدا، بۆیە بەردەوام کێشەیان لەگەڵ نەیارەکانیاندا هەبوو و بە زەبری ئاگر و ئاسن و کوشتن و بڕین و گرتن و زیندانیکردن و دەربەدەرکردن و... هتد نەیار و دوژمنەکانی خۆیانیان چاوترسێن دەکرد. بەتایبەتیش لە مەسەلە نەتەوایەتییەکاندا بەرامبەر ئەو نەتەوانەی کە لە عێراقدا هاوشانی عەرەبەکان دەژیان.

ئەم حیزبە لە روانگەیەکی نەتەوەپەرستییەوە سەیری کێشەی نەتەوەکانی تری دەکرد و دانی بە هیچ ماف و دەستکەوتێکی ئەو نەتەوانەدا نەدەنا. یەکێک لەو نەتەوانەش نەتەوەی کورد بوو، کە لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی عێراقدا لە ڕووی چڕی ڕێژەی دانیشتوانەوە لە پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دهۆک) بە پلە یەک و لە پارێزگاکانی (موسڵ و دیالە و سەلاحەدین) بە پلە دوو دەژیان. لەگەڵ ئەوەشدا کورد وەک هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و هەوڵدەدرا بە زۆر واقیعێکی تاڵی بەسەردا بسەپێنن و دووریخەنەوە لە زمان و مێژوو و داب و نەریت و کولتور و ماف و خاک و زەوییەکەی خۆی. کورد لەسەر دەستی حیزبی بەعسدا رووبەڕووی کێشە و ململانێیەکی زۆر بۆوە و کار گەیشتە مەسەلەی بەکارهێنانی چەک و شەڕ و شۆڕ بەرپەرچدانەوەی ئەو شەڕ و شۆڕانە لەلایەن حیزب و حکومەتی بەعسەوە لە ئەنجامی ئەمەشدا چەندین تاوان بەرامبەر کورد ئەنجامدران،

لەوانـەش: (کیمیابارانکـردن، ئەنفـال، بەعەرەبکردن، راگواستنی زۆرەملێ و نیشـتەجێکردن لـە ئـۆردوگا زۆرەملێکاندا، گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچـە کوردنشـینەکان، بـەزۆر گۆڕینـی ناسـنامەی نەتەوەیـی ... هتـد).

یەکێـک لـەو پرۆسـانەی دژی کـورد و بـە مەبەسـتی گۆڕینـی دیمۆگرافیای ناوچە کوردنشینەکان ئەنجامدرا، بریتی بوو لە پرۆسـەی (بەعەرەبکـردن). ئـەم پرۆسـەیەش بریتییـە لـە راگواسـتنی زۆرەملێـی دانیشـتوانی کـورد لـە ناوچـە کوردنشـینەکان بـۆ ناوچەکانـی تـری عێـراق و هێنانـی ژمارەیەکـی زۆری عـەرەب بـۆ ئـەو ناوچانـە و نیشـتەجێکردنیان و پێدانی موڵـک و ماڵ و زەوی و سامانی کوردەکان بە عەرەبـەکان، بـە مەبەسـتی گۆڕینـی دیمۆگرافیـا و رێـژەی دانیشـتوانی نەتـەوەکان لـەو ناوچانـەدا.

ئـەم پرۆسـەیە لـە شەسـتەکانەوە دەسـتی پێکرد و ئێستاشـی لەگەڵدا بێـت بەردەوامـە. لـە حەفتاکانـی سـەدەی رابـردوودا پرۆسـەی تەعریبکـردن لەوپـەڕی فراوانـی و چالاکیـدا بـوو، سیاسـەتی بەعـس وابـوو هەمـوو ئـەو ناوچانـەی کـە نـەوت و غـاز و کانـزا و سـەرچاوەی سروشـتییان زۆرە، دەبێـت دانیشـتوانەکەی کـە کـوردن دوور بخرێنـەوە و عـەرەب بهێنرێتە شوێنیان، کە یەکێک لەو ناوچانەی بـە تونـدی و فراوانـی رووبـەڕووی تەعریبکـردن و گۆڕینـی دیمۆگرافیا لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی بـۆوە، پارێـزگای کەرکـوک بـوو. ئـەو پارێزگایـە کـە بـە نـەوت و غـازی سروشـتی بەناوبانگـە کەوتـە بـەر شـاڵاوێکی چڕی تەعریبکردن و لـە ئەنجامـدا زۆرێـک لـە شـارۆچکە و قـەزا و ناحیـە و گوندەکانی توشـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـای رێـژەی دانیشـتوانی بوون و لـە ئەنجامیشـدا رێـژەی کـورد لـەو ناوچانـە وردە وردە کەمیکـرد، بەجۆرێـک شـارۆچکە هەیـە لـەو پارێزگایـە ئێسـتا هەمـوو دانیشـتوانەکەی عەرەبـن و خێزانـی کـوردی لـێ

نەماوە، ئەگەر ماشبێت ڕەنگە لەنێو نەتەوەی عەرەبدا توابنەوە.
ئەو ناوچانەی لەلای حکومەتی عێراقی ستراتیژی بوون، پشکی شێریان لەو شاڵاوانە بەرکەوت، وەک لە:
- پارێزگای کەرکوک (سەنتەری شار و دەوروبەری و زۆربەی شارۆچکە و گوندەکانی)
- پارێزگای موسڵ (سەنتەری شار و ناوچەکانی شەنگال و شێخان و گوندەکان و ... هتد)
- پارێزگای دیالە (شارۆچکە و گوندەکان و ... هتد)
بەشێکی زۆری ئەم پارێزگایانە بە تەدریجی کەوتنە بەر شاڵاوەکانی تەعریب و ڕاگواستنی زۆرەملێ، بۆیە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەم ناوچانە، یان لە کۆمەڵگای نوێ نیشتەجێکرا کە حکومەتی عێراق دروستی کردبوون، یان چوونە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، و بەشێکی کەمیان چوونە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق یان بە زۆر بۆ ئەوێ گواسترانەوە. ئەمە کورتەیەکی مێژوویی شاڵاوی تەعریبکردن بوو بەرامبەر کورد.

ئێستا ئەگەر بە وردی سەیرێکی ئەم چیرۆکەی سەرەوە بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین کە کاریگەرییەکی زەق و قووڵی سەردەمەکەی کە ساڵانی حەفتاکانە بە هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانەی لەو سەردەمەدا ڕوویانداوە بەسەر چیرۆکەکەدا دیارە و ڕەنگی داوەتەوە. سەردەمێک پڕ لە نەهامەتی و ناسۆری و ناخۆشی و ئێش و ئازار بووە بۆ نەتەوەیەک کە تاڵی ژیانی بە دەست ڕووداو و کارەساتەکانەوە خواستووە. (هیپۆلیت تێن) گوتەنی یەکێک لەو ڕەگەزە سروشتییانەی کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر داهێنانی ئەدەبییەوە هەیە و ڕۆڵی لە داهێنان و پێکهێنانی ئەدەبدا هەیە، ڕەگەزی (سەردەم - Moment)ە. کە بریتییە لە بارودۆخی مێژوویی و سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەری

و ئایینی و ... هتد کە لە سەردەمە جیاوازەکاندا روودەدەن. ئەم بارودۆخە جیاوازانە بەدرێژایی سەردەمەکانەوە کاریگەری بەسەر نووسەر و بەرهەمەکانیدا دروستدەکەن و کاریگەرییەکانیش لەنێو دەقدا رەنگدەدەنەوە، جا کاریگەرییەکە چ لەسەر ئاستی فۆرم بێت یان لەسەر ئاستی ناوەڕۆکدا بێت، بەتایبەتیش ناوەڕۆکی دەق، چونکە میتۆدی رەخنەی مێژوویی رەخنەیەکی ناوەڕۆکییە و یەکێک لە بنەماکانی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە راڤەی ناوەڕۆکی دەق دەکات لەمیانی ئەو سەردەم و ژینگە و شوێنەی دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە، بۆئەوەی لە دەقەکە بکۆڵێتەوە لە سیاقە دەرەکییەی ئەو سەردەم و ژینگەیەی بەرهەمی هێناوە. ئەم گۆڕانکارییانە لە ئاستی ناوەڕۆکدا دەبنە هۆی هێنانەپێشەوەی بابەت و ناوەڕۆکی نوێ، کە رەنگبێت لە سەردەمەکانی پێشوودا بابەت و ناوەڕۆکی لەم چەشنە لەنێو ئەدەبدا رەنگی نەدابێتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر سەیری کورتە چیرۆکی (جەنابی بەڕێوەبەری گشتیی) بکەین، بە ئاشکرا هەست بە کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییەکان و دۆخی سەردەمی حەفتاکان و ئەو رژێم و سیستەمە سیاسییەی لەو سەردەمدا عێراقی بەڕێوە بردووە بە ئاشکرا بەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکەوە دیارە. راستە واتا و دەلالەتی رووکەشی چیرۆکەکە باسی سەردانی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە بۆ قوتابخانەیەکی ناوچەیەکی کوردی و باسی ژمارەی پۆلەکانی خوێندنی کوردی و خوێندنی عەرەبی لە قوتابخانەیەکی (ناحیەی لەیلان) دەکات، بەڵام واتا و دەلالەتە قووڵ و شاراوەکەی پشتی چیرۆکەکە کە چیرۆکنووس بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێکردووە، باسی ناوەڕۆکێکی نوێ دەکات کە بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەم بەسەر ئەدەب و چیرۆکدا سەپاندی، ئەویش بابەتی (پرۆسەی

بە عەرەبکردن)ە لە پارێزگای کەرکوک، کە پارێزگایەکی کوردییە و حکومەتی عێراق ئەوکات وردە وردە و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو دەستیکرد بە گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو پارێزگایە بە نیەتی ئەوەی ژمارەی کورد لەو پارێزگایە کەم بکاتەوە و لە بەرامبەریشدا ژمارەی عەرەب زیاد بکات، بۆ ئەوەی وای پیشان بدات کە کەرکوک پارێزگایەکی زۆرینە عەرەب نشینە! ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکانەوە بە ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، چونکە گفتوگۆی نێوان بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری قوتابخانەی لەیلان لەسەر بوون و نەبوونی پۆلی عەرەبی ئاماژەی ناڕاستەوخۆن و دەلالەتێکی شاراوەیان هەڵگرتووە و ئاماژەن بە پرۆسەی بەعەرەبکردن لەو ناوچانەدا. چیرۆکنووس ناڕاستەوخۆ و بە شاراوەیی ئاماژەی بەم ناوەڕۆکە داوە، ئەمەش لەبەر مەسەلەی چاودێریکردن و بەدواداچوونی دەزگا ئەمنی و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی بەعس.

لە ئاستی فۆڕمیشدا، کاریگەری بارودۆخ و گۆڕانکارییە جیاوازەکانی سەردەمەکە بە چیرۆکەکەوە دیارە، بەشێوەیەک کە سەردەمەکە ئەوەندە ترسناک و ناخۆش بووە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی چیرۆکنووس نەتوانێت بە ئاشکرا گوزارشت لە بابەتێکی وا ترسناک و چارەنووسساز بکات، چونکە باسکردن و ڕەخنەگرتن لە بابەتی وا قەدەغە و یاساغ بووە و سزای توندی لەسەر بووە، جگە لەمەش چیرۆکنووس هەوڵیداوە بە شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی و بە زمانێکی شاراوەی ڕەمزدارەوە باسی ئەو بابەتە بکات، ئەمەش بۆتە هۆی داهێنانی واتای قووڵ و شاراوە و بەگەڕخستنی خەیاڵی داهێنەرانە و هێنانە کایەوەی شێوازی نوێ و سەرنجڕاکێش لە هونەری کورتە چیرۆکنووسیندا بە زمانێکی ناڕاستەوخۆی ڕەمزدار. بۆ نموونە هەر ناونیشانی

کورتە چیرۆکەکە بەناوی (جەنابی بەڕێوەبەری گشتی) هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناوەڕۆک و دەلالەتی شاراوەی کورتە چیرۆکەکەوە نییە، بۆیە ڕەنگبێت خوێنەر کە سەیری ناونیشانی کورتە چیرۆکەکە بکات، هیچ ئاماژەیەک لە واتای دەقەکە هەڵنەکرێنێت. بەڵام کاتێک شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو کورتە چیرۆکەکە و لە گفتوگۆی نێوان هەردوو بەڕێوەبەرەکە ورد دەبێتەوە؛ بۆی دەردەکەوێت کە ئەم گفتوگۆ و قسانە ئاماژەیەکی دەلالی زۆر لەوە قوڵتریان هەڵگرتووە لەوەی خوێنەرێکی ئاسایی بۆی بچێت. ڕاستە بە زمانێکی سادە و ساکار گوزراشت لە بابەتەکە کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە پشت هەر وشە و دەستەواژەیەکی بەکارهاتوو لە گفتوگۆی نێوان هەردوو بەڕێوەبەرەکەدا کۆمەڵێک مەدلولی شاراوە خۆیان حەشارداوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیرێکی ئەم گفتوگۆیە بکەین:

- قوربان من بەڕێوەبەری ناوەندیی لەیلانم... جەنابتان ناردبووتان بەدواما.

ئەویش بە لالووتێکەوە لێی پرسی:

- چەند پۆلی کوردی و چەند عەرەبیت هەیە؟

- قوربان هەمووی کوردییە.

ڕووی گرژبوو، چاوی زەق کردەوە و بە تووڕەییەوە گوتی:

- بۆ...؟

- قوربان بڵێم چی قوتابی عەرەبمان نیە.

ڕستەی پرسیاری (چەند پۆلی کوردی و چەند عەرەبیت هەیە؟) واتا ڕووکەشەکەی ئاماژەدانە بە بوونی پۆلی کوردی و عەرەبی لەو قوتابخانەیەی کە بەڕێوەبەرە گشتییەکە سەردانی کردووە. کەچی واتا قووڵ و شاراوەکەی بەگوێرەی ئەو سەردەم و ساڵ و ناوچەیەی کە چیرۆکەکەی تێدا نووسراوە ئاماژە نیە بۆ ئەم بابەتە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەوەی چیرۆکنووس دەیەوێت لەسەر

هەواڵنامەی کتێب

زمانی ئەو بەڕێوەبەرە گشتییەوە ئاماژە بە پرۆسەی بەعەرەبکردن بکاتەوە. قسەکە سادە و ساکارە، بەڵام کۆمەڵێک ئاماژەی هەڵگرتووە، بۆ نموونە؛ دەشێ مەبەست ئەوە بێت جەخت لەوە بکاتەوە کە ڕێژەی نەتەوەی کورد و عەرەب لەو ناوچانە لەمیانی پۆلی کوردی و عەرەبی بزانێت بۆ زانینی دیمۆگرافیای دانیشتوان لەو ناوچەیە و کاریگەری ڕێژەی پرۆسەی بەعەرەبکردنەکە لەو ناوچانە و لە هەموو کەرکوک بە گشتی. هەروەها دەشێ مەبەست ئەوە بێت کە لەمیانی پۆلی کوردی و عەرەبییەوە بزانێت کە ئایا چەند کەس خوێندنی عەرەبی هەڵبژاردووە، وەک ئاماژەیەک بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی، کە حکومەتی بەعسی عێراق وەک وەسیلە و هۆکار و گوشارێک بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا و ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تر بەکاری دەهێنا، بەوەی هەڕەشەیان لە کوردی ئەو ناوچانە دەکرد بە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییان بۆ عەرەب. هەروەها ڕستە خەبەرییەکانی وەک (قوربان هەمووی کوردییە) و (قوربان بڵێم چی قوتابی عەرەبمان نیە) ئاماژەی قوڵتریان هەڵگرتووە و چیرۆکنووس مەبەستەکەی لە پشتی ئەم ڕستە سادانەوە شاردۆتەوە، چونکە ئەم ڕستانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەو ناوچانە لە ڕووی دیمۆگرافی و ڕێژەی دانیشتووان و مێژووییەوە لە دێرزەمانەوە ناوچەی کوردین و تەنیا کوردی لێژیاوە و عەرەب و نەتەوەی تری لێنەبووە، بۆیە ناکرێت ناوچەیەک کە کوردنشین بێت و زێدی لەمێژینەی کورد بێت، بە زۆر دیمۆگرافیاکەی بگۆڕدرێت و بە زوڵم و ستەم ڕێژەی نەتەوەیەکی بێگانە بەم خاک و نیشتمانە لەسەر حیسابی نەتەوەی خاوەن خاک و ماڵ زیاد بکرێت.

بۆیە دەبینین کاریگەرییەکانی سەردەم بەسەر نووسەر و بەرهەمەکانییەوە لەوە

دەردەکەوێت کە هەر سەردەمێک ئەدەبی تایبەت بەخۆی هەیە، کە تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمەی هەڵگرتووە. ئەم کورتە چیرۆکەش هەمان کاریگەری بەسەرەوە دیارە، کاریگەرییەک کە بۆتە سەرچاوەی داهێنانی چیرۆکی لەم جۆرە کە باس لە بابەتی لەم جۆرە دەکات کە ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمەکەیەتی کە چیرۆکنووسی تێدا ژیاوە و خۆی ئەم واقیعەی بینیووە. ئەم چیرۆکە زادەی کارەسات و بەسەرهات و ڕووداو و واقیع و بارودۆخی حەفتاکانی سەدەی بیستەمە، کە نەتەوەیەک بەدەست ڕژێمێکەوە بە جۆرەها شێوە تاوانی بەرامبەر کراوە. ئەم چیرۆکە بەرهەمی کاریگەرییە بەردەوام و قووڵ و لەمێژینەکانی سەردەمەکەی و سەردەمەکانی پێشووتریشی بەسەرەوە دیارە، کە چیرۆکی لەمجۆرەی بەرهەمهێناوە. ئەمە ئەو کاریگەرییەیە کە (تێن) ئاماژەی بۆ کردووە، کە سەردەم بە هەموو گۆڕانکاری و ڕووداو و بارودۆخە جیاوازەکانییەوە ڕەنگدانەوەی لەنێو ئەدەب (دەق) دا دەبێت و ئەدەبیش لەمیانی ئەمانەوە لە هەردوو ئاستی ناوەڕۆک و فۆرم و ڕووخسارەوە خۆی ڕەنگڕێژ دەکات.

**تەوەرەی سێیەم: کاریگەرییەکانی ژینگە بەسەر داهێنانی چیرۆکەکەوە:**

(هیپۆلیت تین) پێیوایە ژینگە و دەوروبەر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا هەیە. بە لای (تین)ەوە، (ژینگە) بریتییە لەو شوێن و ژینگە سروشتی و جوگرافییەی کە نووسەر و ئەدیبەکەی تێدا ژیاوە، تێکەڵی و پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان نووسەر و ئەدیب و خەڵک و سروشت و جوگرافیا و سنوور و کەش و هەوای ئەو دەوروبەر و ژینگەیە ڕوودەدات، بە جۆرێک کە لێکەوت و کاریگەرییەکانی دەپەڕنەوە بۆ نووسەر و ئەدیبان

هەواڵنامەی کتێب

و پڕۆسەی داهێنانی ئەدەبییەوە. ئەمەش هۆکار یان یاسای دووەمە لای (تین) و بە هۆکارێکی گرنگ بۆ دیاریکردنی جیاوازی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی هەر میللەتێک و تەنانەت ئەدەبی هەر نووسەرێکیش دادەنرێت، چونکە ژینگە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خودی ئەدیب و تێڕوانین و جیهانبینی و بەرهەمە ئەدەبییەکەی و شێوازی دەربڕین و وشە و زاراوە و وێنە هونەری و ئەدەبییەکانی و.... هتد هەیە، بۆیە ئاساییە ئەدەبی هەر میللەتێک بە گوێرەی ژینگە جیاوازی لەگەڵ ئەدەبی میللەتانی تردا هەبێت. بۆ نموونە ئەدەبی ژینگەی بیابانی جیاوازی لەگەڵ ئەدەبی ژینگەی شاخاویدا هەیە، هەروەها ئەدەبی ژینگەی لادێیی جیاوازی لەگەڵ ئەدەبی ژینگەی شاریی و شارستانیدا هەیە.

کاریگەرییەکانی ژینگە لەم کورتە چیرۆکەدا لەسەر دوو جۆری ژینگە دەردەکەون، کە بریتین لە ژینگەیەکی سروشتی و جوگرافی و ژینگەیەکی سیاسی. بە جۆرێک کە ژینگە جوگرافییە سروشتییەکە بەهۆی ژینگە سیاسییە داپڵۆسێنەرەکەوە ڕووبەڕووی گۆڕین و شێواندن بۆتەوە و بەمەش هەوڵی هێنانەکایەی دیمۆگرافیایەکی جیاوازتر لەو ژینگە جوگرافیە سروشتییەی پێشووتری دراوە. چیرۆکنووس خۆی خەڵکی ئەو ژینگە جوگرافیایە بووە کە ساڵانێکی زۆر تێیدا ژیاوە و پەروەردە بووە، بۆیە ئەو ململانێیە سیاسییەی لە ئەنجامی ژینگە سیاسییەکەوە دروستبووە ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر ژینگەی ژیانی چیرۆکنووسدا هەبووە. ئەگەر سەیری کورتە چیرۆکەکە بکەین، بەڕوونی ئەم کاریگەرییانە دەبینین. ئەگەرچی کورتە چیرۆکەکە بە ئاشکرا ئاماژەی بە ناوی هیچ شار و پارێزگایەک نەداوە، بەڵام هەندێک ئاماژە هەن کە پێوەندییان بە دیاریکردنی ژینگەی مەبەست

و کاریگەری و لێکەوتەکانییەوە هەیە. دەشێ چیرۆکنووس بەهۆی بارودۆخ و ڕێکاری ئەمنییەوە و بە مەبەستی ئیستاتیکی و هونەری و چێژبەخشینەوە نەیتوانیبێت ڕاستەوخۆ ناوی کەرکوک و ئەو بابەتەی مەبەستی بووە بە ڕاستەوخۆیی بخاتە بەر دیدی خوێنەرەکانی، بەڵام هەندێک ئاماژە و تەکنیکی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بەو ژینگەیە بکات کە واقیعی ڕووداوەکانی تێدا ڕوویداوە. یەکێک لەمانەش پێوەندی بە چوارچێوەی دەق (عتبة النص)ەوە هەیە، بەوەی کە چیرۆکنووس لە کۆتایی کورتە چیرۆکەکەوە ئاماژەی بە ساڵ و شوێنی نووسینی کورتە چیرۆکەکە داوە و نووسیوویەتی (کەرکوک / ١٩٧٤). وشەی (کەرکوک) وەک ژینگەیەکی سروشتی و جوگرافی و سیاسی و کارگێڕی لە نێو دەقی ئەدەبیدا چەندین ئاماژە و مەدلولی شاراوەی هەڵگرتووە، وەکو (داگیرکاری خاک، بەعەرەبکردن، ڕاگواستنی زۆرەملێ، دابڕینی لە کوردستان، مافخواردن، ئەنفال، ..... هتد). بۆیە خوێنەر هەر زوو کاتێک سەرنج لەو وشەیە دەدات و گفتوگۆی کارەکتەرەکانی کورتە چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە کاریگەری و لێکەوتەکانی هەردوو ژینگە جوگرافی و سروشتی و ژینگە سیاسییەکەی بەسەر چیرۆکنووسدا بۆ دەردەکەوێت. جگە لەمەش ساڵی (١٩٧٤) کە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمە و سەرەتای هەڵکشان و بەهێزبوونی ڕژێمی بەعسە لە لوتکەی دەسەڵاتدا، بۆیە پێوەندی ئەم ساڵ و ماوەیە بە ژینگەی چیرۆکەوە پێوەندییەکی ئاماژەداری ناڕاستەوخۆیە بۆ چەندین بابەتی گرنگ کە لەو ژینگەیەدا ڕوویانداوە کە یەکێک لەمانەش مەسەلەی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکانە، کە وردە وردە لەم ساڵانەوە دەستی پێکرد و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

لەلایەکی ترەوە، لەنێو کورتە چیرۆکەکەدا، ئاماژە بە (ناوەندی

لەیلان) کراوە، لەو شوێنەی کە چیرۆکنووس لەسەر زمانی بەڕێوەبەری (قوتابخانەی ناوەندی لەیلان)ەوە دەڵێت: ((قوربان من بەڕێوەبەری ناوەندیی لەیلانم... جەنابتان ناردبووتان بەدواما)). واتا ڕووکەشەکەی ئەم ڕستە خەبەرییە، ئاماژەیە بەوەی ئەو مامۆستایەی کە چووە بۆ بینینی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە، بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکە بەناوی لەیلان. ئەم ناوە لەم کورتە چیرۆکەدا دەشێ مەدلولی جیاوازی هەبێت و هەر لە سنووری ناوی، ناوی قوتابخانەیەکی ئاسایی نەمێنیتەوە. دەشێ ئاماژە بێت بۆ (ناحیەی لەیلان)، کە ناحیەیەکی سەر بە پارێزگای کەرکوکە و بە دووری (١٩) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە و یەکێکە لەو ناحییانەی ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی فراوانی بەعەرەبکردن بووەوە و وایکرد پێکهاتەی عەرەبی لەو ناحیەیە و گوند و ناوچەکانی سەر بەو ناحیەیە وردە وردە زیاد بکات، لە کاتێکدا پێشتر کورد و گوایە تورکمانیشی تێدا دەژی. شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردن ئێستاش بەو ناحیەیە و دەوروبەرییەوە ماوەتەوە. لە هەمانکاتیشدا دەشێ وشەی (لەیلان) ئاماژەش بێت بۆ کەرکوک و چیرۆکنووس لەڕێی (لەیلان)ەوە ئاماژەی پێکردبێت. دەشێ وشەی (لەیلان)ی بەمەبەست بەکارهێنابێت، وەک ئاماژەدان بە داگیرکارییەکی تر لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە، کە (بەتورککردن)ە، بەتایبەتیش لە سەردەمانی هاتنی سەلجوقییەکان بۆ ئەو ناوچانە و داگیرکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن تورکە سەلجوقییەکان و پاشانیش هاتنی عوسمانییەکان و زەقبوونەوەی بەتورککردنی ناوچە کوردییەکان لەو ویلایەتانەی زۆرینەیان کورد بوون. بۆیە ناحیەی لەیلان یەکێکە لەو ناوچە کوردییانەی کە بەشێکی پارێزگای کەرکوک پێکدێنێت و ئێستا هەرسێ نەتەوەی کورد و

تورکمان و عەرەبی لێ نیشتەجێیە لە ڕووی مێژووییەوە لە دوو سەردەم و قۆناغی جیاوازدا بە هەردوو پرۆسەی بە (تورککردن) و (بەعەرەبکردن)دا تێپەڕیووە و هەوڵدراوە سیمای نەتەوایەتی ئەو ژینگە کوردییە بسڕدرێتەوە. ئەوەتا لە کورتە چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس بە ناڕاستەوخۆ و لەمیانی پرسیارێکەوە لەسەر زمانی بەڕێوەبەری گشتییەوە کە وەک کەسێکی ڕەگەزپەرست و نەتەوەپەرست پیشانی دەدات؛ ئاماژە بە هەردوو پرۆسەکە دەکات کاتێک بەڕێوەبەری گشتیی پرسیار لەبارەی پۆلی کوردی و پۆلی عەرەبی دەکات و بۆی دەردەکەوێت کە پۆلی عەرەبییان نیە:

دوای ئەوەی چاوێکی بە خەڵکەکەدا گێڕا،

- تۆ خۆت چیت؟

- قوربان من تورکمانم... بەڵام ئەسڵم عەرەبە.

بە تەوسێکەوە.

- بەخوا عەرەبێکی چاکی!

بەڕێوەبەری لەیلان ڕەنگ هەڵبزڕکاو و پەشۆکاو و تف لە دەمدا وشکبوو... بێ ئەوەی لا لە کەس بکاتەوە لێیدا ڕۆیشت.

ئەم گفتوگۆیە لە کۆتایی کورتە چیرۆکەکەدا، ئەگەرچی سادە و ساکار دەردەکەوێت و وا دێتە پێش چاو کە مەبەستەکەی ڕووکەش بێت، بە لام لە بنەڕەتدا ئاماژەیەکی قوڵی شاراوەی لەودیو زمانەوە لێ بارکراوە و واتایەکی شاراوەی هەڵگرتووە. ڕستەی پرسیاری (تۆ خۆت چیت؟) لەم سیاقەدا کە سیاقێکی زمانی مەبەستدارە لەم کورتە چیرۆکەدا ڕستەیەکە دەلالەتی نەتەوەپەرستی و ڕەگەز پەرستی هەڵگرتووە و یەکێک بووە لەو هۆکار و ئامراز و سیاسەتە شۆڤێنییانەی ڕژێمی پێشوو وەک سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی لە دژی کورد بەکاریهێناوە و لە دونیای ئەمڕۆشدا لە زۆر شوێن و وڵاتاندا بانگەوازی بۆ دەکرێت و مرۆڤی پێ دەچەوسێنرێتەوە.

چیرۆکنووس مەبەستە شاراوەکەی خۆی لە پیشاندانی هەوڵەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکانی کوردستان قوڵتر دەکاتەوە و لە تەک پرۆسەی بەعەرەبکردن، پرۆسەیەکی تریش دێنێتە پێشەوە، بەڵام بە شێوازێکی هونەری شاراوە و داپۆشراو، بۆ نموونە کاتێک بەڕێوەبەری ناوەندی لەیلان وەڵامی ئەم پرسیارەی بەڕێوەبەری گشتی دەداتەوە دەڵێت: ((قوربان من تورکمانم... بەڵام ئەسڵم عەرەبە)). ئەمە وەڵام و قسەیەکی ئاسایی نیە، بەڵکو واتایەکی شاراوە لەودیو وشەکانەوە هەیە، ئەم وشانە جگە لەو مەدلولە ڕووکەشەی بە خوێنەری دەبەخشن، مەدلولێکی تریشان هەڵگرتووە، کە تەنیا خوێنەری ورد و زیرەک و خوێنەرێک کە پاشخانێکی زانیاری باشیشی لە بارەی مێژووی نوێی کوردەوە هەبێت دەتوانێت کۆدی ئەم وەڵام و ڕستەیە بکاتەوە. دەستەواژەی (قوربان من تورکمانم)، واتا ڕووکەشەکەی ئاماژەیە بۆ پێکهاتەی تورکمانی نیشتەجێکراوی ئەو ناوچە کوردییانە. کەچی ئەو واتایانەی کە شاردراونەتەوە و چیرۆکنووس هەوڵیداوە بەهۆی ئەم وەڵامە سادەوە بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێبکات، جۆراو جۆرن. دەشێ (من تورکمانم) ئاماژە بێت بۆ پێکهاتەی تورکمانی ناوچەی لەیلان بەتایبەتی و کەرکوک بە گشتی، کە گوایە لەگەڵ کورد لەو ژینگەیەدا ژیاون، کەواتە وەک ئەوەی چیرۆکنووس بیەوێت بڵێ، مەسەلەکە تەنیا کورد و عەرەب نییە، بەڵکو تورکمانیش بەشێکە لە پێکهاتەی ناوچەکە. دەشێ (من تورکمانم) ئاماژە بێت بۆ پرۆسەی بە تورککردن، وەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێیی کرد، کە پێش پرۆسەی بەعەرەبکردن و لە سەدەی یانزەهەم و لەگەڵ داگیرکاری سەلجوقییەکان و دواتریش لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە دەستی پێکرد و خەڵکانێکی بە

ڕەچەڵەک تورک و تورکمان لەگەڵ هەڵمەتی داگیرکارییەکان هاتنە ناوچەی کەرکوک و دەوروبەری و بەمەش ژینگەی کەرکوک بوو بە ژینگەیەکی تێکەڵ لە کورد و تورکمان و عەرەب. هەروەها دەشێ (من تورکمانم) ئاماژە بێت بۆ دەسەڵاتداریەتی هەردوو نەتەوەی تورکمان و عەرەب لە ناوچە کوردییە داگیرکراوەکان، وەک ئەوەی چیرۆکنووس دەیەوێت ئاماژە بەوە بکات کە ئەگەرچی ئەم خاک و ژینگە و ناوچەیە هی کوردە و زۆرینەی کوردی لێ نیشتەجێیە، کەچی مافی خۆ بەڕێوەبردنیان پێنادرێ و تەنانەت لە ژینگەکەی خۆشیاندا زوڵم و ستەم و نادادپەروەرییان بەرامبەر دەکرێت و کەسانی بێگانە دەبنە سەردار و سەرکاریان و مافی ئەوەیان پێنادرێت لە ژینگە و شوێنی خۆشیان بڕیار بەدەست و بەڕێوەبەری کارەکانی خۆیان بن. ئەم واتایەش پێوەندی بە قەرینەیەکەوە هەیە کە لە کورتە چیرۆکەکەدا بە ئاشکرا دیارە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەو بەڕێوەبەرە گوایە تورکمانە و بەڕێوەبەرە لە قوتابخانەیەکی ناوەندی کوردی، کە قوتابییەکانی هەمووی کوردن و ناوچەکە ناوچەیەکی کوردییە. کە دەبوو بەڕێوەبەرەکەی کورد بوایە، کەچی تورکمانێکی بە بنەچە عەرەبە! بۆیە ڕژێمی بەعس هیچ پلە و پۆستێکی کارگێڕی و سیاسی و حیزبی لەم ناوچانە بە کورد ڕەوا نەدەبینی و زۆرتر دەیبەخشی بە عەرەب و هەندێکجاریش بە تورکمانەکان. دەشێ ئەم پۆستە کارگێڕییە پەروەردەییە ئاماژەیەکیش بێت بۆ پلە و پایەی سیاسی کە هەمیشە بە ئاگر و ئاسن فەرمانڕەوایی ئەم ژینگە کوردییەیان کردووە کە دەوڵەمەندە بە نەوت و کانزا سروشتییەکان.

هەر لەم وەڵامدانەوەیەی بەڕێوەبەری ناوەندی لەیلاندا، ڕستەیەکی تر بەکارهاتووە، کە بریتییە لە (بەڵام ئەسڵم عەرەبە).

ئەم ڕستەیەش وەک ڕستەکانی تری کورتە چیرۆکەکە لە ڕووکەشدا سادە و ساکار دەردەکەوێت و وا پیشاندەدات کە واتاکەی ڕاستەوخۆ داوە بەدەستەوە، کەچی ئەگەر بە وردی لە سیاقی ڕستەکانی تری کورتە چیرۆکەکەدا لێی وردبینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ڕستەیەش واتا و دەلالەتێکی قوڵ و شاراوەی هەڵگرتووە. ئەم ڕستەیە دەشێ ئاماژەدار بێت بۆ مەسەلەی (گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی)، بەتایبەت لە پارێزگای کەرکوک یەکێک لە سیاسەتە داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعسی عێراقی لەو ژینگە و ناوچانەدا بریتی بوو لە هەڕەشەکردن لەو نەتەوانەی کە عەرەب نەبوون، بە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییان، ئەمە شتێکی باو بوو لە عێراقدا، بۆ ئەوەی لەکاتی سەرژمێری و ئامارەکاندا وا دەردەکەوێت کە نەتەوەی عەرەب، یان نەتەوەیەکی تر لەم ناوچانەدا ژمارەیان زیاترە لە کورد. ئێستاشی لەگەڵدا بێت شوێنەوار و ئاسەوارەکانی ئەمە بەسەر بەشێک لە خەڵکییەوە دیارە. جگە لەمەش دەشێ ئاماژەش بێت بۆ ئەو تێکەڵییە نەتەوەیی و مەزهەبییەی کە لە عێراقدا لە کۆنەوە هەبووە.

تەوەری چوارەم: راڤەکردنی ناوەرۆکی کورتە چیرۆکەکە لەمیانی (شوێن و مێژووی نووسین)ی دەق:

سەرەتا با سەرنجێک لەوە بدەین کورتە چیرۆکەکە لە کوێ و لە چ ساڵێک نووسراوە؟ چونکە زۆرجار ئەمانەش سەرەداوێک بەدەست رەخنەگرەوە دەدەن بۆئەوەی هەنگاوە رەخنەییەکانی خۆی بە دروستی ئەنجامبدات و راڤە و توێژینەوەکانی بەڕێیەکی بابەتییانەدا ببات، چونکە لە لایەک رەخنەگری سەر بەم میتۆدە دەبێت کەڵک لە بچوکترین بەڵگە و دۆکیومێنت ببینێت و هەنگاوەکانی خۆی لەسەر بونیادبنێت. لە لایەکی ترەوە ئەو دەقانەی وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی

مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و ڕووداوێکیان تۆمارکردووە، یان ڕەهەندی مێژوویی و سیاسییان تێدا زاڵە، مەسەلەی تۆمارکردنی ساڵ و شوێنی نووسینی دەقەکەش گرنگی خۆی هەیە و یەکێکە لەو دەروازانەی ڕەخنەگر لە توانایدا هەیە لێیەوە گوزەر بۆ نێو دەقەکە بکات.لێرەدا هەم ساڵی نووسینی چیرۆکەکە و هەم شوێنی نووسینی چیرۆکەکە ئاماژەیەکی سەرپێیین بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەمیانی ساڵ و شوێنی چیرۆکەکە و ناونیشان و دەقی چیرۆکەکە بگەین بەو مەبەست و ناوەڕۆکەی چیرۆکنووس هەوڵیداوە دەریببڕێت. بۆ زانیاری خوێنەر لەگەڵ دەقی چیرۆکەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە چیرۆکەکە لە ساڵی (١٩٧٤) لە شاری (کەرکوک) نووسراوە. ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە کە چیرۆکەکە پێوەندی بە ناوچەیەکەوە هەیە کە زۆر لەمێژە کێشەی لەسەرە و زیاتر لە نەتەوەیەک لەو شوێنە دەژین (کە هەڵبەت زۆرینەی هەرە زۆری کوردن) و شوێنەکە یەکێکە لەو ناوچانەی لە مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عێراقەوە ململانێ و ناکۆکییەکی زۆری لەسەرە و شوێنێکە هەم لەڕووی سیاسییەوە هەم لە ڕووی ئابوورییەوە هەم لەڕووی دیمۆگرافییەوە شوێنێکی ستراتیژییە. یەکێک لەو کێشە بەردەوامانەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو ناوچەیەوە هەیە و تا ئێستاش کاریگەری و شوێنەوارەکانی لەسەر دەروون و ژیانی تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردیدا ماوە و بەردەوامیشە، بەتایبەتیش لەسەر ژیان و دەروونی خەڵکی ئەو ناوچەیە، بریتییە لە مەسەلەی (بەعەرەبکردن)، کە پرۆسەیەکە پێوەندی بە ڕاگواستنی کۆمەڵێک خەڵکەوە هەیە، (کە لەڕووی نەژادەوە جیاوازن) لە زێدی باب و باپیرانیان و گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی تر و هێنانی کۆمەڵێک خەڵکی تری بە ڕەگەز

و نەژاد جیاواز (کە عەرەبن) بۆ ناوچەکانیان، بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکان و سڕینەوەی شوێنەواری نەتەوە ڕەسەنەکان لەو ناوچانە. لێرەوە لە دەقێکدا کە ڕەهەندی مێژوویی تێدا زەق کراوەتەوە، کاتێک ڕەخنەگر دەزانێت چیرۆکەکە کەی و لە کوێ نووسراوە؟ و کاتێکیش خودی چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە، ئەوا ڕەنگبێت هەندێکجار بەهۆی ئەمەوە سەرەداوێکی لە بارەی ناوەرۆک و مەبەستی دەقەکە لە مێژوو و شوێنی نووسینی دەقەکەوە دەستکەوێت، چونکە ڕاستەوخۆ کە چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە، ئەوکات ئەگەر دەقنووس زمانێکی تەمومژ و ناڕاستەوخۆشی لە دەربڕینەدا بەکارهێنابێت، هەر بە خوێندنەوەی ناونیشان و مەتنی دەقەکە و زانینی ساڵ و شوێنی نووسینی دەقەکە، بیرۆکەیەکی لەبارەی ناوەڕۆکی دەقەکەوە لا دروست دەبێت.

**سەرچاوەکان:**


بە کوردی:

حەسەن جاف، دیجلەی تاوان (کورتە چیرۆک)، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠.

بە عەرەبی:

احمد الشايب، اصول النقد الادبي، ط ٨، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٣.

د. حسين الحاج حسن، النقد الادبي في اثار اعلامه، ط ١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٦.

د. عبدالعزيز عتيق، في النقد الادبي، ط٢، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٢.

د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، ط ١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٧٩.


د. عمر محمد الطالب،المذاهب النقدية (دراسة و تطبيق)، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، ١٩٩٣.

د. كمال نشأت، في النقد الادبي (دراسة و تطبيق)، ط ٢، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٦.

د. محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، ط ٣، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٧.

د. محمد مندور، في الادب والنقد، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٤.

# ڕەهەندی فەلسەفی لە ئەلبومی شیعری (بۆهیمی و ئەستێرەکان)ی (بەختیار عەلی)دا



د. عەتا ڕەشید حسێن

هەواڵنامەی کتێب

**- چەمک و زاراوەی فەلسەفە**

فەلسەفە بە واتا باوەکەی، واتە ڕامان و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان و قووڵبوونەوە لە بابەتە هزری و مەعریفییەکان، ئاخاوتن سەبارەت بە بنەماکانی ژیان و ڕەوشت و گەردوون، باوەڕ، دیاردەکان و چارەنووسی مرۆڤ ... تد.کەواتە فەلسەفە بیرکردنەوەیە لە بیر.بە واتایەکی تر، فەلسەفە وردبوونەوە و ڕۆچوونە لەو بیر و باوەڕ و تێڕوانین و بۆچوونانەی، کە لە نێو خەڵکیدا باون، تا بەهۆیەوە بتوانێت بنج و بناوانی ئەم جیهانبینییە بنیات بنێت، کە لەسەر بنەمای زانیاریی مەعریفە بنیاتنراوە

و ئامرازێکە بۆ عەقڵگەرایی، کە پێوەری شارستانییەتە٠
زاراوەی فەلسەفە لە بنەڕەتدا، لە هەر دوو وشەی (philo)، کە بە واتای (حەزکردن) دێت و(sophy) ، کە بە واتای دانایی دێت پێکهاتووە٠ بۆ ئەو مەبەستە و گەیشتن بە فەلسەفە (ئەرستۆ) پێیوایە، کە سەرسامبوون یەکەمین پاڵنەری فەلسەفەیە٠ واتە کاتێک مرۆڤ هاتۆتە ئەم دنیایەوە، خۆی لە جیهانێکی جیاوازدا بینیوەتەوە و تووشی سەرسامی و سەرسوڕمان بووە و دەستی کردووە بە پرسیارکردن بە جۆرەها شێوە، کە ئەم دنیایە بۆچی؟ لە کوێوە هاتووە؟ بۆ کوێ دەچێت؟ ٠٠٠ تد٠واتە، مرۆڤ پرس و گفتوگۆ لە تەک خۆیدا بکات و هەوڵبدات عەقڵی خۆی بخاتەکار بۆ گەیشتن بەو ڕاستییەی،کە دەیەوێ و مەبەستییەتی لێی دڵنیا بێت٠لەو ڕووەشەوە، جیهانی وەکو مەتەڵێکی گەورە بینیوە و هەوڵیداوە هەڵیبهێنێ، بەڵام ئەو هۆکارەشی، کە پاڵی بە مرۆڤەوە ناوە مەتەڵی جیهان هەڵبهێنێت بریتی بووە لە سوود٠

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فەلسەفە بریتییە لە گەڕان بە دوای ڕاستییەکانی ژیان و واتای بوون و عەقڵی جیهاندا٠بەوەش دەیەوێت ئاڵوگۆڕ لە بیری مرۆڤدا دروست بکات لە هەر دوو ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بێگومان، سەرچاوەی فەلسەفەش لەسەر چارەسەرکردن و لێکدانەوەی ئەو بابەتانە وەستاوە٠

**ـ خاسیەتی فەلسەفە**

خاسیەتی فەلسەفە، وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی هۆشمەندی کۆمەڵایەتی، ئەوەیە، کە لە جەوهەردا بریتییە لە تێڕوانینی جیهان٠ ئیدی لێرەوە فەلسەفە بۆتە سیستمێک بۆ بەخۆگرتنی چەمک و تێگەیشتنە هەرە گەردوونییەکان دەربارەی جیهان و پەیوەندی مرۆڤ بەم دنیایەوە٠ فەلسەفە لە گۆشەی سیما ویاسا گشتییەکانەوە، لە گۆشەی ئەو یەکێتییەی، کە لە جۆراوجۆری

ڕووالەت و شتەکاندا هەیە و ئەو پرۆسێسانەی دەوری مرۆڤیان داوە لە جیهان دەکۆڵێتەوە. نەک هەر ئەوەندە، تەنانەت فەلسەفە دەتوانێت کارێک بکات، کەسێکی ناو کایە مەعریفییەکانی تر، یان زانستێکی دیاریکراو لە جێگە و پێگەی خۆی و زانستەکەی لەسەر نەخشەی کۆی مەعریفەی مرۆڤ تێبگات.

هەروەها دەشتوانێ ڕاڤەی شتێک بکات، کە جێگەی ڕاڤەکردنن. واتە پرەنسیپی فەلسەفە ئەوەیە، کە شتە هەمەکییەکان هیچ شتێک ڕاڤە ناکەن، بگرە ئەوان خۆیان دەبێت جێگای ڕاڤەکردن بن.بە واتایەکی تر، فەلسەفە مافی ئەوەی هەیە حوکم بدات و ئاماژە بەو هەڵەیە بکات، بە تایبەت، ئەگەر ئەو گریمانەیە، یان ئەو گوزارەیە ناکۆک بوو لەگەڵ پرەنسیپ و بەر ئەنجامەکانی،کە خۆی پێی گەیشتووە. بەوەش فەلسەفە شیکردنەوە داکۆکیکردن لە داتاکان دەکات. واتەئەگەر زانستێک خستنە ڕووەکانی پشت بە کۆمەڵێک داتا



بەختیار عەلی

و زانیاری ببەستێت و نەتوانێت ئەو داتا و زانیاریانە شیبکاتەوە و نەیزانێ داکۆکی لێبکات، ئەوا دەبێت زانستێکی باڵا هەبێت، کە کارەکەی بریتی بێت لە شیکردنەوەی ئەو داتا و زانیاریانە، بۆیە ئەرکی فەلسەفەیە شیکردنەوە و داکۆکی لەو داتا و زانیارییانە بکات.

**ـ بابەتەکانی فەلسەفە**

**١. فەلسەفەی میتافیزیک (ئەو دیوی سروشت):** لە بنچینەی گەردوون و حەقیقەتی بوون و

هەواڵنامەی کتێب

بنچینەی دروستبوون و گەشەکردن و چارەنووسی ڕۆح و نهێنییەکانی مردن و ژیان ٠٠٠ تد دەکۆڵێتەوە٠

٠٢ **فەلسەفەی سروشت:** لە ڕوواڵەتەکانی ئەم جیهانە و هێزە ماددییەکانی و چییەتی دیاردە سروشتییەکانی دەکۆڵێتەوە٠

٠٣ فەلسەفەی عەقڵ : بابەتەکانی لۆجیکناسی، ئاکارناسی، جوانیناسی دەگرێتەوە٠

٠٤ **فەلسەفەی کۆمەڵایەتی:** لە بابەتەکانی کۆمەڵگە و پەیوەندییەکان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و نموونە باڵاکانی وەکو:- دادپەروەردی، دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ، یەکسانی و ئازادی ، ٠٠٠ تد دەکۆڵێتەوە٠

٠٥ **فەلسەفەی مێژوو:** ئەو بابەتەیە، کە لە مێژوو دەکۆڵێتەوە و تیایدا سەرنجی ئەو قۆناغە مێژووییانە دەدات،کە کۆمەڵگەیان پێدا تێپەڕ دەبێت٠ هەروەها هەموو قۆناغێکی شارستانیش پەیوەستە بە قۆناغە شارستانییەکەی پێش خۆیەوە٠ لێکۆڵینەوە لە ڕابردووش ڕێنوێنیمان دەکات بۆ تێگەیشتن لە ئێستا و پێشبینیکردنی داهاتوو، ئەمەش لە ڕێی کێشانی ئەو یاسا گشتیانەوە، کە بە درێژایی چاخەکان کاروانی کۆمەڵگە و شارستانییەتەکان بەڕێوەدەبەن.

**- پەیوەندی نێوان ئەدەب و فە لسە فە**

لە ڕاستیدا، ئەدەب و فەلسەفە دوو کایەی مەعریفی جیاوازن،بەڵام وێڕای ئەو جیاوازییەشیان گەلێک پەیوەندی جۆراوجۆر لە نێوانیاندا هەیە٠ بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵە هاوبەشەی، کە هەردووکیان پشت بە کەرەستەکانی زمان دەبەستن بۆ دەربڕینی مەرام و مەبەستەکانیان٠ هەربۆیە کارکردن لە ناو بونیادی ڕۆشنبیریدا، خۆی لە خۆیدا کارکردنێکی ئارکیۆلۆجییە لەناو بونیادی هزر و زەین و تێڕاماندا و کارێکی ئەستەم و دژوارە و پێویستی بە کۆمەڵێک ڕاستی هەیە ،کە دەبێت پێش هەموو شتێک مرۆڤ پەییان پێببات٠

واتە لە بەرایی هەمووواندا دەبێت

مرۆڤ خوێندنەوەیەکی قووڵ و برشتئامێز و وردی هەبێت بۆ سەرجەم بابەتەکانی داهێنان و کەرەستەکانی گواستنەوەی چەمکەکان بۆ ناو هزر و زەین و تێرامان. لەو چوارچێوەیەشدا، خوێندنەوە پرۆسەیەکی مەعریفی بناغەیی ڕۆشنبیرییە و دەستووری دژواری خۆی هەیە، چونکە بریتییە لە وەرگرتن و گەمەی واتاکان و پەیبردن بە هەزمکردنی چەمکەکان.

هەروەها لە دوای هەر خوێندنەوەیەک و دروستبوونی پرۆسێسی تێگەیشتن کۆمەڵێک چەمک و دژە چەمک و تێڕوانین دێنە کایەوە، کە دەبنە بونیادی جووڵەی ئەو کەسەی، کە لەناو فەزای ، یاخود پانتایی ڕۆشنبیری کاردەکات لە دوای بەهێزکردن و مشتومال کردنیان شەپۆلێک لە بیر کردنەوە دروست دەبێت، کە بەهۆیەو مرۆڤ دەکاتە خاوەنی جۆرێک بینینی جیاواز.

شایانی باسە، بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی پەیوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفە بەتایبەتیش شیعر و فەلسەفە، دەبینین هەر لە سەدەکانی پێش زایینەوە لەسەردەمی فەیلەسوفەکانی یۆنانەوە تا ئەمڕۆ زۆرانبازی و ململانێیەکی توند و تیژ دەربارەی مەسەلە بنەڕەتییەکەی فەلسەفە، کە خۆی لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان بوون(وجود) و هۆش (وعی) دا دەبینێتەوە، کە کامیان لە پێشەوەیە و کامیان لە دواوەیە؟ کامیان ئەویتریان دیاری دەکات؟ لەو ڕووەشەوە، فەیلەسوفەکان بە پێی جۆری وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بە درێژایی مێژوو بوونەتە دوو بەشەوە.

بێگومان، لەو چوارچێوەیەشدا زانستی ئیستاتیکا وەک بابەتێکی هەرە گرنگی فەلسەفە لەو زۆرانبازی و ململانێیەدا بێبەش نەبووە، بەڵکو وەکو هەموو مەسەلە فیکرییەکانی تری مرۆڤ لە هەر قۆناغ و ماوەیەکدا دوو شێوە لێکدانەوەی بۆ کراوە، کە دوو لێکدانەوەی جیاواز و دژ بەیەکتر بوون و لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی

دوو ڕێبازە فەلسەفییە سەرەکییەکە بووە٠ بەتایبەتیش دەربارەی ئەوەی ئایا شیعر ئیلهامە، یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە؟

لەو ڕووەشەوە، هەندێک لە ڕەخنەگران و شارەزایان هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە شیعر ئیلهامە و تیایدا دروستکردنی وێنە شیعرییەکان بە زادەی بیرکردنەوەی مێشکی دەزانن، بۆ ئەوەش بەڵگەیان ئەوەیە، کە زۆرجار شاعیر خەیاڵەکانی کاتی ئێستای دەبڕێت و داهاتوو دەبینێت٠ بەڵام لە بەرانبەریشدا شارەزایانی زانستی زمان، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە زمان و بیرکردنەوە دوو شتی پێکەوە بەستراون و هیچ یەکێکیان بێ ئەویتریان نابێت٠ هەروەک شارەزایانی پرۆسێسی دروستبوونی زمانیش، کە سەرچاوەکەی واقیعە و ئەنجامی کارکردن و گەشەکردنی مرۆڤە لە ڕووی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەوە و هەموو فراوانکردنێک و خستنە سەرێکیش بۆ زمان و ئەو چەمکانەی بەشێوەیەکی داماڵراو لە وشەدا دەیبینین ئەنجامی ژیانی کۆمەڵایەتییە و تیشکدانەوەی واقیعە لە مێشکدا، کە ئەمیش گۆڕانی بەسەردا دەهێنێ سەبارەت بەو خاسیەتەی، کە کردوویەتی بە ماددەیەک لەوپەڕی بەرزی شێوەی ڕێکخستندا٠ بۆیە مرۆڤی دوور لە واقیعی کۆمەڵایەتی ناتوانێت وشە و زمان، کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین بەکاربهێنێت چ جای شیعر، کە زمانێکی ناسک و بەرزە و دیوی ئیستاتیکای زمانە٠

بەڵام قوتابخانەی تازەگەری لە فەلسەفەی دەقی ئەدەبی، کە لە نێوان هەر دوو قوتابخانەدایە، دەڵێت هەستکردن بەجوانی دەق خودی و بابەتی پێکەوەیە، واتە هونەری دەق ئەو پەیوەندییە لە نێوان دەقی هونەری و هەستکردنی عەقڵی مرۆڤە٠ واتە دەقە جوانەکان هەن، بەڵام هۆش و هزر و ڕۆشنبیری و کەسایەتی مرۆڤ دەتوانێت هەزمی ئەو هونەرە بکات و وەریبگرێت٠

شایانی باسە، هەر لە چوارچێوەی مێژووی لاپەڕەکانی پەیوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفە، دەبینین

(بۆگمارتن) لە ساڵی (١٧٥٠) زایینی، کە پرۆفیسۆری فەلسەفە بوولە زانکۆی (فرانکفۆرت) یەکەمجار دەقی هونەری لە ئەدەبدا بەکارهێناوە و دەقی نەمری نووسیوە٠ دەقی هونەریش لە ئەدەب، واتە (ئیستزس) ، کە وشەیەکی یۆنانییە بە مانای (هەست و بە ئاگابوون) لە جیهانی دەوروبەردا،یان تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی لەبارەی هونەرەوە،وەک (هیراکلیتس) دەڵێت:- (( گەڕانە بە دوای دەقی ئەدەبی، واتە گەڕان و دەقی ئەدەبی و ناساندنی بە خواوەندی جوانی و دۆزینەوەی ئارامگیری جوانی٠

کەواتە چێژ وەرگرتن لە دەقی ئەدەبی، حەوانەوە و ئاسوودەبوونی ڕۆحە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەو دەقانەی ، کە دەروون پێی ئاسوودە دەبێت، مەرج نییە جوان بێت، چونکە جوانی دەق بەوە دیاریدەکرێت، ئاخۆ تا چ ڕادەیەک ئەو بابەتە هونەرییە، یان ئەو بابەتە ئەدەبییە کار دەکاتە سەر عەقڵ و ویژدان بەهۆی هەستیارە باڵاکانی سەر مرۆڤ، پێکەنین و گریان، یان خواردنی سێوێک، یان گۆرانی و چریکەی مۆسیقا هەموو ئەو چێژانە، کە هەست و سۆزمان دەجووڵێنن پێی دەگوترێت فەلسەفەی دەقی ئەدەبی٠

بەهەر حاڵ، لە ڕوانگە و دەلاقەی لقەکانی فەلسەفەوە هەوڵدەدەین شرۆڤەیەکی ڕەخنەییانە بۆ ئەلبومە شیعری (بۆهیمی و ئەستێرەکان) بکەین بە تایبەتیش لە ڕوانگە و چەمکی فەلسەفەی دیاردەگەراییەوە(فینۆمینۆلۆژی)، کە کردوومانە بە پێوەرێک بۆ شرۆڤەی هەندێک لە دەقەکانی شاعیر، کە قوتابخانەیەکی فەلسەفی نوێیە و پشت بە شارەزایی هەست و شعور دەبەستێت بۆ ناسینی دیاردەکان و شتەکان، کە تیایدا بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆک و ماهیەتی ئەو دیاردانە٠

بابەتی دیاردەگەرایی لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە ئەو

واقیعە دەرەکییە دەگرێتەوە، کە کار لە هەستەکان دەکات،وەک دیاردە فیزیایی و کیمیاییەکان٠هەروەها ئەو واقیعە دەروونییە دەگرێتەوە، کە لە شعورەوە درکی پێدەکرێت، وەک دیاردەکانی هەڵچوون و دیاردەکانی ئیرادەگەری، بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە پڕۆسەی درککردندا خۆ بە خۆ ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە٠ لەو ڕووەشەوە (هۆسرڵ) دامەزرێنەری ئەم میتۆدە فەلسەفییە٠ واتە بایەخدانی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی بە دیاردەکان لە پێناوی ئەوەیە، تا ماهیەت و جەوهەری ئەو دیاردانە ئاشکرا بکات٠ هەروەها ئەو دیاردانەش دەگرێتەوە، کە لە ماهیەتی شعوری مرۆڤدا هەن٠ واتە ئەو شتانەی، کە لە دنیای دەرەوە دێنە ناو شعورەوە، پاشان لێیان دەکۆڵرێتەوە، تا بە ڕوونی دەربکەون٠

وەک دەبینین، بابەتی دیاردەگەرایی هەوڵدەدات خاڵی بەیەکگەیشتن لە نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزمدا دروست بکات، بە هەمانشێوەش هەوڵدەدات گونجاندنێک لە نێوان خود و بابەتدا دروست بکات٠ لەو چوارچێوەیەشدا و یەکێک لە بنەماکانی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە، ئەوەیە، کە وەڵامی کۆتایی و حوکمدانی کۆتایی بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە، چونکە ئەم میتۆدە لە حەقیقەتدا چ لە میتافیزیک و چ لە زانستدا باوەڕی بە حەقیقەتی ڕەها نیە٠

**ـ ئەنتۆلۆجیای بوونی مرۆڤ و بوونی میتافیزیکی**

دیارە، مەبەست لە ئەنتۆلۆجیای بوون، بنەڕەتی بوونە، کە لە دیدی فەلسەفییەوە بوونی مرۆڤ و بوونی خودا دەگرێتەوە٠٠٠تد٠ واتە مەسەلەی بوون ناوێکی هاوبەشە لە نێوان هەموو شتەکاندا، واتە بوون لە هەموو شوێنێکدایە و هەر بوونێک (مەوجودێک) جۆرە بوونێکی هەیە ، وەک بوونی شت، بوونی ئامراز، بوونی مرۆڤ ٠٠٠ تد٠ لەڕاستیدا، ئەمانە هەموویان هەن ، کە بوونێکی گشتییە، یان

بوونێکی ڕەهایە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە زیاتر تایبەتە بە مرۆڤ، کە لە ڕێکخستنی بووندا هاوبەشی دەکات، ئەمەش سیمایەکی دیار و جیاکەرەوەی مرۆڤە وەک (مەوجودێک) لە مەوجوودەکانی تر، کە گرنگی بەخۆی دەدات و لەبارەی بوونی خۆیەوە پرسیار دەکات و توانای دۆزینەوە و کەشفکردنی هەیە و خاوەن بوونێکی کراوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە لای وجودیەتەوە مرۆڤ ژیانێکی بێهوودەیی بەسەردا سەپێنراوە و ناتوانێت ئەم ژیانە، یان ئەم جیهانە بگۆڕێت، بەڵام بۆئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێت دەبێت کار بکات، وە کارکردنیش پێویستی بە ئازادی هەڵبژاردن هەیە و دەبێت لە ژیانیشیدا خاوەن هەڵوێست بێت.

هەر لەو دەلاقەیەوە، (هاری سولیفان) دەڵێت :- هەر کەسە فەلسەفەیەکی تایبەتی بەخۆی هەیە و پێی بەڕێوە دەچێت و پیگەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و ئارەزووە چەپێنراوەکانی سەردەخات و لە دەسەڵاتی ئەو فەلسەفە خودییە دەتوانێت پێناسەی خۆی بکات لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵ و ئایین و نیشتماندا ئینتیما بکات. تەنانەت کەسێکی وەکو (ئەدلەر) خودی تاک و غەریزەکان و حەزەکان بە بنچینەی کۆمەڵی سەرکەوتوو شارستانی پێشکەوتوو دادەنێت و پێیوایە لە هەر شوێنێک ئازادی تاک و غەریزەکانی بیرکردنەوە بێ سنوور بوو، بلۆک بەندی بۆ نەکرا، ئەوا لەو شوێنە شارستانیەت هەیە.

هەروەها سەبارەت بەمەسەلەی میتافیزیکیش(د.حسێن خەلیقی) پێیوایە میتافیزیک بریتییە لە شێوە بیروبۆچوونێک، کە تێدەکۆشێ ناوەڕۆک و تایبەتمەندی و لێهاتووییەکانی هەموو شتێک بە جارێک و بۆ هەمیشە ڕابگرێ. کەواتە هەموو شتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەبارەی دیاردەکانەوە بیر دەکاتەوە و تێدەکۆشێ هەموو شتێک لە شێوەیەکدا کۆبکاتەوە.

شایانی باسە، بە هەڵدانەوەی ئەلبومە شیعرییەکەی شاعیر

هەموو ئەو شتانەی بوونی مرۆڤ لە هەندێک لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بەرچاو دەکەون و بوونیان هەیە٠ بۆ نموونە لە دەقی شیعریی (کاتێک دابەش دەبم) ەکەیدا شاعیر خۆی لە بوونی مرۆڤ و بوونێکی میتافیزیکی خودادا دەبینێتەوە، هەروەکو دەڵێت:-

**بەد بینم و خۆم ئاوێتەی**
**خۆشبینی دەکەم**
**ڕەشم و خۆم تێکەڵ ڕەنگینی**
**دەکەم**
**تاڵم و خۆم تێکەڵ شیرینی دەکەم**
**بەسەر ڕووناکی سۆفییەکاندا**
**دابەش دەبم، بەسەر تاریکی**
**نابیناکاندا، بەسەر مۆمی**
**داگیرساوی گومانداا، بەسەر**
**کڕنووشی خەڵوەت و شنەی**
**جەنگەڵەکاندا دابەش دەبم**

وەک دەبینین، شاعیر خۆی لە بوونی مرۆڤ و بوونی میتافیزیکی خودادا دەبینێتەوە، هەربۆیە لەتێڕامانی شاعیرەوە بۆ بنیات و جیهانبینی شاعیر دەکرێ بڵێین بوون ڕاستییەکی بەرزتر بەدی دەکرێ،کە تیایدا هۆشیاری خودیی لە بنیاتی دەقەکەدا چەندین ڕەهەندی دژ بەیەکی هێناوەتە گۆ و ئەو ڕەهەندە جیاواز و دژ بەیەکانەی کۆکردۆتەوە ئەو ڕەوشە دەروونییەیە، کە شاعیر گیرۆدەی بووە و ئەو ڕەوشە دەروونییە بۆتە شانۆ و دەرخەر و بەرجەستەکەری کۆی ئەو ڕەهەندانە٠ بەواتایەکی دی خود هەموو شتێکە و هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەودا ناتوانێت بوونی هەبێت٠

تەنانەت بوونی جۆرێک لە ترس، وایکردووە جۆرێک دوودڵی و بێ ئارامی لە دایکبووە ،کە تەواو ناخی شاعیری داگیرکردووە و بێ ئۆقرەی کردووە و خۆی لە خۆیدا بەجۆرێکی ناسروشتی دابەش بووە بەسەر چەند ڕەهەندێکی دەروونی جیاوازدا٠

هەروەکو ئاماژەمان پێدا، شاعیر تووشی جۆرێک لە دوودڵی و گومان بۆتەوە و بەهۆیەوە

گومـان لـە هەمـوو شـتێک دەکات، جـا گومانـەکان بـە هـەر هۆکارێـک بێـت ، حاڵەتێکـی هەڵچوونییـە و لـە ئەنجامـی تـرس لـە شـتێکی نادیـار سـەرهەڵدەدات و بەهۆیـەوە جۆرێـک لـە نائارامـی دەروونـی دروسـت دەکات ، یاخود لە ئەنجامی ململانێی پاڵنـەرەکان و هەوڵدانـی تـاک بـۆ جۆرێک لە گونجاندنە، بۆیە ئەوەی لـە بنیاتـی دەقـە شـیعرییەکاندا بـەر کەڵکـی خـۆی دەخـات، بریتییـە لـە مەعریفەیەکـی تـەواو نوێ و جیـاواز هەروەکو لـە بنیاتـی دەقـی شـیعری (درۆی ئاگـر) هکەیـدا بـە ئاشـکرا هەسـتی پێدەکرێ و ڕەنگیداوەتـەوە، هەروەکـو دەڵێـت :-

**من کە دەسووتێم، بۆ لە جەهەنەم**
**بترسم**
**ئەوەی سەرتاپا برین بێت، خۆی**
**لە شمشێر نادزێتەوە**
**ئەی ئاگر، ئەی دۆستی هەموو**
**دۆستەکان**
**تەنیا پیاوانی ترسنۆک پێویستییان**
**بە بڵێسەکانی تۆیە بۆ**
**سووتان**

**ئێمە کە لە نور تێدەگەین، تاریکی**
**ئێمە بە تۆ**
**تەفسیر ناکرێت، ئێمە کە خۆمان**
**باوەشێنی ئاگری خۆمان**
**دەکەین، بڵێسەی ئێمە بە بڵێسەی**
**تۆ ناگەشێتەوە**

وەک دەبینیـن، هۆشـیاری و ئاگایـی بـە کات، خـۆی لـە نێـو هۆشـیارییە گشـتییەکەی ژیانـدا مەڵاسـداوە و بنەمـا و بنچینـەی ئـەم دەقـە شـیعرییە کۆمەڵـە وێنەیەکـن بـە زەقـی دەدرەوشـێنەوە و برینـی خـۆی لـە ئامێـز گرتـووە و ئەمـەش حـەز و خولیـای ژیانـە، کـە بێگومـان ئەپسـتمۆلۆجیای شـیعریی لـە تێڕامانـی زینـدوو بەخشـەوە دەسـتپێدەکات بـەرەو بیرکردنـەوەی ڕووت و پیادەکردنـدا کۆتایـی دێـت. هـەر لـەم ڕوانگەیەشـەوە بایـەخ بـە مەسـەلەی هەسـت و دڵنیایـی و مەزەندەکاری و پرس و ئەندێشـە و کریشـمە بـازی پراکتیـک بەخشـین دەدات، جگـە لـە پەروەرشـی ئەندێشـەیەکی بەرفـراوان.
هەروەهـا گـەڕان بـەدوای یەقینـدا و

دوورکەوتنەوە لە گومان و ڕاڕایی و تێگەیشتنی زەینی و هزری بۆ مەعریفە دەچێتە ناو پرۆسێسی بیرکردنەوە لە ڕێگەی زمانی مەجازییەوە، وا دەکات مەیلێک بۆ دروستکردنی دونیایەکی فانتازی لە وێنەی شیعریی بئاخزێنێتە مەودای مەعریفەوە، کە زۆرجار دەچێتە نێو پرۆسێسی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنەوە٠ هەر لەو چوارچێوەیەدا و بەجۆرێک لە جۆرەکان گومان و دوودڵی شاعیرمان لە مەسەلەی مەرگ بۆ دەردەکەوێت٠ بەواتایەکی دیکە گومان لەوەی شوێنێک هەیە مردن نایگاتێ، هەروەها ئەو حەقیقەتەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە شاعیر باوەڕی بەوە نیە، کە مردن حەقیقەتێکی ڕەها بێت، چونکە ئەو بەشێوەیەک لە شێوەکان هەر دەمێنێتەوە و مانەوەشی لە مردن لە ڕەهاییەوە دەکاتە ڕێژەیی یەقینبوون و سەرئەنجامیش حەقیقەتبوونی ڕەها لە دەستدەدات٠ ئیدی وەک دەبینین، بەمشێوەیە وەرگر (خوێنەر) هەر لە دوو توێی ناونیشانی دەقە شیعرییەکەوە ئیستاتیکای بنیاتی دەقە شیعرییەکە دەبینێت بە پشت بەستن بە دوالیزمی دژ بەیەکی ژیان و مردن٠ ئەمە جگە لەوەی، کە مەسەلەی ئاگر لە هزر و تێفکرینی شاعیردا پلە و پێگەیەکی بەرز و گەورەی هەیە و ڕەمزە بۆ ڕووناکییەکانی ژیان٠

شایانی باسە، هەر لە میانی زیاتر ڕۆچوونمان بە نێو بنیاتی دەقە شیعرییەکانی شاعیردا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هونەری شیعر یەکێکە لەو دیاردە و دەرکەوتنانەی، کە ناتوانرێت بە پێوەرەکانی ئاکار بڕیاریان لەسەر بدرێت، خۆ ئەگەر کارێکی ئاوهاش کرا، ئەوا ئەو کاتە دەتوانین بە ئاکاری شیعریی ناوزەدی بکەین٠ لەو ڕوانگەیەشەوە، گەر لە دەقی شیعریی (گۆڤارێک لە خۆر و زوڵمەت) وردبینەوە ، ئەوا ئەو ڕاستییەمان زیاتر بەرچاو دەکەوێت، هەروەکو دەڵێت:-

**هەموو حەرفەکانیشت تەڵا بن،**

**هەموو فاریزەکانت لە زیو**
**هەموو نوختەکانت لە برۆنز و**
**هەموو لاپەڕەکانت لە نیلۆڤەر ...**
**ئەو پیاوەی کە لێرەوە دێت، ئەو**
**پیاوەی هەموو حەرفەکانی لە**
**لمن، هەموو فاریزەکانی لە دڕکن،**
**هەموو نوختەکانی لە تەرزەن**
**... تۆ ناخوێنێتەوە.**
**با... تۆ دەناسێت ... با تۆ**
**دەخوێنێتەوە ... با تۆ تەفسیر**
**دەکات...**
**با... تۆ دەنووسێتەوە.**

وەک دەبینین، لێرەدا خستنە ڕووی ئاکارێکی تایبەت بە ئەویتر تێڕوانینی خۆی هەیە و جیاوازە لەو کەسەی، کە چاوەڕوانیەتی. هەڵبەت ئەمەش کاریگەری لەسەر وەرگر (خوێنەر) دەبێت بەوەی، کە جیاوازییەکان خودی جیاوازی فیکرە و ئەمەش لە ئاڕاستەکردنی ئاکاری مرۆییدا ڕۆڵی دیاری دەبێت. بێگومان، هەموو ئەمانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن ،کە دوای هەرخوێندنەوەیەک و دروستبوونی پرۆسێسی تێگەیشتن کۆمەڵێک چەمک و دژە چەمک و بیر و بۆچوون دێتە کایەوە، کە دەبنە بنیاتی جووڵەی ئەو کەسەی، کە لەناو فەزای ڕۆشبیرییدا کار دەکات، دوای بەهێزکردن و مشتومالکردنیان ڕەوتێک بیرکردنەوە لە لای دروست دەبێت و بە پێی ڕەوتی کات ئەزموونی زیاد دەبێت و دەبێتە خاوەنی جیهانبینییەکی سەربەخۆ، بەلام ئەو تێڕوانینەی، کە لە لای شاعیر بەرچاو دەکەوێت ،ئەوەیە هەر لە ناونیشانی دەقە شیعرییەکەوە شاعیر بنەما دەلالییەکانی نێو دەقەکەی بە ڕوونی خستۆتە ڕوو لە دوالیزمێکی دژ بەیەکدا،کە کۆی دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە و واتاکانی ژیانیان هەڵگرتووە و لە چەمکی ژیان دەدوێ بە ڕەهەندەکانیانەوە.

لە ڕاستیدا، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ناونیشانی دەقەکە کلیلێکی کارەکییە و بەهۆیەوە خوێنەر زیاتر کارا دەکات، کە بە وردی لە خودی دەقەکە وردبێتەوە و بچێتە نێو

جیهانی دەقەکەوە و نهێنییەکانی بدۆزێتەوە بەوەی، کە ژیان بە گشتی کەشکۆڵێکە لە خێر و شەڕ، لە ڕووناکی و تاریکی ...، بەڵام هەر یەکەشیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە جیا کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیان و ژیانی مرۆڤ هەیە. هەربۆیە ئەم ڕوانگە خودیەش وای لە دیاردەگەرایی کرد، کە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی زیاتر برەو پێبدات و بەرەو پێشەوەی ببات و لەو ڕوانگەیەشەوە وا لە ئەدەب تێ بگات، کە ڕووخسارێکە لە ڕووخسارەکانی هۆشیاریی و هەر بەو هۆیەشیەوە هەوڵبدات، کە چۆنیەتی دەرکەوتنی هەست و هزری شاعیر لە نێو ئەو ئەزموونە شیعرییەدا دەربخات.

هەر لە چوارچێوەی زیاتر ڕۆچوونمان بە نێو ئەلبوومە شیعرییەکەی شاعیردا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیر لە میانی بنیاتی دەقە شیعرییەکانیدا هەوڵیداوە، کە تەواوی بەها ئیستاتکییەکانی فەلسەفە لەو ئەلبومە شیعرییەیدا تەوزیف بکات. بێگومان، ئیساتیکاش فەلسەفەی جوانی دەگەیەنێت، کە بەهۆیەوە یاسا و ڕێ و ڕەسمێک بۆ شاعیر دەست نیشان دەکەن. بە واتایەکی دیکە ئیستاتیکا زانستێکی فەلسەفییە و لە سەرەتا گشتییەکانی هەڵوێستی ئیستاتیکی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە لە بەرانبەر واقیعدا، هەروەکو بابەتی فەلسەفەش ، کە زانستێکی ئایدیۆلۆجییە و هەوڵدەدات چارەسەری گیروگرفتی پەیوەندی هۆشمەندی ئیستاتیکی و هونەرەکان بە بوونی کۆمەڵایەتی ، واتە ژیانی مرۆییەوە بکات.

لە ڕاستیدا، هەموو ئەمانەش لە ڕێی زمانی شیعرەوە بەرهەمی هێناون، کە زمانی شیعریی و دەربڕینی شیعریی پێوەری شیعرن و شاعیر بەهۆیەوە وشە دادەهێنێت. لەو ڕووەشەوە (پۆل ڤالیری) گرنگییەکی زۆری بە زمانی شیعریی داوە و شیعر بە زمانێکی دیکەی ناو زمان دادەنێت و دەڵێت:- شیعر زمانە لە ڕێی زمانەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وشەکان لە بنیاتی

شـیعردا بەهایەکـی زیاتریـان هەیـە لـە بەهـای هەمـان وشـە لـە زمانـی ئاسـاییدا٠ بێگومـان ، ئەمـەش دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەیە، کـە چڕکردنـەوەی واتـاکان لـە شـیعردا زیاترن٠نموونـەی ئەمـەش ئەوەتـا شـاعیر لـە دەقی شـیعری (وشـە و دڵ)ەکەیـدا دەڵێـت:-

**من بە هۆی تۆوە دەچمە ناو**
**شەونم**
**تۆ کە لێرە نیت، من لە بری تۆ**
**لێرەم ئەی زمان**
**من کە لێرە نیم ، تۆ لە بری من**
**لێرەیت ئەی زمان**
**کاتێک دەمریت، بە دڵی مندا**
**دەگەڕێیتەوە ناو هەرەشەی**
**ساڵەکان لە یەکدی**
**کاتێک دەمرم، بە خوێنی تۆدا**
**دەگەڕێمەوە بۆ جەنگی ڕۆژەکان**
**لەگەڵ یەکدا**
**تا تۆ هاوار نەکەیت من شمشێرم**
**بەرز ناکەمەوە، تا من تەقە**
**لە جەنگەڵ نەکەم، تۆ هیجای**
**درەختەکان مەکە ٠٠٠**

تێبینی: بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوود لـەم سـەرچاوانەی خـوارەوە وەرگیراوە:-

٠١ ئاسـۆ عومـەر مسـتەفا، بەهـا ئیستاتیکییەکانی شیعر، چاپخانەی خانی، دهـۆک، ٢٠٠٩
٠٢ بەختیـار عەلـی، تـا ماتەمـی گـوڵ تـا خوێنـی فریشـتە، چاپخانـەی ڕەنـج، سـلێمانی، ٢٠٠٦
٠٣ کەریـم دەشـتی، ئـەدەب و فەلسـەفە، کتێبفرۆشـی سـۆران، هەولێر. ٢٠٠٤
٠٤ کەمـال مەمەنـد میراودەلـی، فەلسـەفەی جوانـی و هونـەر، چاپخانـەی زانکـۆی سـلێمانی، سـلێمانی ، ١٩٧٩
٠٥ مجیـد محمـود مطلـب، شـیعر و فەلسـەفە، و٠فوئـاد مەجیـد میسـری، چاپخانـەی عـلاء ، بەغـدا ، ١٩٧٨
٠٦ محەمـەد ئەمیـن عەبدوڵـلا(د)، بـوون لـە شـیعری مەحوی دا، چاپخانـەی تیشـک، سلێمانی، ٢٠٠٨
٠٧ نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبـی و ڕەخنەیـی، چاپخانـەی بینایی، سلێمانی ، ٢٠١١
٠٨یـادگار لەتیـف شـارەزووری(د)، دیاردەگەرایـی و ڕەخنـەی ئەدەبـی، چاپخانـەی هێڤـی، هەولێـر، ٢٠١٥

هەوڵنامەی کتێب

# ڕەخنەی ئەدەبی لە نێوان هەردوو ڕەوتی "زانستیی و ڕۆشنبیریی" لە ئەدەبی کوردیدا



پەری عومەر خەیلانی

بە گوتەیەکی جوانی مامۆستای ڕەوانشاد (عەزیز گەردی ١٩٤٧-٢٠٢٢) دەست پێ دەکەین کە دەڵێت: (ئەدەب بریتییە لەو دەقە نەمرانەی خەڵک ناوە ناوە دەیانخوێنێتەوە) کەواتە لە هەر بارێکی نووسین بێت (ئەدەب) ئەو دەقانە دەگرێتەوە، خوێنەران و نووسەران ناوە ناوە بگەڕێنەوە بۆ دووبارە و چەندبارە خوێندنەوەیان.

ئەی ئەگەر ئەم دەقە (ڕەخنە)یی بێت؟ کە دڵنیام ڕەخنەی سەرکەوتوو نەک هەر چێژی ئەدەبیمان پێ دەبەخشێت بەڵکوو دەروازەیەکیشە بۆ زیاتر ئاشنابوون و قووڵبونەوە بە جیهانی بەر بەرینی "ئەدەب".

بۆیە ئەگەر بە پێوانەی گوتەکەی مامۆستا "عەزیز گەردی" بابەتەکەی خۆمان پێوانە بکەین، دەبێت بڵێین: لە دەقی ڕەخنەیی زانستیی و ڕۆشنبیریی (کولتووری)ی، هەر دەقێک چەند جارێک خوێنەری بۆ خۆی پەلکێش کردەوە ئەوا بە فایدەیە و بە نەمریی دەمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر بوار، مەودا، شێواز و ئاراستەشیان جیاواز بێت.

لەبەرانبەریشدا هەر دەقێکی (ڕەخنەی زاستیی) ئەگەر نەیتوانی وا لە توێژەر یان ڕەخنەدۆز بکات دەقێکی ئەدەبی نەمریی لێ بەرهەم بێنێت بەچی دەچێت، گەر لەسەر ڕەفەی کتێبخانەی زانکۆکان یانیش کتێبفرۆشەکان بێ ناز بکەوێت و خوێنەرێک نەبێت دەقی بشکێنێت؟! یان (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی) ئەگەر نەیتوانی وا لە ڕەخنەی زانستی بکات بە شوێنیدا بێت و هاوئاهەنگیی و تابلۆی نوێی زانستی و ئەدەبی و هونەری لێ چێ بکات، بەچی دەچێت؟ گەر لەبری کتێبخانەی زانکۆکان لە هەموو ماڵێک و شوێنێک وجودی هەبێت؟! بەچی دەچێت؟! کەوابوو بەر لە هەر شت پێویستە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو ڕەوتە ڕەخنەییە (زانستیی و ڕۆشنبیریی) ڕێکبخرێت و یەکتر ڕەتنەکەنەوە و جێنەهێڵن، نێوانگیریی ڕەخنەی زانستی و ڕۆشنبیریی وا دەکات بەرهەمهێنانی فەلسەفە و چەمکی نوێ بێتە گۆڕێ؛ چونکە ئەم دوو ڕەوتە ڕەخنەییە ئەدەب لێکیان گرێدەدات، لە جیهانی ئەدەبیش روحی داهێنان هەمیشە وجودی هەیە.

نابێت بیرمان بچێت دەیان مامۆستای ئەکادیمی لەژێر دەستیی گەورە ڕۆشنبیران و ئەدیبانی وەک (عەلائەدین سەجادی و عەبدولکەریمی مودەڕیس و ...) پەروەردەبوون و پێگەیین، بوون بە ئەدیب و مامۆستای ئەکادیمی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیی، هەروەها دەیانی دیکەیش لە ژێر دەستی گەورە ئەکادیمیست و ئەدیبانی وەک (مارف خەزنەدار و

عەزیز گەردیی و ... ) پێگەیین و پەروەردە بوون. دواجار دەڵێین بە یەکگرتن و نێوان باشی ئەم دوو رەوتە خوێنەر زوو زوو دەچێتە ژوانی کتێب و دەقە نەشکاوەکان هەڵدەداتەوە.

ئینجا با بە کورتی پێناسە و رووخساری هەردوو رەوتە رەخنەییەکە بخەینە ڕوو:

**رەخنەی زانستیی چیە:**

رەخنەی زانستی: بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان رەخنەی زانستی واتە: خوێندنەوە و دیراسەکردنی دەق ئینجا لێکدانەوە و شیکردنەوەی، دواتر بەراووردکردنی لەگەڵ هەر دەقێکی دیکەی هاوشێوەی ئەو، دواتر دەرخستنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی نێو دەقەکە واتە لایەنی جوانی و کرێتی، پاشان هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی بەها و پلەکەی. هەڵبەت ئەم بەدوا داچوون و بڕیاردانەیش لە سایەی وابەستەبوونی نووسەر یان توێژەرەکە دەبێت بە رەچاوکردن و دیاریکردنی میتۆد و مەنهەجێکی رەخنەیی تایبەت کە وەک قالبێک بێت بۆ جەستەی دەقەکە. هەروەها لەبارەی چەمک و زاراوەیش ئەم جۆرە رەخنەیە ( فەڕەنسییە و سوود لە زانستە مرۆیی و سروشتی و پەتی و ئامارییەکان وەردەگرێت و بەهۆیانەوە لە تێکستی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە. زاراوەکە وەک جۆرێکی رەخنەیی هاودژ بەرانبەر رەخنەی (ئینتیباعی، سەرنجگەرایی، خودی و نامیتۆدبەندی) سەریهەڵداوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەدەی ١٩ سوود لە زانستە جیاوازەکانی وەک (مێژوو، دەروونزانی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە و جوانناسی و...هتد) وەرگیراوە بۆ بەرەو پێشبردنی زیاتری) لێرەدا دەگەینە ئەو راستیە کەوا رەخنەی زانستیش وابەستەی کۆمەڵێک زانستی دیکەیە و لە خۆیدا پیادەیان دەکات، شتێک نییە سەربەخۆ بێت لەم خاڵە بەتەواوی لەگەڵ رەخنەی رۆشنبیریی تەریبن، چونکە رەخنەی رۆشنبیریش

سەربەخۆ نییە و هەڵهێنجراوی کومەڵێک تێگەیشتنە لەپاڵ روئیاو ژیریی نووسەر یان رەخنەدۆزەکە.

**چەند تایبەتمەندییەکی رەخنەی زانستی:**

مادام رەخنەی زانستی بیەوێت کەوشەن و ستراتیژییەتی خۆی بپاریزێت و بۆ هەمیشە لە سەر هێڵی زانستی بڕوات و لانەدات، ئەوا گرنگی دەدات بە تایبەتمەندییە زانستیی و میتۆدیی و تیۆرییەکان لەگەڵییان تەریب دەڕوات، بەمەش خۆی دەگونجێنێت بۆ بەرهەمهێنانی دەق و تێزی وا کە لە ناوەندە ئەکادیمیی و زانستییەکان جێی بێتەوە و ببێتە سەرچاوەیلی دانپێنراو؛ چونکە بۆ رەخنەی زانستیی (بابەتێتی، زانستیبوون، میتۆدبەندی، زمانێکی رەخنەیی - زانستی و بابەتییانە گرنگە) دەکرێت بڵێین وەک ستوون رەخنەی زانستی لەسەری وەستاوە. لەهەموو ئەوانەیش گرنگتر لایان مەسەلەی ( میتۆد) ە، میتۆدیش واتە : پێڕەوی زانستیی کە ئاماژە دەدات بە کۆمەڵێک رێ و شوێن بۆ پشکنینی دیاردەکانی ناو ( دەق) بۆ دەستخستنی مانای نوێ، هەڵبەت ئەمەش پشت بە بەڵگە و ئەزموون دەبەستێت هەتاوەکوو وەک دەرەنجامی پێوانەیی لێ بنۆڕدرێت. بەمەش رەگەزە میتۆدییەکان رازی دەکات کە بریتیین لە:

**یەکەم:** کۆڵەکە و بنەماکان (حەتمییەت، راستی و بابەتێتی)

**دووەم:** بونیادە میتۆدبەندییەکان (فاکتەکان، چەمکەکان، گریمانە و بیردۆز و یاسا و ڕێساکان)

**سێیەم:** ئەرکەکان (وەسف، راڤەکردن، پێشبینیکردن و ته حه ككو مكر د ن )

لەژێر پەرچەمی ئەم میتۆد خوازییەی "رەخنەی زانستی" بەردەوام چ لە رێگەی رۆژنامە و گۆڤار و وێپ سایت چ لەرێگەی ناوەندەکانی خوێندن و سیمپۆزیۆم و کۆنفراس و دیدارە زمانەوانی و ئەدەبییەکان بەرهەمەکانی خۆی

لـە ڕێگـەی توێـژەر و نووسـەرەوە پێشـکەش دەکات. لێـرەوە حاڵـی بوویـن ئـەم ڕەخنەیـە ( ملکەچـی کۆمەڵێـک ڕێسـا و یاسـایە وەک زانسـتەکان، لەبەرئـەوە دوورە لـە هەڵەشـەیی و هەڕەمەکـی و بڕیاری خودی و هەست و سۆزی تایبەتـی ڕەخنەگر، کەواتـە ڕەخنـەی زانسـتی، ئـەو ڕەخنەیەیـە کـە بەشـێوەیەکی بابەتـی و زانسـتییانە لـە تێکسـت دەکۆڵێتـەوە و پشـت بـە میتۆدێـک یـان چەنـد میتۆدێکـی ڕەخنەیی دەبەستێت) لەگەڵ هەموو ئەمانەیـش ڕەخنـەی زانسـتیی لـە لایـەن ئامادەکارانییانـەوە گەلێکجـار کێشـەی لێ چێ دەبێت چ لە بواری جێبەجێکردنـی تیـۆرو میتـۆدەوە بێت یانیش لایەنی مەعریفیی و بێ ئاگایی توێژوەر. وەک لە نامەیەکی دکتـۆرای زانسـتی دکتـۆر (ڕێبیـن خەلیـل) هاتـووە بەناونیشـانی (سـیمای ڕەخنـەی زانسـتی لـە ڕەخنـەی ئەدەبـی کوردیـدا) لـە سـاڵی ٢٠٢٣ بـە سەرپەرشـتی (پ. د. سـەردار ئەحمـەد حەسـەن گـەردی) پێشکەشـی کۆلێـژی پەروەردە لـە زانکۆی سـەلاحەدینی کـردووە. تیایـدا کێشـەکانی بابەتـی میتۆدبەنـدی خسـتۆتە ڕوو لـە لایـەن ئەو قوتابیانـەی بۆ ماسـتەرو دکتۆرا کاریـان لەسـەر کـردووە دەڵێـت : ( لـە کـۆی ١٢٣ نامـەی ماسـتەر و دکتـۆرا تەنیـا ١٠ نامـە بانگەشـەی بەکارهێنانی میتۆدبەندیان کردووە، بـەڵام لـەم دە نامەیـەش تەنیا دوانیـان پابەندبـوون، لـە بانگەشـەی فرەمیتۆدیشـدا کەمتریـن نامـە پەیـڕەوی لـێ کـردووە، زۆرتریـن نامـەی ئـەم قۆناغـە نوێیە و تێکسـت ناوەنـدە و خوێنـەر بـە پلـەی دووەم دێـت، خاڵـی کۆتاییـش ئەوەیـە کـە نامـەکان بەشـێوەی بەشـەکی و لەتلەتکردنـی تێکسـتەکان لێیـان توێژراوەتـەوە، ئەمـەش ئەنجامێکـی سەرکەتوو لە پرۆسەی (میتۆبەندی) دا بـەدی ناهێنێـت.) کەوابـوو لەپاڵ هەمـوو بانگەشـەکانی ڕەخنـەی زانسـتی ئـەم دیاردەیانـەش هـەن ئەمـەش بـەڕای بەنـدە بـۆ چەنـد هۆکارێـک دەگەڕێنمـەوە لەوانـە(

بەشێک لەوانەی ماستەرو دکتۆرا لە بواری ( زمان و ئەدەب و رەخنە) دەخوێنن بۆ بەرزکردنەوەی ( پلە و پۆست و مووچەیە) ! واتە هیچ سەلیقەیەک و چێژێکی سروشتی و ئەدەبی لە ناخیاندا وجودیی نییە بەرانبەر ئەدەب و زمان و رەخنە؛ بۆیە دەبینین ئەو جۆرانە نە دەتوانن خۆیان تێبگەیەنن نە قوتابییەکیش پێ بگەیەنن لەوەی (رەخنە) چیە؟! چونکە بیرمان نەچێت ئەو خاڵەی زۆر گرنگە لە بابەتی ئەدەب و رەخنە هەبوونی (چێژە / التذوق) کە هەمووجار لە کۆلێژ دکتۆر (عەلی عەبدولڕەحمان) یادی بەخێر لە کاتی گوتنەوەی محازەرەکانی (رەخنە) جەختی لەسەر دەکردەوە. هەر ئەم چێژەیش وادەکات بەشێک لەوانەی رەخنەی رۆشنبیری دەنووسن هەمیشە بە شەوق و رەونەقی تازە بابەتەکانیان داڕێژنەوە؛ جونکە رەخنە بەرلەوەی هەرچی بێت سەلیقە و شێواز و زمانە وەک نووسەرو رەخنەگری کورد کاروان کاکە سوور دەڵێت( رەخنە زمانی تاکە) کەوابوو دەبێت ئەم زمانە حەزو چێژی تاکی تێدابێت بۆ بابەتەکە.

**رەخنەی رۆشنبیریی چیە:**

رەخنەی رۆشنبیریی: بێگومان ئەوەیش وەک رەخنەی زانستی دەستپێکێکی هەیە وەک لە سەرچاوەی مێژوویی و گوتارە ئەدەبییەکانیشدا هاتووە: (رەخنەی رۆشنبیری (Cultural Criticism) یەکێکە لەو زاراوە رەخنەییە ئەدەبیانەی لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەسەر دەستی رەخنەگری ئەمریکی (ڤینسینت .ب. لیچ) دەرکەوت، ئەوەش لەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بە ناونیشانی (رەخنەی ئەدەبیی ئەمریکی ١٩٨٨). پێشتر لەساڵانی شەستەکاندا تەنها زاراوەی لێکۆڵینەوە رۆشنبیرییەکان بڵاوبوو کە لەلایەن سەنتەری بێرمێنگهام و هەوڵە تیۆری و پراکتیکییەکانی زۆر لە بیرمەندانی بەریتانیا

کتێبخانەی هەواڵنامە

دەرکەوت، لە پێش هەمووشیانەوە (ریمۆند ولیامز) و (ئـب. تۆمسۆن) و (ریچارد هۆگارت) و (ستیوارت هۆڵ) ) بە پشت بەستن بەم پێشەکییە دەربارەی رەخنەی رۆشنبیری تێدەگەین کەوا ئەم جۆرە رەخنەیە لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی رابردوو باو بووەو درێژەی بەخۆی داوە تا هەنووکە. ئەم رەخنەیە وەک چالاکییەکی بەردەوامی هزریی لەبارەی ئەو دەقانە وجوودی هەیە کە دەکەونە بەر لێنز و بیریی رەخنەدۆزەوە و مەعریفەی هەمە جۆرو کراوە دەخاتە روو، پشت بەستوو بوە بە تێگەیشتنی هەمەلایەنە و فراوان. بە واتایەکی دیکە ( واتا لێکۆڵینەوەی رۆشنبیری سیستمێک نییە، بگرە زاراوەیەکی هزریی بەردەوام و جیاوازە و دەست بۆ پرسی جۆراوجۆر دەبات و پێکهاتووە لە رەوشە سیاسییەکان و چێوە تیۆرییە جیاواز و فرەچەشنەکان.) بۆیە ئەم جۆرە رەخنەیە بە رواڵەت و ناوەڕۆک دەوڵەمەند دەبیندرێت و خۆیشی بە هیچ شتێک گرێنادات و پێوەرو پێوانەکان بە سانایی لەگەڵ خۆی تەریب ناکات، باوەڕی بەوە هەیە هەموو دەقێک شایەنە لێی بڕواندرێت مادام زادەی بیریی مرۆڤە، وەک لە گوتارەئەدەبییەکانیش هاتووە( رەخنەی رۆشنبیری پێوەرگەریی ئەدەبی (literary canon) رەتدەکاتەوە و دژایەتیشی دەکات، ئەم جۆرە رەخنەیە هەوڵ دەدات وەرگر لەو بیرکردنەوەیە دووربخاتەوە کە هەندێ لەو کارە ئەدەبییانەی رۆشنبیرییەکی دیاریکراو بەرهەمی هێناون، بە باشترین کار پەسن بکات، چونکە باوەڕی بە بیرۆکەی دەقی نوخبەیی نییە و لە گشت فۆرمەکانی گوتار دەکۆڵێتەوە دوور لە توانای رەوانبێژیی فەراهەمکراوی دەق بەپێی میکانیزمی نوێ و تایبەت).

**چەند تایبەتمەندییەکی رەخنەی رۆشنبیری:**

مرۆڤ کاتێک بارگاوی دەبێت بە

تێگەیشتن و خوێندنەوەی زۆر و رامان لە جیهانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی، ئیدی دەبێتە مەشخەڵ و دەوری خۆی رۆشن دەکاتەوە، بۆیە ئەو دێڕانەی رۆشنبیرێک لە بارەی کتێبێک دەینووسێت قابیلی تێڕامان و خوێندنەوەیە؛ لەبەر ئەوەی ئەو رۆشنبیرە راستێنەیە پەروەردەی تێڕامانی سروشتی خۆی و کتێب و نووسین و بۆچوونی هەمەلایەنەیە، لە پاڵیشدا بیری زانستی و کولتووریی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە رەخنەی زانستیی پەروەردەی کولتوور نەبن، نەخێر بەڵکە زانستخواز ئەوەندەی بیریی لای جیهانی تیۆرو میتۆدە و پێیانەوە کۆت و بەندە بیریی لای ئەوەنییە دەروونی ئازاد بکات لە گوتن! مرۆڤ گەر دەروونی ئازاد نەبوو کەم وایە بتوانێت داهێنان بکات. ئەگینا رەخنەی رۆشنبیریش وابەستەیە بە کۆمەڵێک شتی دیکەی دەرەوەی بۆ نموونە ( رەخنەی رۆشنبیری پشت بە گشت ئەو چەمک و تیۆرانە دەبەستێ کە قوتابخانە فەلسەفی و زمانزانی و سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و رامیاری و ئەنترۆپۆلۆجییەکان پێشکەشیان کردووە) هەربەمەش نەوەستاوە بەم دواییانە گرینگیشی داوە بە( رۆشنبیریی زانستەکان کە تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگا و رۆمانی تەکنۆلۆژی و خەیاڵی زانستی دەگرێتەوە، هەروەها رۆشنبیریی وێنە و میدیا و پیشەسازیی رۆشنبیری و رۆشنبیریی میللی و وئەنترۆپۆلۆجیای رەخنەیی هێماگەریی بەراورد و مێژووگەرایی نوێ و لێکۆڵینەوەی سیاسەتی زانستەکان و لێکۆڵینەوە سۆسۆلۆژییەکان و رۆژهەڵاتناسی و گوتاری پۆست کۆلۆنیالیزم و تیۆری فرە کولتووری و و فیمینیزم و جێندەرناسی و رەخنەی ئیکۆلۆژی و رۆشنبیریی جیهانگیری) کەواتە نەمەتی خۆگونجاندن و بەرەو پێشچوونی هەیە و بەردەوام هەوڵی خۆ نوێکردنەوە دەدات، ئەمەش بە روئیای تازە و کولتووری



هەولێرێ کتێب

خوێندنـەوەی بـەردەوام، گـەورە رۆماننووسـی کـورد (بەختیـار عەلـی ) دەڵێت:( خواسـتی ڕەخنـە سـەرەتا تاقیکردنـەوەی سـنووری مەعریفـەی خۆمانـە) ئـەم سـنوورە بـە چـی فـراوان دەبێـت؟ بێگومـان بـە خوێندنـەوە و چاودێریکردنـی بەرهەمـی نوێـی نووسـەرانی ناوەخـۆ و دەرەکـی بـۆ خوێندنـەوە و ناسـینیان لـەو ڕێگـەوە هـەم زیاتـر پاشـخان دەوڵەمەنـد دەبیت هـەم جیهانبینـی فراوانتـر دەبێت کـە ئەمـە تایبەتمەندێتـی توێژەرانـی ڕەخنـەی رۆشـنبیرییە بۆیـە دەبینین مامەڵەکردنـی ئـەم شـێوە ڕەخنـە لەگـەڵ دەقـی ئەدەبـی مامەڵەیەکـە لەنێوان ( وەرگر و دەقنووس) وەک توێژەر دەڵێت (مامەڵەکردن لەگـەڵ دەقی ئەدەبی لە روانگەی رەخنـەی رۆشـنبیرییەوە، واتـا دانانـی لەنـاو کۆنتێکسـتە سیاسـییەکەی خـۆی لەلایـەک و، دانانـی لـە کۆنتێکسـتی خوێنـەر یـان رەخنەگـر لەلایەکـی تـر. لەمـەدا رەخنەگـر لـەو سـۆنگە مارکسـییانەوە دەجووڵـێ کـە فەوکـەس دەخاتـە سـەر پەیوەندیـی نێـوان چینـەکان و ململانێـی چینایەتییانـەی وەک کەرەسـتەیەک بۆ دیاریکردنی واقیعی رۆشـنبیری. بەم شێوەیە دەقەکە دەبێتە هێمایەکی رۆشـنبیری و دەلالەتەکـەی بەتەنیـا لەنـاو ئـەو کۆنتێکسـتە رۆشـنبیری سیاسـییەدا دەسـتەبەر دەبێـت کـە بەرهەمـی هێنـاوە.) ئـەم شـێوازەش ئاسـەوار و کاریگـەری خـۆی دەبێت لـە پرۆسیسـی هێنانـە کایـەوەی روشـنبیریی و بەرهەمهێنانـی دەقـی رەخنەیـی نـوێ لێـرەدا رەخنـەی ناوبـراو دەکەوێتـە خانـەی ئـەم تەعریفـەوە کـە: ( کاریگەرتریـن کاری لێکۆڵینەوە رۆشنبیرییەکانیش ئەوەیـە کـە گرنگیـی زیاتـر بـە پرۆسـەی بەرهەمهێنانی رۆشـنبیری و دابەشکردنی و بەکاربردنی دەدات. بـەو پێیـەش وێنـای بەرهـەم دەکات لـە کاتـی روودانـی راسـتەقینەیدا و پرسـیاری دەلالـەت و چێـژ و کاریگەرییـە ئایدۆلۆژییـەکان دەسـەپێنێ، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن: ئـەم جـۆرە لێکۆڵینەوانـە بوارەکـە

بەچەشنێک فراوان دەکەن کە ڕەگەز و جێندەر و دەلالەت و چێژیش لەخۆبگرێ. ئەم دەستێوەردانە لە کاری ڕۆشنبیری لەو سۆنگەوەی کە ڕۆشنبیری گوزارشتە لە خەڵک، لە هەمان کاتیشدا ئامرازێکە بۆ دەستبەسەرداگرتن.)

**ئەنجام :**

لەم خوێندنەوە و بەراووردکردنە خێرایە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەوا ڕۆڵی ڕەخنەدۆز، ئەوانەی ڕەخنە وەک دۆزێکی سەرەکی بەرەو پێشبردنی ئەدەب بەهەموو ژانرەکانییەوە دەزانن ئەوەیە کە دەقی ڕەسەنی ئەدەبی لە ڕێگەی بانگەشە (ڕۆشنبیریی و زانستیی) یەکان بەیەکەوە موتاڵا بکەن، هەروەها لە ڕێگەی خوێندنەوە و مەعریفە و تێگەیشتنە فەلسەفیی و مەنهەجییەکان بگەنە بابەتە تیۆرییەکان و شیانبکەنەوە، بەمەش دال و مەدلوول بخەنە ڕوو و پاژەکانی بۆ خوێنەر بخەنەڕوو ئاشنایان بکەن. مادام ڕەخنە لە هەناوی کولتوور هاتۆتە بوون؛ کەواتە دەبێت ڕەخنەدۆز هەڵگری بیرو باوەڕێک بێت ڕیز لە یاسا زمانیی و تیۆرییەکانیش بگرێت و بە ئەندێشەی فراوانی ڕۆشنبیریی و میتۆدی داهێنانکاری لەدەق بکۆڵێتەوە.

نابێت لەبیرمان (بچێت ئەمرسن ١٨٠٣-١٨٨٢)دەڵێت: ( ئەدەب تۆماری بیریی گەلانە) کەوابوو ئاساییە ئێمە هەندێک دەقی ئەدەبی خۆمان بە پێوانەی بیریی ئەوان تاو توێ بکەین، نەک هەموو دەقێک، چونکە نەتەوەی کورد بە ناسۆر و مەینەتی ئوا تێپەڕیووە ئەقڵ و ژیربێژیی خۆمان نەبێت بە هیچ میتۆد و تیۆر و مەنهەجێک لێکنادرێتەوە. بۆیە هەندێکجار بۆ سەبووری دڵ هانا بۆ ئەدەبی ڕووسیی و ئەمریکای لاتینیی و نازانم کێ و کێ دەبەین. دەنا کەنگی چیرۆکی لە ژێرخاک نانی کورەلاوێکی کورد لە باشووری ئێراق و سەوزبوونی داربەڕوویێک لەجێیدا بە هۆی هەبوونی



هەواڵنامەی کتێب

بەڕوویێک لە گیرفانی کورەلاوەکە بە فەلسەفە و میتۆدەکانی (سانت بێڤ و درایدن و مدام دی ستایل و مارکس و ئەدلەر و ریچاردز و یاکوبسن و شکلۆڤسکی و هتد..) لێکدەدرێنەوە!

پێویستە نێوانی هەردوو ڕەوتی رەخنەکە( رەخنەی زانستیی و رۆشنبیریی ) لە نێو (رەخنەی ئەدەبی کوردیی ) دا زۆر لەوە زیاتر قوول بێتەوەو سازانێک دروست بکەن داهێنانی دەقیی نوێیی رەخنەیی لێ چێ بیت، ئەمەش بەوە دەکرێت سالانە دیداری رەخنەیی چەند رۆژە ساز بکەن، تێیدا ئاڵوو گۆڕی لایەنە زانستیی و رۆشنبیریی "کولتووری"ییەکان بکەن .

زۆر زەرووره رەخنە و خوێندنەوە و رامان لەنێو ئەدەبیاتی کوردیی بابەتی هەڵەی ڕێنووس و شێوەزار و ناوچە گەریی و تانە و تەشەر و ستایش و ئافەرینی برادەرایەتی تێپەڕێنێت.

لەهەمووی گرنگتر پێویستە گۆڤارێکی مانگانە یان وەرزیی تایبەتی هەبێت بە زمان و تایبەتمەندێتی رەخنەیی بۆ پێشڤەبردن و سەرپەرشتیی کردنی بواری رەخنەی کوردیی، هەرگیز لەگەڵ ئەو کەسایەتییە ئەدەبییە کوردییانە نیم کە لایان وایە ( کورد خاوەنی رەخنەی ئەدەبی نیە) بەڵکو ئێژم کورد لەسەردەمی ئەحمەدی خانی و جەزیری و نالیی و حاجی قادریی کۆییەوە خاوەنی رەخنەیە، بەلام لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد لەو رۆژگار هەرچی هەیبووە بە شیعر دەریبڕیووە، ئیدیی دەقی گوتار و لیکۆڵینەوەی رەخنەییمان لەوکات نەبووە بەڵکو هەر لە شیعر و بە شیعر بابەتی رەخنەیان نووسیووە و لێرەوە پێشکەشی خوێنەرو خوێندەوارانی کوردیی بێت.

**مەلای جەزیزی ١٥٧٠-١٦٤٠:**

(ئەحسەن ژ ڤی نەزمی لەتیف
چەندی سڤک هاتی خەفیف مەحبوب
بدەستێ خوی شەریف نەقدی مە
مووهرو سککەدا ئەحسەن ژ ڤی
وەسفێ رەفیع ئەشکال و ئەوزاعێن
بەدیع تێتن ژ نورێ وەک رەقیع
بێ عەیب و نەقی و رەخنەدا)

**ئەحمەدی خانی١٦٥١- ١٧٠٧:**

لی هیڤی دکەم ژ موستەعیدان
حەرفان نەگرن ل موستەفیدان
ئەڤ نامە ئەگەر خراپە گەر قنج
کێشایە مە دگەل وی دوو سەد
رەنج نەوبارەیی تیفلی نەورەسیدە
هەرچەند نەهن قەوی گوزیدە لێ
من ژ ڕەزان نەکر تەمەتوع مانەندی
دزان بکەن تەتەبوع

**نالی ١٨٠٠-١٨٧٧:**

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ
کوردییە خۆ کردییە هەر کەسێ
نادان نەبێ خۆی تالبی مانا دەکا

**سەرچاوەکان:**

سیمای رەخنەی زانستی لەچوارچێوەی ئامادەبوونی یەک میتۆدی رەخنەییدا نامەی دکتۆرا / ریبین خەلیل قادر/ گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەرگی٢٦ژمارە ١ساڵی ٢٠٢٢

رۆلان بارت.. زانستی ئەدەبیات و رەخنەی نوێ/ ساماڵ ئەحمەدی/ ٠٢-٠٨-٢٠١٥/ رووداو نێت.

النقد الثقافي قراءة في الانساق الثقافية العربية/ عبدالله العذامي / الناشر: المركز الثقافي العربي (first published ٢٠٠٠ /٢٠٠٨/

رەخنەی رۆشنبیری/ ملکۆ ئەحمەد/ ٢٠١٩/٨/٢٣ رووداو نێت.

سیمای رەخنەی زانستی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا/ د. هەرێم عوسمان / - ٢٠٢٤-١٠-٠٨/ سایتی کوردستانی نوێ.

هەواڵنامەی کتێب

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)ی بەختیار عەلی



د. دیلان سلام حەمەفەرەج

**بەرایی:**

«نەفرەتی نەوبەهاران» نوێترین ڕۆمانی «بەختیار عەلی»ە، (٢٦٢) لاپەڕەیە و بەسەر دوازدە بەشدا دابەشی کردووە، چیرۆکەکە بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی باسی شەڕ و ململانێکانی کورد و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دەکات، لەو نێوەندەشدا باسی (شەرەف و سەلەفیزم، جەستە، خێڵ، نەتەوە، ئازادی، تۆڵەسەندنەوە و تەکنەلۆژیا (بە دیاریکراوی فۆتۆگرافەری دەکات).

چیرۆکەکە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە چۆن ئایدۆلۆژیای ئایین و نەتەوە،

تەکنەلۆژیاش وەک بەرهەمێکی زانستی تەرکیز دەخەنە سەر ڕووکەش و توێکڵ نەوەی ناوەوە، تەرکیز دەخەنە سەر جەستە و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی نەک ئازادیی ڕۆح، کاتێک دانەری ئەم چیرۆکە جەستەی ڕووتی گێلاس لە وێنەیەکدا بە ناو مێژووی پەنجا ساڵەی کورددا دەهێنێت، تەنیا باسی جەستەی ڕووتی ژنێکمان بۆ ناکات، تەنیا جەستەیەکی فیزیکی نییە لە گۆشت و خوێن، کە دوای مردن نامێنێت، بەڵکو جەستەیەکی ڕەمزییە و کۆی مێژووی ئێمەی پێدەخوێنێتەوە. دانەر دەیەوێت لە ڕێگای ئەو جەستە ڕەمزییەوە ئاشنای جەستەی ئایین، خێڵ و نەتەوەمان بکات، هەر لە چیرۆکەکەدا هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو جەستە جێگیر و موقەدەسکراوانە دەدات و بانگەشەی ڕۆحێکی ئازاد و گەڕانەوەمان بۆ جیهانێک کە ئازادی تێدا بەرهەم دێت.

«بەختیار عەلی» لەم ڕۆمانەیدا زۆر جیاواز قسە دەکات و دەنووسێت کار لەسەر تێگەیشتن و پەیوەندیی نێوان «خێڵ» وەک یەکە و خانەیەکی کۆمەڵایەتی کلاسیک و «جەستەی ئافرەت» وەک سوبجێکتێکی داگیرکراو و پەرژینکراو دەکات و دەدوێت، ئەوەی ڕایەڵەی نێوان ئەم پەیوەندییە بەیەکەوە دەبەستێت و گرێدەدات و کۆی تێما و ڕووداو و وێنەکەی لەسەر بنیاتدەنێت، گەیشتنی مۆدێرنەیە بۆ لای ئێمە، ئەم مۆدێرنە و تازەگەرییەش لە کامێرایەکی کلاسیکی وێنەگرتن بەرجەستە دەبێت و سەرجەم چیرۆکە غەمگینەکانی نێو ڕۆمانەکە دادەڕێژێت و بەڕێوەدەبات.

کامێرا و وێنەگرتن وەک سیمبولی گەیشتنی دونیایەکی تازە بۆ ئێمە، وێنەی ژن، هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیەک ژن، کە کامێرا دەیکێشێت، خەیاڵدانی خێڵ و کۆمەڵگەی نەریتی بونیادنراو لەسەر بیروباوەڕی پیاوسالاریی و یەکسانکردنی وێنەی بە شەرەف و شکۆی خێڵ و نۆرمەکانی تری نێو هەندەسەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی سەرەتایی ڕووبەری

ڕۆمانەکەی داپۆشیوە، وێنەی زاڵ لەم ڕۆمانەدا کوشتنی ژنە لەسەر بڵاوبوونەوەی وێنەیەکی، کە خۆی هیچ ڕۆڵ و ئاگاییەکی تێیدا نەبووە، ئەوەی لە بابەتە جێندەرییەکاندا پێیدەگوترێت» توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و کوشتن بە ناوی شەرەف، لێرەدا بەختیار بە تەواوی ئەو وێنەیە دەکێشێت، کە چۆن جەستەی ژن یەکساندەکرێت بە شکۆی دامەزراوەی خێڵ.

ئەم ڕۆمانە بە زمان و چەندین کەرەستەی فیکریی و فەلسەفی گفتوگۆدەکات، ئەگەر چی ڕووداوەکان سەر بە پەنجا ساڵ لەمەوبەر و سەرەتای گەیشتنی ئامێری کامێرایە بۆ ئێمە، بەڵام لە ڕووکاری دەرەوەدا، باس لە دۆخی ئەمڕۆی ئێمە و گەیشتنی تەکنەلۆژیا، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و زیرەکی دەستکرد و پەیکەری ڕەگەزی مێینە و خێڵ دەکات، جۆر و شێوازی پەیوەندییەکان ڕووندەکاتەوە، بە تایبەتی کاتێک کۆی یاریەکە دژ بە ژنە




وەک ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی پەراوێزخراو و ئەو باجە کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و مێژووییەی، کە ژن دەیدات بە هۆی ژنبوون و پێکهاتە بایۆلۆژیی و فسیۆلۆژییەکەیەوە.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەوە دەستپێدەکات، کە «کامیل ئاغا» وەک باوکی ڕۆحی لە ناو دەزگای خێڵدا، لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، لە گوندە دوورەدەستەکەی خۆیدا کامێرایەک دەکرێت و خولیای وێنەگرتنی بۆ دروستدەنێت. دواتر عاشقی «گێلاس نەوبەهاران»

دەبێت و دەبن بە هاوسەری یەکتری، کۆچ دەکەن بۆ شار و تێکەڵ بە ژیانی شارستانی دەبن و «کامیل ئاغا» بە بۆنەی شارەوە لە خێڵ و خێڵایەتی دووردەکەوێتەوە، دیاردەی خێڵ و خێڵایەتیش لە عێراقدا لەسەرەتای ساڵانی بیست و سییەکاندا بە هۆی گەشەی شارەکانەوە تەواو لاوازبووە، دواتر «گێلاسی نەوبەهاران» نەخۆش دەکەوێت، «کامیل ئاغا» بە هۆی عەشقی بێ ئەندازەی گێلاسەوە و ترس لە مردن و نەمانی هاوسەرەکەیەوە وەک یادگاری و یادەوەرییەک، چەند وێنەیەکی گێلاس بە رووتی دەگرێت و لە شوێنێکی نهێنی لە ماڵەکەیدا دەیپارێزێت.

جەنگ دێتە پێشەوە لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و دەوڵەتدا، بە هۆی بردنی وێنە رووتەکانی گێلاسەوە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکان لە کامیل ئاغا دەکرێت و دەکرێت بە جاش. «کامیل ئاغا» بڵاوبوونەوەی وێنەکان بە شکۆ و شەرەفی خێڵەکەی دەزانێت، دواتر لە جەنگدا دەکوژرێت، وێنەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ کۆپی دەکرێن و لای ئاغا و فیوداڵ و خانەکانی نزیک لە دەوڵەتدا هەڵدەگیرێن و ئەمجارە دەکرێن بە سەرچاوەی هەڕەشە لە دژی براکانی گێلاس، جارێکی تر لە ڕێگەی وێنەکانەوە گێلاس دەکرێتەوە بە شەرەف و شکۆی ماڵباتەکەی، براکانی بە هۆی لە دەستدانی ئەم شکۆ و شەرەفەوە، گێلاس بۆ هەتا هەتا لە چاوی دونیا دوور دەخەنەوە و لە ژێرزەمینێک دایدەنێن چیرۆکی مردنی گێلاس بە هۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنەوە بڵاودەکەنەوە و لە سیناریۆیەکدا گۆڕێکی بۆ دروستدەکەن و لەسەر گۆڕەکە ئەم مانیفێستۆیە دووبارەدەکەنەوە:

«لێرەدا جوانەمەرگ گێلاس فەخرەدین ئارامی گرتووە، تاجی سەرسەری عەشیرەتێک و مایەی شانازی براکانی» هەموو ئەو زمانە سیمبوولییەی بەختیار لە ڕۆمانەکەدا نوێنەرایەتی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆز و نائەقڵانی و نا دادپەروەرانە دەکات، کە

تەکنەلۆژیای مۆدێرن بە بە درێژایی ٦٠ ساڵی ڕابردوو لە نێوان خێڵ و جەستەی ژندا بونیادی ناوە و ڕۆژانەش خۆی تازەدەکاتەوە و بەردەوامی هەیە.

**هاتنی مۆدێرنە بۆ خۆرهەڵات و دەرکەوتەکانی لە ڕۆمانەکەدا:**

مۆدێرنە وەک پرۆژەیەک دژی لە یادکردن و بیرچوونەوەیە، هەوڵێکیشە بۆ لاوازکردنی هەژموونی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتدا، لە خۆرهەڵاتدا بە درێژایی مێژوو ئایین ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی یادەوەریی مرۆڤدا، زۆربەی یادەوەرییەکانمان لەسەر چەمکەکانی (بەهەشت، دۆزەخ، شەیتان، فریشتە..) بونیادنراوە، سیاسەتیش سەر بە هەمان جیهانبینی ئایینییە، بەڵام ئەدەب بە پێچەوانەی ئایینەوە یادەوەریمان لەگەڵ مرۆڤ و شتەکانی تردا بۆ دروستدەکات، تەنانەت «بەختیار عەلی» لەم ڕۆمانەدا بە پێچەوانەی شەپۆلی ئەدەبی باوەوە کاریکردووە و یادەوەریمان لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ، واتە هاتنی مۆدێرنەدا بۆ دروستدەکات. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین ڕۆمانەکە مانیفێستی هاتنی مۆدێرنەیە بۆ خۆرهەڵات.

جەوهەری ڕۆمانەکە باس لە ململانێی قووڵی ترادسیۆن و مۆدێرنەیە ، تێکستەکە دژ بەو مێژووە چەقبەستووە نوسراوە، کە بیرکردنەوەی تاکی خۆرهەڵاتی لەسەر بەندە، واتە ڕۆمانەکە هەر بە تەنیا باسی هاتنی مۆدێرنە ناکات بۆ خۆرهەڵات، بەڵکو خۆشی گرێدراوی پرسە ئینسانی و مۆدێرنەکانە، کە نوسەر توانایەکی باشی لە پێکەوە بەستنی ئەو پرسانەدا هەیە.هۆکاری ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا ڕیشەی ئەم گۆڕانکارییانە لە خۆرهەڵات و بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستدا ناگێڕێتەوە بۆ پێش هاتنی مۆدێرنە، لەبەرئەوەیە تازەگەریی لە خۆرهەڵات بە پێچەوانەی خۆرئاواوە ڕیشەیەکی پێش مۆدێرنی نییە، بە پێچەوانەوە کە مۆدێرنە دێتە خۆرهەڵات واتە

دێتە شوێنێک، کە مێژوویەکی نەگۆڕی هەیە و نەک ڕۆڵی ئایین تێیدا لاوازنەبووە، بە پێچەوانەوە پێگەیەکی بەهێزی هەیە، کێشەکە لەوێوە سەرچاوەدەگرێت کاتێک مۆدێرنە دێت بۆ خۆرهەڵات وەک لە ڕۆمانەکەشدا ئاماژەی بۆ کراوە لە فۆرمێکی هونەریدا گوزارشت لە خۆی دەکات، واتە مۆدێرنە بریتییە لە هەمان ئەو فۆرمەی خۆی پێدەردەبڕێت؛ بۆیە کێشەکە لە دیدی خۆرهەڵاتەوە ئەوەیە مۆدێرنە لە ڕوانینیدا هەمان ئەو تەفسیرەی نییە، کە دێن بۆ وێنەیەکی ڕووت هەیەتی، وێنە ڕووتەکەی گێلاس لە ڕوانگەی ئایینی و کولتوورییەوە لە سنووری حەرام و شەرەف دەرناچێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی مۆدێرنە وەک دەرکەوتە فۆرمێکی هونەری هەیە وێنەکە لە ڕوانگەی ئەوەوە قاڵبێکی هونەریی و ئیستاتیکی هەیە، نەک حەرامکراوێک ، لە ڕۆمانەکەدا ناکۆکی و ململانێکە لەوێوە دەستپێدەکات مۆدێرنە وێنە ڕووتەکە بە شێوەیەکی گوزارشتکراوی ئیستاتیکییانە دەبینێت، بەڵام ئایین بە سەرەتای بەرەڵایی و بێ مۆراڵی تەفسیری دەکات، ئەوەی بۆ مۆدێرنە پرسێکی ئینسانی و ئیستاتیکییە، بۆ خۆرهەڵات بابەتێکی ئەخلاقییە و گرێدراوی شەرەفە، لێرەدا مۆدێرنە لەبەرامبەر بونیادە ئایینی و خۆرهەڵاتییەکاندا دەبێتە پێکها تە شکێنی.

ئەوەی کامیل ئاغا دەیەوێت لە ڕێگەی کامێراکەیەوە وێنەی ژنەکەی بە ڕووتی بگرێت و ترسی بیرچوونەوە تێپەڕێنێت، نیشانەی ئەوەیە مۆدێرنە لە خۆرهەڵات سەرەتا دەیەوێت ببێتە بەدیلی ترس، بەڵام هێندە نابات خۆی دەبێتە فۆبیا و ترسێکی گەورە، بە تایبەت لە دوای دزەپێکردنی وێنەکەی گێلاسەوە کامیل ئاغا چەندین جار کەڵکەڵەی ئەوە دەچێتە سەریەوە کامێرایەکی نوێ بکڕێت و سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە. ئەم عەشق و ئارەزووە بۆ ژنەکەی وای لێدەکات دووبارە بچێتە بەردەم ئەو فرۆشگایانەی کامێرای

هەوالنامەی کتێب

نوێیان دەهێنا، بۆ ئەوەی دووبارە وێنەی ژنەکەی بە ڕووتی بگرێت، بەڵام کە ڕووداوەکانی پێش سی ساڵی ژنەکەی بیردەکەوێتەوە بە خێراییەکی زۆر بەردەمی فرۆشگاکە جێدەهێڵێت(( بەڵام لە ناکاو نائاسایی دایدەگرێت، وەک جانەوەرێکی خەیاڵی بینیبێت، بە خێرایی فرۆشگاکەی جێدەهێشت و وەک یەکێک ڕاوی بنێت لەو ناوە دووردەکەوتەوە)) (عەلی، ٢٠٢٤: ٣٣) زوو جێهێشتنی پەرستگاکە واتای پەشیمانبوونەوەیە لە دەستپێکردنەوە، لەبەرئەوەی بەردەوام تارمایی ترسێکی گەورە ئەگەری ئەوەی هەیە بێتەوە ڕێی و بگۆڕێت بۆ ڕاستی، ڕۆمانەکە باس لە کاریگەریی وێنەیە وەک شوناس و بوون، وێنە لێرەدا بەرگرییەکە دژ بە نەبوون و سڕینەوە، شاهیدێکی گەورەیە بەسەر بوون و نەبوونمانەوە، کە وێنە بۆ خۆرهەڵات مەترسییە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە بە بۆچوونی ئەفلاتوون و هەروەها ئاییینیش هەزاران ساڵە قسە لەسەر کاتیبوون و زوو مردنی جەستە دەکرێت، ڕۆح وەک سیمبوولی نەمری و جەوهەری مرۆڤ دادەنێن و جەستەش وەک شتێکی پەراوێزخراو و کاتی کامێرا کە دێت ڕێک دەستکاری ئەو ئەقڵیەت و هاوکێشەیە دەکات، بۆ هەمیشە جەستە لە لەبیرچوونەوە و کاتیبوون دەپارێزێت و نەمری دەکات، لێرەدا مۆدێرنە دەبێتە پڕۆژەیەک دژ بە لەیادکردن و بیرچوونەوە.

## بازنەکانی جوانی لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا:

یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکانی پشت سەرجەم ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، شەیدایی « کامیل ئاغا»یە بۆ جوانی، ئەو هەر لە گەنجییەوە دوای ئەوەی کامێرایەک دەکڕێت، ئیدی دەکەوێتە وێنەگرتنی کچان و ژنانی جوانی گوندەکەی و دواتریش وێنەی ئەو کچ و ژنانە دەگرێت، کە لەو شارانەی سەفەریان بۆ دەکات لە تیاترۆ و شوێنەکانی دیکەدا دەیانبینێت، لێرەوە کامیل ئاغا وەک فیگۆرێکی

ئاشق بە جوانی دەردەکەوێت و ئەم عەشقەشی بۆ جوانی دەبێتە هۆی ئەوەی دوای نەخۆشکەوتنی «گێلاس»ی هاوسەری وێنەیەکی ڕووتی خێزانەکەی خۆی بگرێت لە پێناو پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی جوانییەکەی(ئەگەر لە وێنەیەکیشدا بێت).

ئەو بە خەونی نەمرکردنی جوانیی هاوسەرەکەیەوە وێنە ڕووتەکە دەگرێت و خوێنەر لەوێدا بەر « کامیل ئاغا»یەکی عاشق بە جوانی، یان جوانپەرستێک دەکەوێت، نەک پیاوێکی چێژخوازی سێکسباز (ئەگەر چی هیچ مرۆڤێک لەم هەستانە بەدەرنییە و ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە) بە کورتی ئەم جوانییە دەبێتە هۆکاری هەموو کێشەکانی دیکەی دواتر کە ژیانی خۆی و خانەوادەکەی و عەشیرەتەکەی وێراندەکات، ناکرێت ئێمە تەنیا پرسیاری ئەو ترسانە بکەین، کە لە کۆمەڵگەدا لە جەستە و ڕووتی هەیە، بەڵکو دەشێت هەر لەم ڕۆمانەوە پرسیار لەوە بکەین ، کە ڕووتی چەندە گرنگە، چۆن کامیل ئاغا عاشقی جەستەیەک دەبێت و لە ڕێگەی وێنەیەکەوە هەم تەقدیسی دەکات، هەم دەیەوێت نەمری بکات، ترسێک کە لە کۆمەڵگەدا لە جەستەی ڕووتی ئافرەت هەیە وەکو تەنێکی فیتنەباز و کەتنخەرەوە. لای کامیل ئاغا تەنێکە دەبێت نەمربکرێت و ترسەکە تەواو پێچەوانەیە، بەو پێیەی ئەو دەترسێت لەدەستی بدات. بۆیە لە جێگەیەکدا دوای ئەوەی وێنەکە دەگرێت دەڵێت: ((بەوجۆرە هەرگیز لە دەستت نادەم)) (علی، ٢٠٢٤: ١٤)، بەڵام هەمیشە ئەوە بە پرسیار دەمێنێتەوە ئەم شەیداییە بۆ جوانیی و جوانپەرستیی تاکوێ دەڕوات و لە کوێدا دەبێتە نەفرەت و ئازار؟

بێگوما نەمرکردنی جوانی لە ڕێگەی وێنەیەکەوە و زیندانیکردنی وێنەکە لە باوڵێکی قوفڵدراودا، تەنها بۆ دڵنیایی هێشتنەوەی جوانییە، کە پێویستە نەمربکرێت، بەڵام ئەوکاتەی «گورجی» خزمەتکاریی ماڵی کامیل ئاغا، وەک جۆرێک لە تۆڵەکردنەوە لە گێلاسی هاوسەری کامیل ئاغا، وێنەکە دەدزێت و بۆ مەرامی تایبەتی خۆی

بەکاریدەهێنێت، ئیدی وەزیفەی جوانی لە مانا جوانپەرستییەکەیدا کۆتایی پێدێت و جوانی لە بری ئەوەی ئاسوودەیی بۆ ڕۆح بهێنێت و نەمر بکرێت، دەبێتە نەفرەتێکی هەمیشەیی و بە دوای کامیل ئاغا و سەرجەم بنەماڵەکەی دەکەوێت. ((گرنگە بپرسین چۆن جوانی دەبێتە ئازار و نەفرەت؟ ئایا هەموو جوانییەک ئەم وەزیفەیە وەردەگرێت؟ بێگومان نەخێر ئەوە تەنیا جوانی ئافرەت و ڕووتبوونەوەیەتی لە کۆمەڵگەیەکدا ، کە ڕووتبوونەوەی ئافرەت گرێدراوی چەمکی شەرەف و حەیایە ئەو وەزیفەیە وەردەگرێت، لێرەوە دەکرێت کەمێک بگەڕێینەوە بۆ بەکارهێنانی ڕیشەی چەمکی جوانی لای ئەم نووسەرە، بۆ زیاتر هاوکاریکردنمان لە تێگەشتن و ڕوونکردنەوەی چەمکەکە.)) (سدیق، ٢٠٢٥/٥/٥: diasporawf.org)، «دۆستۆیڤسکی» دەڵێت: ((ئەوەی دونیا ڕزگاردەکات جوانییە))، بەڵام لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاراندا ئەوەی کارەسات دەنێتەوە جوانییە، واتە جوانی هەمیشە پاک و بێ گوناه نییە، بەڵکو دەکرێت ئەویش کارەسات بنێتەوە وەک لەم ڕۆمانەدا بەریدەکەوین، کە جوانییەکەی گێلاس دەبێتە نەفرەتێک بۆ خۆی و خێزان و عەشیرەتەکەی و وڵاتەکەشی.

«بەختیار عەلی « وەک مرۆڤ و بیرمەندێکی ڕۆژهەڵاتی وەزیفەی جوانی لە مانا باوەکەیەوە دەگۆڕێت، کە جوانی خۆی بۆ چێژ و لەزەتە، بەڵام ئەم مانای خەم و ئازاری پێدەدات لە هەندێک لە دەقە شیعرییەکانیشیدا ئەم تێڕوانینە دەبینین، دیارە ئەمەش بۆ ناسینی بیرکردنەوەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دەگەڕێتەوە لە لایەن نوسەرەوە، بۆیە لای ئەم لەگەڵ هەر بینینی جوانییەکدا لە بری چێژ ئازار و ئامادەیی هەیە، کە ئەمەش مانای دەستکاریکردنی ڕیشەی ئەم هاوکێشەیەیە، کە جوانی لە مانا باوەکەی دادەماڵێت و پێیی وایە جوانی لای جوانپەرست لە ڕۆژهەڵدا دەبێتە خەم و ئازار، بۆیە ئەو ترسەش «کامیل ئاغا» لە نەمانی جوانی هەیەتی هەوڵدەدات لە سندووقێکدا

بیشاریتەوە، وا دەکات جوانی ببێتە چەقی ڕووداوەکانی هەموو ڕۆمانەکە، بەڵام جوانییەکی ئاسایی نا، بەڵکو جوانی جەستەی ڕووتی ژنێک، مەرج نییە هەموو جوانییەک کێشە دروستبکات بەڵام جوانی جەستەیەکی ڕووت لە ڕۆژهەڵاتدا کێشە دروستدەکات، یەکەم کێشە کە جوانی دەینێتەوە لە ڕۆژهەڵاتدا کێشەی شەرەفە، دواتر سەردەکێشێت بۆ بڵاوبوونەوەی ترس، لەوێوە کوشتن ڕوودەدات و یەکەم کوشتنیش بە تەسلیمکردنەوەی «کەمال ئاغای برای کامیل ئاغا» دەستپێدەکات، بەڵام ئەمە نابێتە کۆتا کوشتن، بەڵکو سەرەتای کوشتارێکی گەورەتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لەوێوە سەردەکێشێت بۆ خیانەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی و چەک هەڵگرتن دژی شۆڕش، دواتر ماندنی»گێلاسی نەوبەهاران» لە لایەن براکانییەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر زەمینێکدا بەندیدەکەن و بە تەنیا دەژی، دواتر دەبێتە دروستکەریی هەستی تۆڵەکردنەوە، هەموو ئەم بازنەیە بە دەوری جوانیدا دروستبوو، ڕیشەکەشی لای کامیل ئاغاوە سەریهەڵدا، کە خۆی تا سەریشی نایەوە هەر بە تاسەی جوانییەوە بوو، پێش ئەوەی چاوەکانی لێک بنێ تەنها توانی بڵێت: ((چەند جوانە، خودایە چەند جوانە)) (عەلی، ٢٠٢٤: ٥٠)؛ بۆیە ئەم هەستە جوانپەرستییە تیایدا وایکرد خۆی و خانەوادەکەی بەر نەفرەتی کۆمەڵگە بکەون، ئەم پیاوە دەیەوێت جوانییەک بۆ هەمیشە بهێڵێتەوە نەک کێشە بە شەرەفی خۆی و خانەوادەکەی دروستبکات.

**هەستی ترس لە لەدەستدان لە ڕۆمانەکەدا:**

((مەراقی نەخۆشییەکەی گێلاس کامیل ئاغای خستە دۆخێکی خراپەوە، توشی خەمۆکی و ترسێکی نائاگایی کرد. ترسی لێ نیشت ژنەکەی بمرێت و تەنیا بمێنێتەوە.)) (عەلی، ٢٠٢٤: ١٣)

لەم ڕۆمانەدا بەر دوو جۆر ترسی جیاواز دەکەوین لە کاراکتەری(کامیل ئاغا)دا، یەکەمیان ترسی مردنی ژنەکەی بۆ ئەو



هەوڵنامەی کتێب

دەستپێکردنی ژیانێکی دژوارە، کۆتایی ژیانێکی پڕ لە هەست و چێژە، بە مانایەکی دیکە لەدەستدانی جیهانی ئەوی دیکەیە و قەرەبووش ناکرێتەوە، مردنی گێلاس بۆشاییەک لە بوونیدا دروستدەکات، کە بە هیچ شتێکی دیکە پڕ ناکرێتەوە، ڕۆشتنی یەکجاری ژنەکەی و ترسی تەنیا مانەوەی خۆی؛ بۆیە تاکە ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لەم دوو ترسەی خۆی بیرکردنەوەیە لە بەدیلێک، بەو مانایە نا بیر لە مرۆڤێکی کە بکاتەوە، بەڵکو دەیەوێت بۆ هەمیشە لە فۆرمێکی دیکەدا بیهێڵێتەوە، لەم دۆخەدا هیچ بژاردەیەکی لەبەردەستدا نییە، تاکە شتێک بتوانێت بیکات گرتنی وێنەیەکی ڕووتی خێزانەکەیەتی، بەمشێوەیە دەیەوێت ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە کە ترسی مەرگ بۆی دروستکردووە، وێنەکە دەتوانێت ڕووخسار و جەستەی وەک خۆی و بە بێ گۆڕان بهێڵێتەوە، بە بینینی وێنەکە هەمان هەست و چێژی لێوەربگرێتەوە کە پێشتر لەمسی کردووە، لێرەدا ترسێکی دیکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەویش ترسانە لە کۆتایی ئەو هەست و چێژە سێکسییەی خانمی نەوبەهاران، بەڵام ئەو یادەوەرییە وەک خۆی نامێنێتەوە، بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەرکەکەی لە پاراستن و هێشتنەوەی خانمی نەوبەهارانەوە دەگۆڕێت بۆ ئامێری بەرهەمهێنانی ترسی شەرەف، چرکەساتی دەرکەوتنی لەدەستی کەسانی دیکەدا ئاماژەیە بۆ دابڕانی تەواوەتی لە خودی خۆی، نەمانەوەیەتی لە فۆڕمی وێنەی یادەوەریدا و بووە بە بەڵگەیەکی کۆنکرێتی لەسەر شەرەفی ئاغا، بەمشێوەیە فۆڕمێکی دیکەی ترس ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەویش فۆڕمی شەرەفە، ئەم تێگەشتنە لە وێنەکە پەیوەستە بە تێگەشتنی تەواوی کۆمەڵگەکەوە بۆ ڕووتی، چونکە نەریتە کۆمەڵایەتییەکەی ڕووتێتی قبووڵ ناکات، وەک بەشێک لە خۆی نایبینێت و دەیخاتە دەرەوەی خۆیەوە، بۆیە لای کامیل ئاغاش بووە بە هۆکارێک بۆ چەوساندنەوەی ئەم لە لایەن کۆمەڵگەکەیەوە، وەک لە شوێنێکدا دەڵێت: ((من تا دەمرم

کۆیلەی ئەو کەسە دەبم وێنەکەی دەکەوێتە لا، تا دەمرم ژیان و مردنم لە دەستی ئەوانەدا دەبێت وێنەکەیان دەکەوێتە دەست)) (علی، ٢٠٢٤: ٤٣) کامێرا ئامێرێکی درۆزن نییە و گوێزەرەوەی ڕاستییەکانە، حەقیقەتی جەستەی ڕووتی خانمی کردووە بە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر و کەوتووەتە دەستی نەیارەکانی ئاغاوە، هێزی وێنەکە هێندە زۆرە هەموو سەربەخۆیی و ئازادییەکی لێوەردەگرێتەوە، گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا دەهێنێت و دەیکات بە پیاوێکی کۆیلە، لەم بارودۆخەدا تاکە بژاردەیەک لە بەردەستی ئەودا مابێتەوە ئەوەیە وێنەکە لە فەزایەکی بچووکدا بڵاوبێتەوە و نەچێتە ناو فەزای گشتی کۆمەڵگەوە، چونکە نەریت و چوارچێوە ئەخلاقییە گشتییەکە ئیتر وەکو پیاوێکی بێ جەوهەر و داماڵراو لە سیفەتی نێرایەتی سەیری دەکات، ئەمانەش هۆکاردەبن بۆ ئەوەی ببێتە کۆیلە بەدەست کۆمەڵگە و دەورووبەرەوە و چۆن بیانەوێت بەکاریبهێنن.

پاش تەسلیمبوونی بە خەلیفە ئەو هەستەی لا دروستدەبێت ناتوانێت بڕوا بە کۆتایی هاتنی ترسەکەی بکات، وەک ئەوەی لە دێڕێکدا دەڵێت: ((لە دوای سوتاندنی وێنەکە ترس و وەژارەکان بەریان نەدەدا.)) (علی، ٢٠٢٤: ٣٣) هەر جارێک وێنەکەی دەکەوێتە دەست دەزانێت ئەمە کۆتاییەکەی نییە، بەڵکو پاداشتێکە لەبری کۆیلە بوونەکەی، پاشان دەگاتە ئەو قەناعەتەی ترس کۆتایی نییە، دواتر هەموو دڵنیاییەک لەدەستدەدات جگە لە یەک دڵنیایی نەبێت ئەویش دووبارە دەرکەوتنەوە و پەیدابوونەوەی وێنەکەیەتی، ئاگاشی لەوەیە کە ترسەکە لە دەرەوەی تواناکانی ئەوە و ناتوانێت ڕیشەکانی دەربهێنێت، بەڵام دەتوانێت ڕێگری لە زیاتر بڵاوبوونەوەی بکات، کەواتە وێنەکە بووەتە مۆتەکەیەک و بەردەوام لەگەڵ کامیل ئاغادایە و لێی نابێتەوە چونکە گرێدراوە بە شەرەفییەوە لە کۆمەڵگەدا.

**هەندێک لایەنی تەکنیکی ڕۆمانەکە:**

(گێڕەرەوە) لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاراندا) لە یەکەم ڕستەوە تا

کۆتاییەکەی (کەسی سێیەمە)، هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ناکرێت، کە دەکرێت تەکنیکی جیاوازتری تێدا بەکاربهاتایە چێژی ڕۆمانەکەی زیاتر بکردایە لای خوێنەر، بەڵام دەکرێت نوسەریش بە ئامانج ئەم تەکنیکەی دووبارەکردبێتەوە، کاتێک گێڕەرەوە کەسی سێیەمە وەک ئەم ڕۆمانەی (بەختیار عەلی) نوسەر دەستی کراوەیە لە هەموو ڕوویەکەوە لەسەر کاراکتەرەکانی دەدوێت، نوسەر چونکە کاراکتەرەکانی هێندە خۆشناوێت خۆیان قسەی دڵیان و قسەی نەستەقیش بکەن، پەنای بۆ جۆری گێڕەرەوەی هەمووشتزان بردووە، کە گێڕەرەوەیەکی بێلایەن نییە، بەڵکو وەک ئەوەی یەکێکی ناو ڕۆمانەکە بێت، لەگەڵ هەموو کاراکتەرەکاندا ژیابێت ڕای خۆی لەسەر هەموویان هەیە، ئەمەش زۆر مۆدێرن نییە، لە ڕۆمانی مۆدێرندا گێڕەرەوەی کەسی سێیەم باشترە گێڕەرەوەی کامێرابێت. خاڵێکی جوانی گێڕەرەوەی کەسی سێیەمی تاک هەموو شتزان ئەوەیە دەچێتە ناو دەروونی کاراکتەرەکانییەوە، لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاراندا تەنیا ئاگامان لە دەروونی «خەتیبی گەورەیە» زۆر بە باشی، کارەکتەرەکانی تر تەنیا ئەو شتانەیان لێدەبیستین کە بە زار دەیڵێن.

**لە ڕووی کارەکتەرسازییەوە:**

هەر لەگەڵ دەستکردن بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا وردە وردە نوسەر هەموو کاراکتەرەکانمان پێدەناسێنێت، ئەمەش توانایی و لێهاتوویی پێویستە، بەشێوەیەک دەتوانیت لە مەرامی هەموویان تێبگەیت، ئەوەی هەیە لەوەسفی کاراکتەرەکاندا ئێجگار کلاسیکییە یەک یەک لە نوکی پێ تاسەرەوە وەسفی کاراکتەرەکان دەکات، بە شێوەیەک وێنەکێشێک بێنێت دەتوانێت وێنەکە بکێشێتەوە، لە ڕۆمانی نوێدا دەرفەت بە خەیاڵی خوێنەر دەدات وەک چۆن بەشێک بێت لە تەواوکردنی چیرۆکەکان، بەشێکیش بێت لە تەواوکردنی وێنەی کاراکتەرەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاراکتەرەی دەبوو باش بزانین چۆنە خانمی

نەوبەهارانە، کەچی نازانین ئەو چۆنە، وێنەیەکی ڕووتی ئەو خانمە لە ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردووەوە بۆ سەرەتاکانی ئەم سەدەیە شارێکی بە خۆیەوە گیرۆدە کردبێت، نابێت وەسفێکی وا بە خوێنەر بدەیت، کە وێنەی ئەم کەسە دەتوانێت نیوسەدە نەفرەت بڵاوبکاتەوە، هەڵبەت لێرەدا نوسەر هەوڵیداوە خۆی لە هەموو وروژاندن و بابەتێکی ئیرۆتیکی بپارێزێت، دژەرەفتەری هەندێک نوسەری ترە دەیانەوێت بە ڕێگەی ئیرۆتیکی و پۆرنۆگرافی خوێنەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. یەکێک لە گرفتەکانی ڕۆمانی کوردی دووبارەکردنەوەی دەربڕاوێکە لە لاپەڕەکانی پێشوودا گوتووتە، ئەمرۆمانەش لە چەندین شوێندا دەربڕاوی دووبارەی تێدایە، کە یەک جار وتنی بەس بوو زەقترین دووبارەبوونەوە لە ناو ئەم ڕۆمانەدا سەلماندنی ناونیشانەکەیە، کە وێنەکەی خانمی نەوبەهارانە و بڵاوبوونەوەیەتی لە هەر دوازدە چیرۆکەکەدا بە شێوەی جیاواز ئەمەی وتووەتەوە، خاڵێک کە وادەکات هەر ڕۆمانێک خوێندتەوە لە یادگەتا بمێنێتەوە ئەوەیە هەندێک شتی نەگوتبێت بۆ ئێمەی جێهێشتبێت، بەڵام لەم ڕۆمانەدا زۆربەی شتەکان بە ئامادەکراوی خراونەتە بەردەم خوێنەر و خوێنەر هیچ خۆییان پێوە ماندووناکات.

**زمان:**

کاتێک لە باسی هەر ڕۆمانێکدا دێینە سەر قسەکردن لەبارەی زمانەوە مەبەستمان لە سێ پایەی زمانە (جوانی و چێژی گێرانەوە، دووەم لێزانی لە وشەسازیی، سێیەم، لایەنی ڕێزمانە) گومانی تێدا نییە زمانی بەختیار عەلی بۆ گێرانەوە زۆر بە چێژە، بەڵام توانای دروستکردنی وشەی نوێی نییە و فەرهەنگی زمانی زۆر دەوڵەمەند نییە، ڕۆمان و ئەدەب دەبێت زمان دەوڵەمەند بکەن وشەی نوێ بخوڵقێنن، وشەی مردوو زیندوو بکاتەوە، بۆ نموونە وشەی»سەیر» لە چەندین جێگادا دووبارەبۆتەوە، کە دەیتوانی وشەی هاوواتا بەکاربهێنێت لەبری ئەوە،

کتێبخانەی عەبدولڵا

لە ڕووی ڕێزمان و ڕێنووسیشەوە هەمیشە ڕەخنە لە لایەنی ڕێزمانن و ڕێنوسی نوسەر دەگیرێت، کە ئاشنای دروستنوسینی زمانی کوردی نییە و هەڵای زۆری بەسەردا تێدەپەڕێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕۆمانی(نەفرەتی نەوبەهاران) یەکێکە لەو شاکارانەی پێویستە هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی بیخوێنێتەوە، تا ئاشنای ئەو مەترسییانە ببێت کە تەکنەلۆژیا و دونیای مۆدێرن بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردی دروستکردووە.

### ئەنجام:

١-نوسەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە پێمان بڵێت تەکنەلۆژیایەکی وەک کامێرا دەتوانێت جوانی دەرەکی و ڕووخسار بۆ هەمیشە بە پارێزراوی بهێڵێتەوە و نەهێڵێت جوانی لە ناوبچێت، کامێرا دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە هێشتنەوەی مێژوو یادەوەریدا ببینێت.

٢-شەرەف لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا بە ژن و جەستەی ژنەوە بەسراوەتەوە و بڵاوبوونەوەی وێنەی ڕووتی جەستەی ژنێک دەکرێت جەنگێکی گەورەی چەندین ساڵە هەڵبگیرسێنێت، بنەماڵەیەک ئازادییان لێ بسەنرێتەوە بە هۆی وێنەیەکەوە.

٣- ئەم ڕۆمانە لە ڕووی تێما و ناوەڕۆکەوە زۆر گرنگ و پێویستە و خزمەتێکی زۆر بە کۆمەڵگە دەکات، ئەگەر چی لە ڕووی زمان و ڕێنوسەوە هەندێک هەڵە و کەموکورتی تێدایە بەڵام لە بەهاکەی کەم ناکاتەوە.

### سەرچاوەکان:

١- سدیق, ئارام. «بازنەکانی شەرەف و بازنەکانی تێکشکان.» diasporawf.org, ٢٠٢٥/٥/٥.

٢- عەلی، بەختیار. نەفرەتی نەوبەهاران. سلێمانی: چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، ٢٠٢٤.

٣- کۆمەڵێک نووسەر، ئەدەب و مۆدێرنە، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، ناوەندی ڕەهەند.

# ئەم دنیا و ئەو دنیا
# بەدەر لەم دنیایە



سەباح ڕەنجدەر

هەوالنامەی کتێب

(شیعر وەک باوکایەتی، ئەرکی بوونە.
مرۆڤ ڕاستیی یەکەمە، شیعر سێبەری ڕاستیی یەکەم نیە، ڕاستیی دووەمە.
خاڵی ناوەندی خوێندنەوەم لە تابلۆی چارەنووسم دانا و لە سەری جووڵام، زانیاری و شارەزاییم لە بارەی کردەی نووسین بە دەستهێنا، گیانی جیهان و هەبوونی مرۆڤم لە خانەکانی مێشکی خۆم چاند، ئینجا لە خۆم پرسی بیری بنەڕەتیی نووسینی خۆت دیاری بکە:
لە ناو واقیعی نووسیندا بەدوای ڕووناکیی نهێنیدا وێڵم، لە واقیعی زەینییشدا مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکەم و لەم ژیانە هارمۆنییەدا، بەر ئەگەرەکانی بوونی دەخەم. شیعری بێگەرد و گەردوونی سەرهەڵدەدا و چییەتی دروست دەبێت.
شیعر وەک باوکایەتی، ئەرکی بوونە.)

بڵێی جارێکی تر خۆمان لە خۆمان ڕابمێنین
ژیان درێژببێتەوە و گەروو بکرێنەوە
تاریکی ژێر پێڵووش خاوببێتەوە و بکەوێ
بەئومێد دانیشتین و دوور و نزیک دەنگمان بگاتە گوێ
ئەمە دوودڵی ئەم پیاوەیە لەپێش گوڵ و ئاوێنە وەستاوە
دڵی ناکەوێتەجێ و بەملا و ئەولای پەراسووی دەکەوێت
* * *
هەڵم تاودەدەم بەرەو ئاسمان
با بباریێ
بەڵا لادەدا و وێنەی ناو کاتی مردوو
دەکاتەوە بە هەنگ
بۆ بەهێزکردنی شیلە دەیانڕژێنێتە کۆڵانە ڕووپێوە نەماوەکانی شار
شارێک بە شەڕ داخبوو لە بیرەوەریدا خوێنی ناو برینی دەردەکەوێ
کاتژمێریش دەبەمە دواوە
ڕووخساری نوێژکەرێک گەڕایەوە ناو یەکەم گزنگ
شان و ملی دایکی تامەزرۆیی و پەرۆشی شێلا
لە شێوەی شیر هەوێن بوو
خوێنی ناو برینی ناسی و تفەنگی بەئاگای درادەست
نەبووە
وێنەی ناقۆڵا و
پەڵەی هەڵبزڕکاو و
زەینی پووکاوە و
گۆڕەپانی خەواڵوو
لە نزیک ڕێگایەک دانیشتووم و هێز دەخەمەوە ئەژنۆم
ڕۆژ نیوەچاوێک سپێدە بدات
بە ڕوونییەکی تەواو ڕوون دەچمە ناو شار
ڕووەکی مرواری دۆزەرەوە
ڕەگی دەهێنێتە ناو دەستی و گەڵایانی ناکەون
دەشتاییەک کە خاوەنی کلیلەکانی دنیایە

ڕووخساری گەرمی باپیرانی هەواڵ کوژراویش
دەرگای شار کلیل و قوفڵی نەکەوتووە
لە سێبەری کلکی ئەژدیها دانراوە
هاتوچوو تێیدا دەستی بە تاج
بۆ سەری کەس درێژ ناکات
جگە لە نەریت و ڕێوڕەسمی پشیلە
نامۆ و ناکام لەبەر ئاگری حەوت ماڵان
بەچکەی چاونەپشکوتووی گەرم دەکاتەوە
* * *
کتوپڕ هاوارێک لە زەوی هەستا
* * *
مۆسیقای پێی ئاشنا نابیستریّ
ئاوی شار لێڵ و گرانە
بەڕۆژوو ناتوانیّ بیخواتەوە
شیعر و نوێژی هاوڕیّ ئەلف و بێیەکەم
دوا ڕکات لە بەرەبەیاندا ناسینە لە چاوێکی گەرمدا
ئاسۆی تێدا سووردەبێت و دەبێتە هێلانەی قەتیّ
یان شکۆی ئاهەنگێکە
دڵی بۆمان دەکاتەوە و لالەی دەستی خوماران دەهێنێتە ناومان
دەستێک دەبێتە هەڵگری
هەموو ناو و میوەی درەختە بە تەمەنەکان
بە دەشتاییەکی تابڵێی ڕوون و پڕ فەرموو ڕادەکا
هەناسەیەک وەردەگریّ
چاوی بەرزدەکاتەوە و دەبینیّ سوارێک
نهێنی ڕاگرتووە و بۆ لای دیّ
بێپەروایی چووەتە ڕەگیەوە و لەناو گەشەی دەژی
ئێمەین بە دەورییەوە گەرمایی گیانین
هێز دەخاتەوە ئەژنۆی و دێتەوە شار
پەیکەری ناوداران کەسمان ناناسنەوە



دەپرسن ئێوە پشتێنی کام پشتن
پێش بەرزکردنەوەی دەستی دوا
ماڵئاواییيان
سەرتاساو برینیان پاراو نەکراون
خۆیان لەبیرچووەتەوە و تەماشای
باڵندەیەک دەکەن
بەسەر هێلکەی بەسەرچوودا
کڕکەوتووە
ناوچەوانی درەوشاوەی دەبێتە
دەشتاییيەک کە
خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
باڵندەیەکی هاوەڵ خراپ دێتەوە
ناوی و سەرگەردان نامێنێتەوە
لە گەرمایی باڵیدا
بۆنی خۆشی قەڵەمتۆز و
گوڵدانی زەماوەند و
لەخەو هەستانی دوای هەڵگرتنەوەی
گەزۆی خەون و
ڕۆژی هەستانەوە دڵیان بۆمان
دەکەنەوە
دژی باڵ و فڕین و ئاسمانی ڕوون
شەڕ ڕاناگەیەنین
فڕین سێبەرە بەسەر ڕێیانەوە و
ئاواتت دەدا
باخی میوە لە بەیانییەوە چاوەڕوانە
ببینرێ و هێڵ ڕوونتربن
بە تەنیا دەنکە هێڵێک بشکێنە ناو
چاپەست و ئاگری سرتە و نینۆک
کرۆژتنێکی کۆن خۆش کە

بە سەد هەزار زمان قسە دەکات
بابەگورگورِ دایکی دووگیان بە نۆبەرە
پەنجەمۆری لەدایکبوونی هەڵبزرکا
شەرابێکی بە تێکشکاوی خەوتوو
ئەسپی خولیا یاڵی یەکپارچە بریسکەیە و بەئاگای دێنێ
دەیخاتە دڵی هەموو خاوەن پرسەیەک
دەرکەوتن دێت و دەبێتە خاوەنی ئاگری پاگژکراوە
ئومێد لە هێڵی ئەمپەڕ و ئەوپەڕت دەڕژێنە
ناویەک و لە بۆنی گوڵ ناترسی
مشتێک گەنم لەبن کووپەی ماڵ دەچێنیت
زانیت چی لە بیرخۆت بەیتەوە
چیش بەبیر خۆت بێنیتەوە
دوورییەک وەک سادەیی گوێت لێدەگرێ
لەناو چاوترووکان وەرتدەگرێ و دەتباتە ماڵێک
بەختەوەری تێدا نووستوون و تەزووڕێژێک لە ڕاسپاردە
ڕژاوەتە ئەو سندووقەی ناڵە و لاوانەوەی دایکانی پاراستووە
جانتاکەت لە شانت داگرە و کەلوپەلی پێویست جیابکەرەوە
دوودڵ بەسەر پرددا مەوەستە
تکا دەکەم پەلە بکە کاتژمێر بخوێنەوە و بپەڕەوە
کیژانمان کەزییان بە ئاڵای
بە سێبەر و هەتاوی تۆوە دەنووسێنن
لە ئاواز و یەکەم تەزووی درەوشانەوەدا نقوومن
کەوان دەشکێن و تیر دەکەونە خوارێ
فەرمانێک لە باڵدا دەنگ هەڵدێنێ
لەقلەق لە هەولێر هەڵفڕە
دڵەڕاوکێت هەرگیز دوایی نایەت
زێد ناوکی سێوێکە میوەی تر هەوێن دەکا
وەک منداڵ گەورە دەبێ و چیاش
لانەی کەروێشکی گۆشتنە

دیواری ڕەش نیە
کاتێک خەریکین تەماشا دەکەین
مردن بەلاماندا تێپەڕیبوو
مانگیش لەسەر کانیی پەیام و ئیلهام خەوتووە
ڕووخساری جەربەزەیەکە لەسەر پەرداخی پڕی بەرزکراوە دێتە دەنگ
دەیەوێ هەموو ئەوانە ببینێ بەر لەو مردوون
دەنگیان لە خاکی یەزدان و گۆرانی دێرین ماوەتەوە

* * *

گفتوگۆیەک سەبارەت گۆڕەپانێکی شەرم تکاو
یان ڕستەیەکی تەواونەکراو

* * *

نەوای مۆزەخانە و شەمێ و مۆمی
ڕسکان لە گوڵەئەستێرەی هەمووان و
مەند و کەمدووی خەمڵین و
هۆگری ئەزەلی و
تاجی ڕەنگ و شێوە گرتوو
کاتی هاتووە
دەشتاییەک کە خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
لە خۆی دڵنیابێ و وشە بە وشە
سەروەریی پەروەردە بکا و کۆیلان بکڕێتەوە
لەو ڕێیەدا هەموویان دەناسم
چیا بە هەڵدێر کۆتایی نایە
تفەنگی دووربیندار تانەی لەسەر چاوە
ئاوازی تایبەتی نیە
ئەسپی خولیا سواری گەیاند و زەوی فراوانتر بوو
دەنگیان لە خاکی یەزدان و گۆرانی دێرین مایەوە



# منداڵیت بەرم نادا

د. مەولود ئیبراهیم حەسەن

هەواڵنامەی کتێب

تکایە منداڵیەتی خۆتان بپارێزن

(١)

من بەخۆشەویستی تۆوە
لەدایکبووم
ناوکم بڕا
چاوم بە خۆشەویستی تۆوە
کرایەوە
بەشیری خۆشەویستی تۆوە

مەمکدرام
دارە دارەمکرد
بەخۆشەویستی تۆوە
زارم پژا
کەوتمە سەرپێ
بە خۆشەویستی تۆوە
لە دایکبووم
لە وڵاتی خۆشەویستی تۆوە
گەورە بووم
لە نێو خۆشەویستی تۆشدا
دەمرم

(٢)

لە هەموو گەڕەک
تەنیا من و تۆ
زۆر بە منداڵی
یەکترمان خۆشدەویست
خەڵکەکە هەموو
بە سووک سەیریان دەکردین
ئێستاش
تێنەگەیشتم
خۆشەویستی بۆچی سووکایەتیە

(٣)

زوڵفەکانت
وەک تیرە ماری ڕەش
بە نێو پەنجەکانم دا خزین
چ جوان و پڕ ترس بوو
ڕۆیشتنەکەت

(٤)

بە منداڵی
باوەشم
پڕ لە گەرمایی
کورتە خەوی تۆ بوو
ئەی ژن
ئێستا بەفریش دەبارێ
من هەر تۆم لە باوەشە

(٥)

بە گێڕانەوەی چیرۆکی
شەڕو ئاشتبوونەوەی منداڵیمان
خەوم لێکەوت
وەرە
بە قژڕاکێشانەکانی گەنجی
خەبەرم کەوە

(٦)

ئەو خواردنە سادەیەی
جاری یەکەم
پێکەوە خواردمان
چەندین ساڵە
لێناگەڕێ برسیبم
نانخواردن لە گەڵ تۆ
چەند ئابووریە

(٧)

کە منداڵ بووی

یەکەمجار
لێنەگەڕای ماچت کەم
هەموو ماچەکانی گەنجیمان
تۆڵەی ئەو ماچەی
بۆ نەکردوومەتەوە
(٨)
بڕیار بوو پێکەوە
بچینە دەرەوە
گەیشتمە بەر دەرگا
گوتت
دایکم لێناگەڕێ
ئێستاش
هەر جارێکی دەڵێی دایکم
وادەزانم لێناگەڕێ
(٩)
سێوی نەگەییوی
حەوشەکەتانمان لێکردەوە
دایکت هاواری کرد
لێگەڕێن
با گەورەبێت
چ خۆش بوو
گەورە نەبووباین
(١٠)
بە منداڵی نەمزانی
بووکە شووشەیەکی تۆم شکاند
بە پیری
تۆڵەی خۆتکردەوە
دڵت شاکاندم
(١١)
کە منداڵ بووین
زۆر دەترساین
خەڵک پێکەوە بمانبینن
بە گەنجی چەند دڵخۆش بووین
کە بە بێکەوە دەبینراین
(١٢)
بە منداڵی
من پاییزم خۆشدەویست
تۆ بەهار
ئێستا تۆ
پایزت خۆشدەوێ
من بەهار
لەو ساڵی تەمەن وەرز لێکدابڕاوە
کەی پێکدەگەین
(١٣)
هەموو ئێواران
کە لێکدادەبڕاین
غارم دەدا
بەرەو پێکگەیشتنی بەیانی
کەی پێکدەگەین
ئێستا کە ناتوانم غاربدەم
(١٤)
کە منداڵ بووین

کتێبخانەی هەولێرنامە

من تەنیا بەڕەنگی چاوەکانت
تۆم دەناسیەوە
چۆنت بناسمەوە
ئێستا
کە هەموو دەستە خوشکەکانیشت
چاویلکەیان لە چاو کردووە
(١٥)
منداڵیت بەرم نادا
تۆ هەمیشە
توڕەو بەناز بووی
ئێستاش
من بەم پیریە
بەردەوام
بیبەر و هەنگوین دەخۆم
(١٦)
منداڵ بووین
کە شەڕمان دەکرد
کەس نەبوو
ئاشتمان کاتەوە
بەم پیرییە
زۆر کەس هەن
لێکمان دەکەن
(١٧)
کە منداڵ بووم
لەسەری کۆڵان
چاوەڕێم دەکردی
تا دەهاتی
دەتوامەوە
کە دەهاتی
دەژیامەوە
(١٨)
بە منداڵی
کە پێدەکەنیت
گەڕەک گوڵ دایدەپۆشی
کە تووڕە دەبووی
وڵات دەکەوتە ڕەشپۆشی
(١٩)
منداڵ بووم
حەزم دەکرد
هەموو منداڵانی گەڕەک
کوێر بن
نەوەک تۆ ببینن
ئێستا حەز دەکەم
چاوی هەموو
گەنجانی وڵات هی من بێت
تەنیا
بۆ بینینی تۆ
(٢٠)
بە منداڵی
ناوی تۆ
کانیی هەڵقوڵێنی
هەموو جوانیەکانی ژیان بوو

ئێستا
چاوی تۆ
پەنجەرەی
بینینی دوا ڕۆژە

(٢١)

بە منداڵی
یەکەمجار
ویستم دەستت بگرم
هەموو گیانم کەوتە لەرزین
ئێستا
لەرزینی پیری لێناگەڕێ

(٢٢)

کە منداڵ بووین
لە سایەی عەشقەوە
هەموو وڵات
هی ئێمە بوو
ئێستا پیر بووین
ژوورێکمان دەسناکەوێ

(٢٣)

ئێستاش
بەم پیرییەوە
هەرجارێکی
دەچمەوە گەڕەکی منداڵی
تەمەن لە بیردەکەم
بە دوای خانووە
کۆنەکەتاندا دەگەڕێم

(٢٤)

لە قوتابخانە
هەموو جارێ
پارچە کاغەزێکت دەخستە
نێو جانتاکەم
لێی نووسرابوو خۆشمدەوێی
ئێستاش
بەم خانەنشینیە
لە نێو هەموو جانتکانم
بەدوای ئەم پارچە کاغەزە دا
دەگەڕێم

(٢٥)

ئەلف و بێی نووسینم
لە بیرکردووە
کەس و کاری خۆم
ناناسمەوە
ناوی خۆشم
لە بیر چووەتەوە
لە وەڵامی هەموو پرسیارێکا
دەڵێم پەری

(٢٦)

چومە لای دکتۆر
بۆ چارەسەری
گوتی کوێت دێشی؟
گوتم پەری
گوتی هۆی چیە؟

هەواڵنامەی کتێب

گوتم پەری
گوتی لە کەیەوە؟
گوتم پەری
گوتی لەگەڵ کێ؟
گوتم پەری
دکتۆر گوتی
خەرەفاوە

(٢٧)

ڕۆژی یەکەمی
چوونە قوتابخانەمان
گوڵێکت پێدام
خستمە نێو کتێبی ئەلف و بێوە
ئێستاش
بەم پیریەوە
هەر کتێبێکم دەسکەوێ
بەدوای ئەم گوڵی دیاری
منداڵیە دا دەگەڕێم

(٢٨)

لە تاقیکردنەوەی بیرکاری
هەردووکمان
نمرەی تەواومان وەردەگرت
ئێستا
پیر بووم
یەک و یەکم بۆ کۆ ناکرێتەوە
وەرە بەم پیریە
هەردووکمان ببین بەیەک

(٢٩)

لە قوتابخانە فێریان کردین
پێویستە مامۆستا و
دایک و باوکمان خۆشبووێ
خوێندنمان تەواوکرد
کەس پێی نەگوتین
پێویستە
یەکترتان خۆشبووێ

(٣٠)

لە قوتابخانە
لە وانەی ئایین
فێریان کردین
هەموومان دواجار دەمرین
گەورە بووین
کەس پێێ نەگوتین
ئێستا
پێویستە یەکترتان خۆشبوێ

(٣١)

ڕۆژێکی زۆر سارد بوو
لە قوتابخانە هاتینە دەرەوە
بەرگەمان نەگرت
یەکترمان گرتە باوەش
بەم پیرییەش
هەر جارێ کە تۆ دێیت
حەزدەکەم دار و بەرد بیبەستێ

(٣٢)
نەورۆز بوو
ئاگرمان کردەوە
پۆلیس دوامان کەوت
لە ترسا خۆت خستە باوەشم
ئێستاش
کە پۆلیس دەبینم
وا دەزانم نەورۆزە
(٣٣)
منداڵیت بەرم نادا
ئێستاش
بەم سەری سپی و
و چاوی کز و
دەستی لەرزۆک و خانەنشینیمەوە
بەیانیان
جانتاکەم هەڵدەگرم و
ڕێی قوتابخانە دەگرمەبەر
چاو لە تۆ دەگێڕم
هەر کچێک دەبینم
دەڵێم بەیانی باش پەری
(٣٤)
لە خانەی پیران
هەموو هاوتەمەنەکانم
گاڵتەم پێدەکەن و لێم بێزارن
دەڵێن چ پەری پەریتە
چەند هەست بە تەنیایی دەکەم
هاوپیرییەکی
خاوەن پەریم نیە
(٣٥)
ئەو ڕۆژەی گوتیان دەتگوێزنەوە
بۆ کەسێکی تر
من ژوورێکم ڕازاندەوە
جلی زاواییم کردە بەرو
بۆنی زاوایەتیم لە خۆمدا
ئێستاش
ئەو ژوورە هەر ڕازاوەتەوە
جلی زاوایییەکەم هەرماوە
ئەو بۆنی زاوایەتیە
هێشتا بەری نەدوام
(٣٦)
منداڵیت بەرینەداوم
من هیچ گەورە نەبوویم
گەڕەک، شار
هیچ نەگۆڕاون
هێشتا سەردەمی پاشایەتیە
ساڵی یەکەمی قوتابخانەمانە
چ خۆشە
هەردووکمان
فێر بووین
ناوی یەکتر بنووس

پاییزی /٢٠٢٤ – هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

# لە پشتی ماشێنێکدا سەفەر ئەکا



سەلام سەعید مەولوود

١

ئەم بەیانیە
سەرێکم لە شەقامە جەنجاڵەکەی
بازاڕ دا،
مشتێ بیرەوەریم وەشان.
لەبەر دەم دوکانی بۆنەکەدا،
هەڵوەستەیەکت کردو.
داوای بۆنێکی پیاوانەت کرد

سوور ئەمزانی بۆ منیە کرێ.
بە لام چاوەکانت هیچیان نەوت.

٢

ئەتوانی هەموو دیاریەکان
لەبیرەوەریتا
هەڵگری
یەکەم دیدار.. یەکەم نامەو یەکەم
هەنگاو
ئەو ڕۆژانەی لەبەردەم
چاوەڕوانیتا
هەزار خۆزگەم بە ئاهەوە
ئەهۆنیەوە.
سەد چیرۆکم دروست ئەکرد
بە یاقوتی چاوەڕوانیو..
نیگای نیوە ترسی تۆدا،
هەڵم ئەگرت.
چیمان نەوت چیمان وردە قسە.
لەبەردەمی دار هەناری باخچە
کەدا
بۆ یەک نەکرد..!

٣

بۆ ئەوەی پێت بڵێم
لەسینەمدا هەڵمگرتوی
چ دەستەواژەیەک شک نابەم
بینووسم.
ئاخر خۆشەویستی بەشناکات..

٤

ماڵەکەمان دوو نهۆمە
بەلاّم من لەنهۆمی خوارەوە
وشەکان ئەهۆنمەوە.
پەنجەرەی سەر حەوشەکە،
باوەش بەدار نارنج و مێوەکەدا
ئەکا،
بۆیە من ناچمە نهۆمی سەرێ،
مەلی بچوک ڕۆژی سەد نامەم
بۆ دێنێ..

٥

من نازانم گومان تۆی شپرزە
کرد.
یان درەختی بەختت،
نەیتوانی سێبەرێکی چڕ بۆ
ئایندەت بکا.
ئەو دەمەی هەردوکمان وەک
باڵندە.
خەریکی چنینی لانەیەک بوین،
تۆ وەک ژنێکی بە ئەزمون،
سەد چیرۆکت بۆ باس ئەکردم،
درەنگانێ دەرگاو پەنجەرەکەت

هەواڵنامەی کتێب

پێوەدا.
نەتئەزانی.
گومان ئاگری حەزێکی نەزۆکە ..

٦

وەکو ئێستام یادەکان سەریان
سپیە ؟
ڕوحیان گەش،
چاویان لە ئایندەی تۆیە.
بگەڕێوە،
ئەتکەمە نەسیمی عومرم،
لەهەناوی چەند وشەیەکی یاخیا،
جوانترین نامەی ئەوینت
بۆ ئەنوسم..

٧

ئەو گەرمیانیەکی نامۆ بوو
ئەو ئاشنا بە هەمو کوچەکانی
شار،
سڵاو حەیاتم..؟
ئەمە ئیمام قاسمە.
ئەمە ڕحیماوایە
ئەمە شاتر لوە
ئەمەش دۆمیزە
ئەمە تاریکە بازاڕە . ئێرە نزیکی
قەڵایە،

کوێت بگێڕم خانمێک لە بیرە
وەریمدا
لە تەرمینالی شار،
بەدیار کڕینی یادێکەوە.
لە پشتی ماشێنێکدا
سەفەر ئەکا..
*
سلێمانی/٢٠٢٥



# سروودی عیشقەبارانێک



نازە نەجیب

هەواڵنامەی کتێب

مەودای نێوانمان هەنسکێکی کورت بوو
کە غوربەت ئامێزی بۆ کردینەوە ،
من سووچێک لە ئەبەدیەت و
سووچێک لە گومانم بەدەستەوە بوو
تۆ دەنگی عیشقت وەلا نا و
ئاشنایەتیت بە چنگێک خۆڵەمێش گۆڕیەوە
زەمەنمان ڕاگرت
هەموو یادەکانمان بەدەستگوشینێک نەزری خودا کرد



پەیکەری غرورت بێ موریدە ،
وەرە نەستت بپرژێنەوە سەر خاکێکی نوێ
دەستم بگرە بەجۆرێک کەلەنەرسیسی خۆم
دەرباز ببم
لەبەرگی خۆم بێمە دەر
لەزیندانی ڕۆحم ئازاد بم .
من وێلم..نازانم سروودەکانی ئاسمان چ
حوزنێکی تر دەبەخشن و چ موناجاتێک
دەچڕن؟
تۆ بڵێی باران هەر بەمیهری خۆی
بمێنێتەوە؟
نێوانمان دڵۆپێک باران بوو
وشکبوونی زەوی پیرۆز دەکرد
ناز وعیشوەی گوڵی زیندەبەچاڵ وسەدای
دەنگی
نەیژەنێکی لاڵ دەکرد
دووریی :
خەیاڵێکی تاڵی عاشقێک بوو کەهەرگیز
خەونی نەدەبینی
کاتێ بەتەلیسمی نیگایەکی شێتانە بۆجاری
هەزارەهەم
دێوانە دەبوو

# ملوانکەی پیرۆزە



لەیلا نوورانی
سابڵاغ

هەواڵنامەی کتێب

گژوگیای بن داران قولەپێیەک دەبوو، داوە دەزووی تیشکی هەتاو، بە نێوان لقوپۆپی داراندا ڕێی خۆیان دەکردەوە.

دەستێکم بە دارسێوی پێشم گرتبوو و هەرتک باڵم لێک کردبۆوە و بە دەورەیدا خولم دەدا، وەک دارەکە ناوەندی دنیا بێ، بە دەنگی بەرز دەمکوت و دەمکوتەوە: «مامەگێژە گێژم نەکەی، مامەگێژە گێژم نەکەی...»

هەتا وە هەناسەبڕکە کەوتم وچانم نەدا. ئەوجار سەرم دە گێژەوە هات و چاوم ڕەشکەوپێشکەی کرد، دنیایەکی کەسک لە پێش چاوم دەسووڕا.

پاڵم لە دارەکە دا و لە حاستە خۆم دانیشتم و لینگم جووت ڕاکێشا، بە دڵ پێکەنیم و چاوم قووچاند. دەنگی جریوەجریوەی چۆلەکە و بۆڕەبۆڕی گاڕان تێکەڵ ببوون، بایەکی نەرم و فێنک وە ڕووخسارم دەکەوت. کە چاوم هەڵهێنا مێشهەنگوینێکی چکۆڵە خەریک بوو بە وزەوز لە لاقولەتەرم دەنیشت، لە تاوان تفی زارم بۆ قووت نەدرا و لە پڕ دەرپەڕیم و بە ڕاتڵەکاندنی دەستەکانم لە خۆم دەرکرد و بە هاوار هاوار هەڵاتم، هەر لەسەر جۆگەلەکە بازمدا، سەرپایەی لاقە ڕاستەم کەوت و ئاوەکە بردی، چا وەرە بگری. «داد»م لەو سەری باغ سەرپایەکەی گرتەوە و بۆ لام هات و بە هانکەهانک کوتی: چت لێ قەوماوە بابانوێران، قورئان مەعبەین بێ دەڵێی لە شینگایی حەوت برایانی! سەرم بەرداوە و پرچە هۆنراوەکەم کە بە بەنکەزی زەنگیانەی بەڵەک بەسترابوو بە دەستەوە گرت و بە لووشمە لووشم کوتم: مێێێێش‌هەن هەنگوین خەریک بوو پێ... پێمەوە دا، ئەوەنێ شووشەی مامم دەیگوت مێش‌هەنگوین پێتەوە دا دەمری!!

دادم لینگە سەرپایە خووساوەکەی هاویشتە بەر پێم و بە پێکەنین کوتی: کوا! بریا پێوەی دابای جینگەنۆکە. خۆ حەزیات لێ پەیدا نەبووە نێوک و دڵت بەردامەوە و دەستی بە بەرۆکی گرت، وەرە وەرە دەی بەدفەڕی بەسە، با بچین لە نێو ئەو ڕەزانە گەڵامێوی برنین، کچێ ڕۆژ خەریکە ئاوا دەبێ. «ماموەیسە» لەو سەری ڕەزەکان قەتاڵێکی شووڵی گەورەی بەدەستەوە بوو و خەریک بوو بە هێمنی قۆرەی وردی، لێدەکردەوە. دایکم دەیگوت ئەو جۆرە قۆرەیە بۆ وشککردن پەسندە. دادم قەتاڵێکی چکۆڵەی دا دەستم و گوتی: سەرتوولەکان لێکەوە، ئەوانە ناسک و مزرنماڵی دۆڵمەن. تەواو هاتبوومەوە سەرەخۆ و خەریکی گەڵا ڕنین بووم و خۆش‌خۆش لاسکە ناسکەکانم دە زارم دەهاویشت. قەتاڵەکەم پڕ

کرد. چووم و دە نێو داشقەم نا. بارگینەڕەش خەریکی لەوەڕ بوو و هەر جارناجارێکیش ملی دەلەقاند و بە ڕاتڵەکاندی سەری، مێشە بروقەدارەکانی لەخۆی دەردەکرد.

مامۆەیسە گەیشتە سەرم و قەتاڵەکەی خۆی دانا و بەدەم کردنەوەی پرێسکەوە کوتی: هەی لە خاڵی خۆت کەوێ جا وەرە تا چایەکەی دێم دەکەم ئەو بابۆڵە شیرێژەوڕۆنە بخۆ!چاک دەزااااانم بۆقەکەی نێو زگت ئەوە دەقیرێنێ و پێکەنی، سمێڵە بادراوە ماش‌وبرینجی‌یەکەی لەبەر یەک کشانەوە و دەستی بۆ لام ڕاداشت و بابۆڵەکەی دا دەستم. قودولکە شینەی چای دەست دایە و بۆ لای ئاوری نزیک کەپر ڕۆیی.

لە سەر جادەی پاش پەڕژینی باغ، گاڕان خەریک بوو بەرەو ئاوەدانی دەگەڕاوە، لە پشت مانگا و گوێلکەکان تۆپی هەتاوم لێ دیار بوو کە سوور هەڵگەڕابوو و خەریک بوو لە پشت شاخەکان ماڵۆچکەی خۆی دەکرد. قەپاڵێکم لە بابۆڵەکەم دا، کابرای گاوان داری لەسەر شانی دانابوو و بە هەرتک دەستی گرتبووی و «حەسەنی‌خاتێ» پێمەڕە بە شانەوە لە پشتەوەیان دەڕۆیی و تێکەڵ‌وپێکەڵ گۆرانی دەکوت. دیار بوو لە مووچەڕا دەگەڕاوە. شووڵێکی درێژکۆم هەڵگرتەوە و چوومە سەر پەنجە و لەوبەری پەرژینەکەڕا شووڵێکم گەیاندە زگی مانگابەڵەک و یەکبەخۆم گوتم: وەحە .... وەحە ... مانگاکە بۆڕاندی دیار بوو ئێشی پێ گەیبوو. کابرای گاوان کە نەمدەناسی و کاکم دەیکوت تازە کوێخا گرتوویەتی، دەنگی دام و گوتی: ئەوە چت پێداون تێرحەمرنەبوو، بۆوا بێ‌شەرمی! بە دارەکەی لای لێ گرتن و حەولی دا مانگاکان بۆ لای ڕاستی ڕێگاکە بەرێ و دووریان کاتەوە. حەسەنی‌خاتێ ئاگای لێ بوو، لە پشت پەڕژینەکە لێم هاتە پێش و چاوەکسکەکانی لێ زەق کردم و گوتی: پخخخخ بەچکەئاغای نەحاملاو و قاقا پێم پێکەنی، بە دیتنی ددانە زەردەکانی گورگی تیتل‌وبیبلم وەبیر هاتەوە،

لێی ترسام، دڵم خێراخێرا لێی دەدا.
لە نێوەڕاستی ڕێگا ڕاوەستا و پێمەڕەکەی چەقاند، سەری هەموو کاوکووت بوو ئەوجار گوتی: هێندەتان نەماوە ئاغاوماغا کلکیان لەسەر نەڕەی پشتیان دادەنێن و جا کاکی خۆم بە دۆڵیدا، هەمووتان تەرکەوەتەن دەکەین. تازە ئەو بابەتان مرد! ئاوا بە تەرخانی ناخۆن ...
پاشەوپاش کشامەوە و ڕقم لێی هەستا. لە پێچی کۆتایی ڕێگا گاڕان لێمان دوور کەوتبۆوە و تەپوتۆز و بۆنی شیاکەی تازە دە وڵات گەڕا. لە حەیفانی شووڵەکەم فڕێدا، بیرم کردەوە خۆ بەو کابرا زەلامە ناوەستم بەڵام دەتوانم ڕقی هەستێنم دوا پارووی زارم قووت دا. شتێکم وەبیرهاتەوە و برێک کشامەوە دوایە و لە جێی خۆم دەستم بە هەڵبەزودابەز کرد و جووتپێ خۆم بە عەرز دادا و بە دەم چەپڵەلێدانەوە یەک بەخۆم گوتم:

«جووتیاااری ئازااااد، ڕدێن چڵ چڵڵڵڵە
ئەسپێێێێی پشت ملی دەڵێێێی کیسەڵڵڵە »
ئەوەش پوورم فێری کردبووین، لەو ڕۆژەوەی پیاوی حکومەت دەسەر بابمیان کرد زەویووزار لەنێو ڕەعێت دابەش کا و دایەهەمین و پوورکەژێ ئیدی نەهاتنەوە دە کاراندا یارمەتی دایکم بدەن و هەر پوورەکانم نانیان دەکرد و بۆخۆمان دەگەڵ دادم دەچووین بۆ مەشکە ئاومان لە کانێ گوڵان دەهێنا و لەلەکان تخوون منداڵەکانی مامم نەبوونەوە.
بێدەنگ چەقیبووم، ئاوڕم وە پاشە خۆم داوە، دادم لە هیچ کوێ دیار نەبوو، حەسەنیخاتێ بە پێمەڕەکەی وەرگەڕا پەرژینەکە و چرپییەکانی لەتوپەتی کرد، ویستم هەڵێم، بە دەستە زەلامەکانی پڕی دامێیە، ملوانکەی پیرۆزەی ملم پسا، دوو سێ مستی گەیاندە پشت و لاشانم، ئەمنیش هەر چاوم لە بەر پێم بوو و غەمی مووروورکانم بوو کە لە نێو گژوگیا بڵاو ببوون. چەپۆکێکی پێدادام. دەستی ئەوەندە قورس بوو

هەموو گیانم وە ژان کەوت، یەک بەخۆم دەمزیقاند و دەمکوت ئەی دایەگیان پشتم شکا، سەرم شکا، ئەی مورووکانم!! حەسەنەشێت، حەسەنەشێت وەڵلاهی بە دایکم دەڵێم . بە هاتوهاواری من هەلات و پێمەڕەکەشی لەوێ بەجێ ما.

دادم لە پشت پیرەدارگوێزی نێوەڕاستی باغ وەدەر کەوت و دیتی ئەگەر حەسەنیخاتێ دەرپەڕی، پڕ بە زاری جنێوی پێدا و دوو سێ خڕکەبەردی ڕێ هالاند. ئەو جار کردم بە حەشرێک نەبێتەوە. دادم لە باوەشی کردم و هەرای کرد :ماموەیسە، ماموەیسە ئەوە مردووی ئەو شێتوشوورەت دیوە چۆن لێمان یاغی بووە. ماموەیسە هەر گەیشتێ و نەگەیشتێ گوتی خێرا سوار بن با بچینەوە بزانە چۆن گوێی خشتخشت دەبڕم.

بە فینگەفینگ داهاتمەوە و دەنکدەنک پیرۆزەکانی بەر پێم خڕ کردنەوە و گوتم ملوانکەکەشم پسا تازە هەمووی ون بوون.

دادم کوتی: بەقوربانی خۆت بێ، جا ملوانکە چێ، ئی دیکەت بۆ دەگرمەوە، دە سەرت گەڕێ دادی خۆت.

پیرۆزەکانی هەڵمگرتبوونەوە دە مستمدا ڕامگرتبوون. دڵم پڕ بوو و هەتا گەیشتینەوە یەکپشوو گریام و هەموو ڕوداوەکەشم بۆ دادم گێڕاوە. چاوێکی لە پشتم کرد و کوتی حەک دەستی ورد بێ.

ئەگەر گەیشتینەوە حەساری ماڵێ، زیاتر دەنگم هەڵهێنا و وەک بابردەڵە لە پشتی داشقەکە خۆم فڕێدا ، دایکم بە بیستنی دەنگی من بە هەلاتن بە پێپلیکانانـدا هاتە خوار و لکی پشتێندە پەشمینەکەی تێ دەچقاندەوە و کوتی: ئەی ماڵێ نەوێرانم ئەوە چتان لێ قەوماوە ڕۆڵە! خۆم دە باوەش دایکم هاویشت.

دادم لە نووکەوە هەمووی بۆ باس کرد. دایکم کراسەکەمی هەڵداوە و چاوێکی لە پشتم کرد و گوتی: جا وەرە تۆ بی ئەو خودایەی هەموو گیانی ڕەشوشین کردۆتەوە.

ماموەیسە ئەدی ئەتۆ لەوێ پنگ بووی؟ تەڕت ئاگا لە منداڵانە.

ماموەیسە گوتی: خانم ئەمن چووم چایان بۆ لێنێم بە جەدی

باب‌وباپیرت قەننەکێشێکم پێ نەچوو. دایکم کوتی: ئەوەی بکرێ بە خۆم دەکرێ و دەستی گرتم و وەدەر کەوتین. پیرۆزەکانم توند دە دەستمدا گرتبوو.

ماڵیان لە قەراغ ئاوەدانی بوو. حەسار و شتیان نەبوو، ، دەرکەیان نیوەئاواڵا بوو، یەکسەر وەژوور کەوتین.

پوورخاتێ بە کوڕەکوڕ بۆ لامان هات و بە دەنگە لەرزەکەی گوتی: خێرە کچێشێخی بەو بانگەشێوانە بۆ هاتوون؟ دایکم گوتی: جا چت عەرز کەم پوورەخات، لە کاک ناحەسەنی کوڕت بپرسە. دایکم دەستی دە کەلەکەی نابوو و گوتی: بە کێ پشتی ئەستوورە؟ بە حەجەمۆکە و ژاندرمە ها؟! بە ئامانێ خودای پشتی لە زگی نەرمتر دەکەم، نەخەڵەتێ هاا زەفەر بەرێتە ماڵ و منداڵمان. پوورخاتێ بە دەستەچرچەکانی ڕووی خۆی ڕنی و گوتی: ئەی خەجاڵەت و ڕووڕەش خۆم، سەهووی کرد کچێ بە قوربانی ئەو چاوە جوانانەت بم، ئەمن قەرەواشی تۆم، دەبەر ئەوبەرە پێیانەت دەمرمەوە ئاغا پێ بزانێ سیپاڵمان لەسەحرایە دەخا . دایکم گوتی: پوورخات خۆ نەهاتووم شەڕتان پێ بفرۆشم بەڵام خودا لێی هەڵناگرێ، ئەو کەوڵەڕەشە ناپیاوەی کوڕت، لەو منداڵە بەستەزمانەی داوە! هەهاااا! ئەتۆ وەرە چاو لێکە هیچ گیانی نەهێشتووە. جا ئەو منداڵە شتێکیشی کوت، خۆ بێت و ئاغا بزانێ ڕوحی بەرێتە حەوت تەبەقەی ئاسمان هەر کەوڵی دەکا.

پوورخاتێ فرمێسکەکانی بەسەر چرچولۆچی دەموچاویدا هاتنە خوار و بە هەرتک دەستی بە لاڕانی خۆی دادا و گوتی: ئەی قەت کەس‌نەماو خۆم دەخیلت بم ئەو کردی ئەتۆ نەیکەی، پێم ڕە زگی خەی نانی ئاغای لێ دێتەوە دەر، بە گەورەیی خۆت لێی خۆش بە. شێتۆکەیە خودا پێ‌نەداوە چی لێ دەکەی. هاتینەوە دەر و لەپەنا مام‌وەیسە ڕاوەستابووین لە ناکاو دوو خڕکەبەرد کەوتە بەر پێمان، حەسەنی‌خاتێ دیار بە دیارمان لە سەر گردێک وەستابوو و قاقا لەسەر قاقای دەکێشا.

مام‌وەیسە هەڕای کردێیە و

کوتـی: هـەی  بێشـەرەف بزانـە دیڵـم نانی زیندوان بخۆی و ڕەپێی نـا. لـە بـەرەوەی ڕێگای بەرمـاڵان، حەسـەنیخاتێ بـەرەودەم ڕمبـەی لـێ هـات و ماموەیسـە بـە شـەق و پێلاقـان وەریگەڕایـە. بـە هەڵـەداوان گەیشـتینە سـەریان، پوورخاتـێ بـە شـینوگریان دەپاڕاوە و بـە خـۆی دادەدا. دایکـم بـە پشووسـواری گوتـی: بەسـە کافر کوشـتت، ئەوەندە بیـرازەی بەسـە. حەسـەنیخاتێ هەمـوو گیانـی دە خـۆڵ گەوزیبـوو، ڕاسـت بـۆوە و پشتاوپشـت لێمـان کشـاوە و گوتـی: سـەگبابانە وای ناخـۆن، وەڵڵاهـی وەڵڵاهـی دیوەخانتـان بەسـەردا دەڕمێنـم، کادێـن و خەرمانتـان ئـاور دەدەم، نێرەوەزتـان ناهێڵـم و دەسـتی دە حـەوادا ڕادەوەشـاند.

دایکم گوتـی: کەرەکـەر، بلـێ کاری وا ناکەمـەوە و وسـت بـە. ئـەوە خاتری دایکت نەبا ئەلحان کارێکم دەکرد لێـرە بـار کـەن

، خـۆ دەگـەڵ حەمەڕەشیدخانت لێ نەقەومابـوو، جـاران ئـەو عۆینانـەت نەبـوو! زەلام بـە منـداڵان دەوێـرێ! حەسـەنیخاتێ بـەدەم تەکاندنـی پاتۆڵەکەیـەوە گوتـی: ئـەدی ئـەدی بـۆ عەیبـەی خۆتـان ناڵێـی، ئـەو کچەتیـوە نەحاملاوەتـان ئـەوەی دەیڵـێ نایلێتـەوە. نابـێ ئـاگای لـە زاری بـێ. هـەر قومارمـان پـێ دەکا بۆیـە چەختێکی چاکم کوتـا تەمبێی هـەزار سـاڵیم کـرد. دایکـم کوتـی: هـەی عەمـرت نەمێنـێ ئەتـۆ بـی خەرفـاوی، شـەیتانم بـە نەحلـەت کـرد، بابـە دەگـەڵ گوتنت بێکەڵکـە خـودا ڕوحمـت پـێ کا. و دەسـتی گرتـم و دەگـەڵ ماموەیسـە بـەرەو ماڵەخۆمـان وەڕێ کەوتینـەوە.


یەکیـەک و دوودوو چرای مـاڵان هەڵکرابوون. دایکم بە ماموەیسـەی کوت سبەی ڕۆژی نانێ، ئەگەر لێ بوونـەوە کولێرەچـەورە و پێخـۆری بـۆ پوورخاتـێ بـەرە، بەسـتەزمانە نێوکودڵـی کـەوت.

دەسـتی دایکـم بـەردا و وە پێش کەوتـم و بـە هەنگڵەشـەلە بـۆ لای حەسـاری خۆمـان چوومـەوە، پیرۆزەکانـی دەسـتم هەڵهاویشـتن و کوتـم:

جووتیاری ئاااازاد، ڕدێن...

هەموانامەی کتێب

# پێنج کورتە چیرۆك



ئازاد ئەرگوشی

## ١- تاڵەمووی تەمبوورێک

کچە شەڕوانەکە بریندار بووە و کورە شەڕوانەکەش خەریکی پێچانەوەی برینەکەیەتی. کچەکە پێی دەڵێ: "خۆت ماندوو مەکە ئەوەندەم نەماوە، لە جیاتی ئەوە برۆ تەمبوورەکەت بێنە و ئاوازێکم بۆ بژەنە."

کوڕەکە تەمبوورەکەی هێنا، کاتێک تەماشای تەمبوورەکەی دەکات دەبینێت یەکێک لە تەلەکانی پساوە، کوڕەکە بە گریانەوە دەڵێ: «بەداخەوە یەکێک لە تەلەکانی پساوە!

کچەکە بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە دەست دەباتە ناو قژی و تاڵەموویەک

ڕادەکێشێ و دەڵێ: «ها وەرە ئەوە لەجیاتی تەلە پساوەکە بەکاری بێنە.»

کوڕەکە لەسەر داوای ئەو خەریکی دانانی تاڵەقژی کچەکە دەبێت لە شوێنی تێلە پساوەکە، بەڵام پێش تەواوکردنی کارەکە کچەکە گیان دەسپێرێت. کوڕە شەڕوانەکە کارەکەی تەواو کرد، بەڵام نەیوێرا لەبەر پستانی تاڵەمووەکە تەمبوورەکەی تاقی بکاتەوە، بۆیە تەمبوورەکە بۆ هەمیشە بێدەنگ مایەوە.

## ٢- بێکلیل

تەنها ئارەزووی بەدەستهێنانی تاکە کلیلەکەی باوکی بوو. لە دوای مردنی باوکی گەیشتە ئارەزووەکەی! چووە ژێرزەمینەکەی ماڵەکەیان و مۆمێکی داگیرساند، بە هەیەجانەوە دەستیکرد بە کردنەوەی سندوقەکە، کاتێک دەرگەی سندوقەکەی کردەوە بە سەرسووڕمانەوە بینی سندوقێکی برێک بچووکتر لە ناو سندوقەکەدایە، کلیلەکەی لەسەر بوو، ئیتر هەروا سندوق لەناو سندوق دانرابوو، بە ژمارەی ساڵانی تەمەنی باوکی سندوقەکانی کردەوە. هەموویان مایەپوچ دەرچوون. تەنیا مۆمێکی سووتاویان تێدا بەدیدەکرا. دوای نەمانی نهێنیەکەی سندوقەکەی باوکی، بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا هەستیکرد ژیانی بێ مانا و مایەپووچ بووە!!


## ٣- بێ چەک

شمشێرەکە بە نرخترین میراتی باوکیان بوو. لە دوای کۆچی دوایی باوکیان ناکۆکی کەوتە نێوان چوار برا لەسەر شمشێرەکەی باوکیان. لەو چوار برایە کەسیان ئامادە نەبوون لە بەشەکەی خۆیان خۆشبن، بۆیە بڕیاریاندا شمشێرەکە بکەن بە چوار پارچە و لە نێوان خۆیاندا دابەشی بکەن. براکان بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد، بەمشێوەیە توانییان بە سەلامەتی کۆتایی بە کێشەکە بێنن بە بێ ئەوەی براکان دڵیان لە یەکتر بشکێت. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت، ڕۆژگار شەڕێکیان

پێفرۆشت و لەگەڵ دوژمنەکەیان تووشی شەڕێکی نەخوازراو هاتن، ئا لەم کاتە هەستیارەدا پێویستییان بە شمشێرەکەی باوکیان بوو!!

٤- بەفری بەڵەک..

کاتێک منداڵەکانم لە هەواڵەکانی کەشوهەوا گوێیان لێبوو گوایە ئەمشەو درەنگ لە هەولێر بەفربارین دەستپێدەکات، ئەوەندە کەیفخۆشبوون کە لەپێستی خۆیاندا نەدەگونجان. چاک لە بیرمە سەردەمی ئێمەش وابوو، خواخوامان بوو بەفرێک بباریێت، ئیتر بۆ یاریکردن و شەڕەبەفر گەورە و بچووک دەڕژانە سەر شەقام و کوچە و کۆڵانەکان. کورد گوتەنی دەبووە هەڵایەک کە سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسی. ئەو ساتانە خۆشترین ساتەکانی ژیانمان بوو، منیش خۆشحاڵبووم بەوەی کە سبەینێ لەگەڵ منداڵەکانم ئەو یادەوەرییە خۆشەی ساڵانی ڕابردوو دەتوانم دووبارە بکەمەوە، بەڵام بە جیاوازییەکی زۆرەوە، پێشتر ئەو ڕۆژانەمان بە




ترس و لەرزەوە لەژێر سێبەری ڕژێمی بەعسەوە تێدەپەڕاند، کەچی سبەینێ بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمەوە ڕۆژێکی نوێمان دەستپێدەکرد. شەوی ڕابردوو دوور لە دەسەڵاتی عەرەب لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردی یەکەم بەفری زستان بارییبوو، بەڵام بەفری ئەمجارە جیاوازبوو لە بەفری ساڵەکانی پێشوو، بەفری ئەمساڵ سپی

نەبوو بەفری بەڵەک بوو ڕەنگی سپیی تێکەڵاو بە پەڵەی ڕەش. کەس نەیوێرا دەستی لێبدات، پیر و گەنج و ئافرەت و منداڵ هەموویان لە ژوورەوە لەودیوی پەنجەرەکانەوە بە حەسرەتەوە تەماشای بەفرەبەڵەکەکەیان دەکرد. ئەو ڕۆژە بەفربەڵەک ئاسامان ڕەش دەتگووت ڕەشماڵێکی زەبەلاحە بەسەر شارەکەدا کێشراوە. تەنانەت ئەو ڕۆژە چۆلەکەکانیش توانای فڕینیان نەمابوو. نەزەردەخەنەیەک، نە هات و هاواری دەنگی پێکەنینی منداڵێک نەدەهاتە گوێ، دەتگوت ئەمشارە لاڵ بووە. دڵم زۆر تووندبوو فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە وەک هاروهاجان خۆم گەیاندە ناو حەوشەکە و خۆم لەناو بەفرەکەدا گەوزاند، ئەوەندەی پێنەچوو لە هاوارەکانی خێزانەکەم وەخۆهاتمەوە، کە دەیگوت: «وەرە ژووروە پیاوەکە خۆ تۆش خەریکە وەک ئەو بەفرە بەڵەک دەردەکەوی. تەماشایەکی دەست و پلم کرد، قسەی خێزانم بوو پێستی دەستم بەڵەک ببوو!!!، تەماشایەکی بەفرەکەم کرد وەک بڵێی پێستی مانگایەکی بەڵەک حەوشەکەمانی داپۆشیوە. ترس دایگرتم، تەماشایەکی ئاسمانم کرد ئاسمانێکی ڕەشی ناشیرین، لە ڕقا سەرم بەرز کردەوە و تفێکم لێکرد، بەڵام تفەکە بۆ دەموچاوم گەڕایەوە، ئەوکاتە زانیم مانای تفی سەرهەوراز چییە!!

## ٥- مەگری مامەگیان

ئافرەتێک خەریکی هێورکردنەوەی منداڵەکەیەتی، لە دەست منداڵەکەی زۆر ماندووە. لەو کاتەدا پیاوێک بەوێدا تێدەپەڕێ، ئافرەتەکە داوای یارمەتی لە پیاوەکە دەکات. پیاوەکە بە هێمنی لە منداڵەکە نزیک دەبێتەوە و دەستێک بەسەری منداڵەکەدا دەهێنێت، ئەوجا فرمێسکەکانی پیاوەکە هاتنە خوارەوە!! منداڵەکە بە بینینی فرمێسکەکانی پیاوەکە بێدەنگ بوو، پاشان بە دەستە بچووکەکانی خەریکی سڕینەوەی فرمێسکەکانی پیاوەکە بوو و گوتی: «مەگری مامەگیان مەگری!

# لە مانگی تەنیاتی



**چیرۆکی: مەنسووری یاقوتی**
**وەرگێڕانی: خالید فاتیحی**

١

هەردووکمان ماندوو بووین. هەردووکیشمان برسی بووین. بەفر یاڵەکانی داپۆشیبوو، دەشتەکەش ڕێک دەتگوت خوری مەڕێکی سپییە.

کڕ و بێدەنگ، ئەو لە پێشێ و منیش بەدوایدا دەڕۆیشتم. بێ ئەوەی هەست بە سەرما بکەم چاوم لە شوێنپێیەکان بڕیبوو. شوێن پەنجەکانی دایکم لەسەر بەفرەکە گەورەو ترسناک دەردەکەوتن. بەڵام شوێنپێیەکانی من، هیچ ترسێکیان دەرنەدەخست.

هەمیشە ئەو لەپێشەوە دەڕۆیشت و منیش بەدوایدا غارمدەدا،

مەگەر ئەوجارانەی کەیفی سازبا ڕێگەی دەدا ماوەیەک لەپێشیەوە بڕۆم. ئینجا لەسەر چیچکان هەڵدەتوتەکاو لێم ڕادەما تا هەست بە لەخۆبایی بوون بکەم و شاییم بەخۆمبێ، وەکو بایەکی سارد دەردەپەڕی و خۆی دەگەیاندمێ، چەمۆڵەیەکی نەرمی دەگەیاندمێ و لە ناو بەفر دەیگەوزاندم، ئینجا دەبوو بەدوایدا کێو و لاپاڵ و دۆڵان ببڕم.

لەسەر گردەکە شوێنپێی چەند کەروێشکێک دیاربوون، لەولاتریش شوێنپێی چەند ڕێوییەک دەبینرا. دایکم لمۆزە ڕەشەکەی لە شوێنپێیەکان نزیک دەکاتەوە. لە هەوایەکە بۆنی کەروێشک دەهات. ئەو بۆنەی دایکم هەستی پێدەکرد، من هەستم پێنەدەکرد. من دەمتوانی زیاتر سوود لە دەستەکانم وەربگرم، هیچ گورگێک نەیدەتوانی لێمان نزیک بێتەوە، چونکە دارێکم هەڵدەگرت و لە قەپۆزیم ڕادەکێشا یان خرکە بەردێکم تاودەدایەو لە کەلەکەم دەسرەواند.

دایکم دەیتوانی هەر بوونەوەرێک هەڕەشەمان لێبکات ئامبازی بێت، بەڵام من نەمدەتوانی. ئەو بە گەوە و پێچە تەنگەبەرەکاندا دەڕۆیشت، من نەمدەتوانی. ئەو بە ئاسانی بە هەورازەکە هەڵدەگەڕا، منیش زۆر بە زەحمەت. چاوەکانی دایکم لە تاریکترین شەوەکاندا وەکو گەوهەر دەدرەوشانەوە و هەموو شتێکیان دەبینی، من وەکو ئەوم نەدەبینی. ئەو زۆر لە من وشیارتر بوو. ئەو گوێی لە هەموو دەنگێک دەبوو، من نەمدەتوانی وەکو ئەو ببیستم.

دایکم سەری نەویکردبوو بۆنی بە شوێنپێی کەرویشکێکەوە دەکرد. لەپەنا دەوەنێک چاوم بە کەروێشکێک کەوت. بە دەنگێک کە لە گەرووم هاتەدەر و دایکیشم ماناکەی دەزانی، سەرنجم بۆلای کەروێشکەکە ڕاکێشا. دایکم بەرەولای کەروێشکەکە غاریدا. نەرم و لەسەرخۆ، دەتگوت دەوەنێکەو با گلۆری دەکاتەوە. پێیەکانم هەتا ئەژنۆیان لە بەفرەکە ڕۆدەچوون، کەروێشک سڵەمیەوە و وەک تۆپەڵەبەفرێک ڕاخزی و لەناو درزەکاندا بزربوو.

دایکم بە نائومێدی لە دەوروبەر گەڕا، سەری نەویکرد و دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە.

٢

لای نیوەڕۆ گەیشتینە دەوروبەری ئاواییەک. لەسەر گردێک لەناو دەوەن و درەختەکاندا خۆمان شاردەوە. خەڵکەکە لە گۆڕەپانی ئاوایی لە دەوری یەک کۆببوونەوە. چەند کەسێک (گا) یەکیان بە ڕاکێش ڕاکێش هێنایە گۆڕەپانەکە. پێستی (گا) یەکە خەنەیی بوو لمۆزی ڕەش و ناوچەوانی قەشان بوو.

بە هەیکەل و بە ویقار. چەندە بە پتەوی دەڕۆیشت! چەندە غروور و سەرکەش!...

پیاوەکان هەر چوارپەلی (گا) یەکەیان بە گوریسێک لە درەختێکی ئەستووری مەیدانەکە بەستەوە. گا یەکە لەترسان دەیهۆڕاند. قەساب بە کێردێکی گەورەو تیژ چوو بۆلای گا یەکە. قۆڵی هەڵکردبوو. گا یەکە کاتێک چاوی بە قەساب و کێردەکە کەوت هۆڕاندی. قەساب دەستێکی لەسەر لمۆزی گا یەکە داناو کێردەکەی خستە سەر ملی. گا لە حەژمەتان هۆڕاندی و دەستیکرد بە لنگە فرتێ. کابرایەک دەمی گا یەکەی بەست تا نەهۆڕێنێ. خوێنی گا یەکە بەفرەکەی سوور کرد. ئینجا کەوڵی کرد. کاتێک کەوڵیان دەکرد خەڵکەکە پێدەکەنین.

ئینجا بە دارەکەیان هەڵواسی و پارچەپارچەیان کرد. بە ساتۆر پەراسووەکانیان کوتکوتکرد و ئێسقانەکانیان دەشکاند. یەکێک جگەر و دڵەکەی بەدەستەوە گرتبوو، خەڵکەکە لە خۆشیان هاواریان دەکرد.

–هیچ گورگێک ئێسقانی گیانلەبەرێک وردوخاش ناکا. هیچ گورگێک دەست و پێی گیاندارێک نابەستێتەوە تا دوایی هێرشی بکاتەسەر، هیچ گورگێک هێزی بەرگریکردن لە نێچیرەکەی ناگرێ. هیچ گورگێک لەکاتی ورگ دڕینی نێچیرەکەی لەخۆشیان هاتوهاوار ناکا.

دایکم لەخەم و کەسەران ناڵاندی. لمۆزی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی

و لووراندی. خەڵکەکە سەریان هەڵێنا، بەڵام ئێمەیان نەدیت. ئێمە خۆمان شاردبۆوە. ئەوان بە ترسەوە لە کێو و تەپۆلکەکانی دەوروبەریان دەڕوانی و بە دەنگی بەرز دەیانگوت:

-گورگەکان...! گورگە دڕەندەکان!..

تا شەوداهات و باڵندەکان چوونەوە ناو هێلانەکانیان، لە بێشەلانەکانی دەوروبەری ئاوایی، لەناو ڕەزو دارچنارەکاندا ماینەوە و هیچ شتێکیشمان دەستنەکەوت. هەتا قەراخ رووباریش رۆیشتین، بەڵکو جرجێک وەبینین بەڵام دەتگوت هەوڵەکانمان بێسوود بوون. هیچ لکەدارێکیش میوەیەکی پێوە نەمابوو کە من دەمتوانی بە قەدە ئەستوورەکانیان هەڵگەڕێم و خۆمان لەو برسێتییە ڕزگار بکەین. مرۆڤەکان هەمووشتێکیان بۆخۆیان دەویست بیریان لەوە نەدەکردەوە ئەوەی سروشت بۆ بوونەوەرانی داناوە، گیاندارانی دیکەش بۆیان هەیە بەشی خۆیان وەربگرن. مرۆڤەکان چەندە خۆپەرستن!

## ٣

شەوێ لە برسان هەر گینگڵمان دەداو دەماننالاند. بەپێش ماڵەکانی ئاواییدا ڕۆیشتین بەڵکو کەرێکی سەرگەردان یان سەگێک وەبینین و بەدوای خۆماندا پەلکێشی بکەین و لە دۆڵێکدا بیخۆین. بەدەوری ئاواییدا هەڵدەسووڕاین. چرای ماڵەکان دایسان. سەگەل کەوتنە وەڕین. ئای لەو خاینانە، چۆن لە پەنای تفەنگ و چراکاندا ڕاماڵ دێنن!... لە تاریکایی شەودا بە دەوری گوند و بە پەنا سەرانگوێلک و کادێن و درەختەکاندا لێ هالاین. دایکم گوێی بەهیچ سەگ و بە هیچ مرۆڤێک نەدەدا. هەندێجار خۆی نیشاندەدا بەڵکو سەگێک هانبدا و لە پەنایەکدا لە نەبەردێکی ڕووبەڕوودا ملی بگرێ و بیخنکێنێ.

پەنجەرەیەک کرایەوە. لوولەی تفەنگێک وەدەرکەوت. نارەتەیەک لە گەرووم هاتەدەر. دەنگی تەقەی دەستڕێژی گوللە لە دۆڵە دوورەکانیش دەنگیدایەوە دایکم چەند جارێک بەدەوری خۆیدا خوولی خوارد و کەوتە سەر بەفرەکە.

لە چەند جێگەی جەستەی خوێن دەچۆڕا. هەودایەکی خوێن لە گەردنی دەهاتەخوار ئەو جێگایەی چەندینجار بۆنم پێوەکردووە و ماچم کردووە. بە زمانێک کە من تێیدەگەیشتم پێیگوتم: بڕۆ!... خۆت ڕزگاربکە!...

بەڵام نەمدەتوانی لە شوێنی خۆم بجووڵێم. گەرووم پڕ ببوو لە گریان دڵم پڕ لە تووڕەیی و گیانم پڕ ببوو لە کەسەر. لە تاوان حەزمدەکرد سەرم لە گاشەبەردێک یان لە قەدی درەختێک ڕاکێشم. ئاخر ئەو شیری دابوومێ و لە پەنا خۆی گرتبووم. چۆن دەمتوانی بەجێیبێڵم کە لە خوێنی خۆیدا شەلاڵ ببوو، چاوە رۆشن و میهرەبانەکانی لە ئاسمانی نیوە هەورو خەمناک و تەنیایی مانگ بڕیبوو؟ چۆن دەمتوانی لەناو کۆمەڵێک گیانداری بێ بەزەییدا بەجێیبێڵم؟

بەڵام ئەو گوتبووی بڕۆم. دەرگایماڵەکان یەک لەدوای یەک کرانەوە. پیاوەکان بە چراو تفەنگەوە هاتنەدەر. سەگەکانیش لەسەربانەکان هاتنەخوار. هەور بەری مانگی گرت و سەرمای شەو ئیدی نەیدەلەرزاندم. بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ڕێگای دۆڵە پێچاوپێچەکانم گرتەبەر. سەگێک وەدوام کەوت و خۆی گەیاندمێ. بەردێکی گەورە کە چنگی لە زەوی گیرکردبوو، هەڵمکەندو لە قەپۆزیم ڕاکێشا.

زۆر قروسکاندی!... گەڕایەوە کلکی لە گەڵۆزی گرت و هەڵات. بەناو درەختەکاندا لێ هالام و لە گردەکە سەرکەوتم. لەسەر گردەکە بەرامبەر بە مانگ کە تەنیاو تاسەبار هەورەکان دەورەیان دابوو، ئەوەندە بە خەم و کەسەرەوە نالاندم هەموو جەستەم وەلەرزین کەوت.


ئێستا، نە لەناو مرۆڤەکان و نە لەناو گورگەکاندا جێگایەکم نەبوو، دایکم مردبوو من لە مانگ تەنیاتر بووم.

کرماشان ١٣٧٤ی هەتاوی

**سەرچاوە:**

کۆمەڵە چیرۆکی (تنهاتر از ماه) انتشارات ازاد مهر ١٣٩٠

# مەنانە



چیرۆکی: عەبدولفەتاح کیلیتۆ
و: تاهیر عوسمان (لە عەرەبییەوە)

هەواڵنامەی کتێب

ناندێنە تاریکەکە کەمن خۆشترین کاتەکانم تێدا بەسەر دەبرد شوێنێکی فراوان بوو(لەراستیدا قەبارەیەکی هاکەزایی هەبوو،بەڵام ئەو کاتە بۆ من هەموو شتێک بۆ من گەورەو فروان دەردەکەوت)،لەهەموو شتێک زیاتر من حەزم بەوە دەکرد ببینم دایکم چۆن ئاگرەکە گڕ دەدا،سەرەڕای جموجۆڵە وردەکانی،بەڵام بەنیگەرانییەوە لەدیمەنەکەم دەڕوانی و دەترسام ئاگرەکە دانەگیرسێ،دواجار پەرجووەکە ڕووی دەداو گڕێکی شینی جوانی لێهەڵدەستا.

کەپارچە خەڵوزەکان گەوهەر ئاسا دەگەشانەوە،من بیرم لەموسای

منداڵ دەکردەوەکە چۆن فیرعەون تاقیی دەکاتەوەو پۆلوە ئاگرێک ودانە گەوهەرێکی لەبەردەم دادەنێ، موسای منداڵ پۆلوە ئاگرەکە هەڵدەگرێ و بۆ دەمی دەباو زمانی دەسووتێنێ، ئەمەش بۆ ئەو دەبێتە نیشانەیەک کە بەدرێژایی تەمەنی لێی نابێتەوەو زمانی لەکەدار دەبێ و زۆر بەزەحمەت قسەی بۆ گۆ دەکرێ، هەرچەندە ئەو کاتە هەموو چیرۆکێک لای من تەواوو کامڵ بوو،وجێگان هیچ مشتومڕێکی تیا نەدەبووەوە،وبوێری ئەوەم نەبوو لەسەر یەکێک لەوردەکاریەکانی ئەو بەسەرهاتە بوەستم، چۆن چۆنی پۆلوە ئاگرەکەی دەستی بەرلەوەی بگاتە دەمی دەستی موسای نەسووتاند، باشە بۆ لەبری گەوهەرەکە پۆلوە ئاگرەکەی هەڵبژارد؟. رۆژێکیان هەر بەکەیف دەستم خستە سەر شووشەی چرایەکی داگیرساو گەرمیەکەی زۆر بەئێش بوو،هەر بۆ خۆشیش باوکم ئەو بەشەی بەسەرهاتی موسای بۆگێڕامەوە، ودواتر لەکتێبێکدا لەبارەی چیرۆکی پێغەمبەران وردەکاری زیاترم لەبارەیەوە زانی.

ڕووداوە هەرە درامیەکەی ناندێنەکەمان ئەو کاتە ڕوویدەدا کە دایکم ڕۆنەکەی دەکردە ناو مەنجەڵەکەو پاشان خوێ و پیازو قاشێک سیری دەکردە سەری،ڕۆنەکەش دەستی بە قرچە قرچ و سووتان دەکرد،بەڵام دەمزانی ئەو هەرایە زۆر ناخایەنێ بێگومان دوای ئەوەی دایکم پارچە گۆشتەکانی دەکردە سەر ڕۆنەکەوە ڕۆنەکە کپ دەبۆوە، هەروەک چۆن پشیلە گوێیەکانی شۆڕ دەکاتەوە، بەڵام دایکم بەرقەوە بێدەنگی دەکا بێ بەزەییانە دەیخنکێنێ کاتێک مەنجەڵەکە پڕ ئاو دەکا،ئەرێ ئاوێکی زۆر دەکاتە سەر ڕۆنەکە، ئەو سەرکەوتنە لای من قورس بوو،بەڵکو بەرگە نەگیراو بوو،ئەو کاتە وامدەزانی دایکم شەڕانگێزە،و بۆتە هۆکاری ئەو ئازارە گەورەیەو کارەکەشی بەلاملیەکی دڵڕەقانەوە ئەنجامدەدا،هاوشێوەی

لا ملی خزمەتکاری ماڵی دراوسێکەمان. کەدوای ئەوەی پشیلەکەیان بێچووەکانی دەبێ،ئەو بێچووەکانی دەکردە زێرابی میز کردنەوەوپڕ ئاوی دەکرد، جەنگی لاسەنگی سەر ئاگرەکە بەهەڵمێک کۆتایی دەهات کە هەموو ناندێنەکەی دەگرتەوەو قابلەمەکە خۆی بەدەستەوە دەدا،بەڵام لەلای پشیلەکان کە (مەنانە) بەزمی لەناوبردنی بێچووە پشیلەکانی بۆ دەگێڕامەوە، ئەو پرۆسەی کوشتنە هەرگیز عاجزی نەدەکردم،بەڵام نەمدەویرا باسی بکەم(بیرۆکەیەک هەیە کە چارەنووسی چیرۆکەکان لە کۆتاییەکەیان دایە)،سەرەڕای سەرنجی گوێ پێنەدانی گشت ئەوانە،بەگەورەو بچووکیانەوە، بەڵام هەمووان بەدیمەنێک دڵگران بوون ئەویش بارودۆخی پشیلەی دایکبوو، بەڵام (مەنانە) بۆی دووپاتدەکردمەوە کەوا کاتێکی زۆری پێ نەدەچوو دایکە پشیلە بێچووەکانی لەبیر دەکرد.

ئەو ڕۆژەی (مەنانە) هاتە ماڵمان، دایکم بێ دواخستن ڕێورەسمی وەرگرتنی بۆ ئەنجامدا، دەرمانی دژە ئەسپێی بەقژیداکرد،ئەمەشی بەهەمان ئەو گورجوگۆڵیە کرد کاتێک کەڕۆنی دەکردە ناو قابلەمەکەوە، کە ئەسپێکان لەناوچوون،مەنانە تاکە یەک کێماسی تیا مایەوە،ئەویش ئەوەبوو زۆر حەزی لە شەکر بوو،بۆیە دایکم هەمیشە سوور بوو ئەو مادە لەژێر قوفڵداندا بهێڵێتەوە.

لە دەوروبەری تەمەنی پازدە ساڵیدا مەنانە خویەکی خراپتری گرت، زۆر ترسناک.هەر ئەوەندەی چاودێری دایکم کەم دەبۆوە، ڕایدەکردە دەرەوەو بۆ سەری کۆڵان دەچوو،سەیری لای ڕاست و چەپی دەکرد، پاشان بەدزیەوە دەهاتەوە، بەتێپەڕبوونی کات ڕاوەستانی لەسەری کۆڵان زیاتر بوو، پەرۆشتریش بوو بۆ ئەوێ، کە دیار بوو چاوەڕێی تێپەڕبوونی یەکێکی دەکرد،دیارە تێپەڕبوونی ئەویش بەوێ زۆر دەگمەن بووە، هەرکاتێکیش دایکم کەمتر بەئاگا بووایە ئەو

دزەی دەکردە دەرەوەوهەر ئەو کاتەو چەشنی خزمەتکاری دراوسێکەمان کە کەمێک لە مەنانە گەورەتر بوو، دەستی بەجگەرە کێشانیش کرد.بێگومان (مەنانە) جگەرەی لەپاکەتەکەی باوکم دەردەهێنا،سەرەتا باوکم تێبینی ئەوەی نەدەکرد،لەوانەیە لەسەرەتا وای بۆ چووبێ کە زیاد لەپێویست جگەرە دەکێشێ،و پێویستە کەمی بکاتەوە، بەڵام ئەو جگەرە کەمبوونەوەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادی دەکرد،ئەو جارە دەستیکردە ژمارەی جگەرەکانی بۆیە خەیاڵی تۆمەتبارکردنێکی گەورە لەمێشکیدا چەسپا،سەرنجی سەیری ئاراستەی من دەکرد، ئەوەی سەر سوڕمانەکەی زیاتر دەکرد بابەتگەلێک هەبوون ئەو هەرگیز لێیان نەدەدوا،یەکێک لەوبابەتانەش ئەوەبوو دەترسا بەبێ بەڵگە تۆمەتبارم بکا، ئەو خۆیشی تەنها لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا دەستی بە جگەرە کێشان کردبوو، پاش ئەوەی کارێک دەدۆزێتەوەو لەتوانایدا دەبێ خۆی پارەی جگەرەکانی بدا،بەپێی ئەو دەربڕینەی کەزۆر کەیفی پێدێ (دوای ئەوەی دەبێ بە پیاو).

تاکە یەک وشە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو تاوانە لەسەر خۆم لابەرم، کە باری قورس کردبووم،بەڵام من ئەو وشەیەم نەدرکاند،لەبەر ئەوەی مەسەلەکە لەلایەکەوە پەیوەست بوو بەشتێکی قێزەونەوە، لەلایەکی دیکەوە، چونکە (مەنانە) هەڕەشەی لێدەکردم ئەگەر زمانی لێبدەم جارێکی دیکە یاریم لەگەڵدا ناکا، لەراستیشدا من تەواو بێ گوناهنەبووم،ڕۆژێک باوکم قونکە جگەرەکەی بەداگیرساوی لەناو تەپڵەکەکە جێهێشتبوو، دڵنیابووم کەهیچ کەسێک نامبینێ،بۆ دەمی خۆمم برد،ئەوەندە تاڵ بوو(باوکم هەمیشە جگەرەی بێ فلتەر دەکێشێ)یەکسەر فڕێمدا،وسوور بووم لەسەر ئەوەی جارێکی دیکە دووبارەی نەکەمەوە، ئەو هەستەم هەبوو کەبۆنی تووتنەکە هەرگیز لێوەکانم جێ ناهێڵێ و ئەوە دەبێتە لەکەی

شەرمەزاری و بەدرێژایی ژیانم بەدوامەوە دەبێ،ئەوەی ڕاستیش بێ (مەنانە) کەخۆی شاردبۆوە بەدڵخۆشیەوە چاودێری قونکە جگەرەکانی دەکرد، لەناکاو پەیدا بوو،بەکەیف وچێژوەرگرتنەوە مژێکی قوڵی لەجگەرەکە دەداو دوکەڵەکەی بەسەرو چاومدا دەکرد، ئەمەش بووە هۆکارێکی دیکە تا نەوێرم زمانی لێبدەم، باوکم لێبڕاوانە چاودێریەکی وردی دەکردم، سبەینەیەک (ئەو کاتە بوو کە هەمیشە بڕیارە گرینگەکانی تێدا دەردەکرد)کارێکی کرد هەرگیز شتی وەهای لێ نەبینرابوو،جگەرەیەکی پێشکەش کردم،من بۆنی تەڵەیەکم لێکرد،و بەپەستیەوە ڕەتمکردەوە.

ئەو ئەگەر (مەنانە) تاوانبار نەکا،بەهۆی ئەو بیرو باوەڕەوەیە کەلای چەسپاوە و هەرگیز نابێ ئافرەت جگەرە بکێشێ بۆیە نابێ کاری لەم شێوەیە بکا،بەڵام من بەو پێیەی کەلەپاشەڕۆژدا دەبم بە(پیاو)،دەبێ بۆ ئەو سوخەتە بچم،بێگومان دایکم دەیزانی بەڵام نەیدەویست مەنانە شەرمەزارو ڕیسوا بکا،و تورەییەکی بێفەڕی باوکم بوروژێنێ،سەرەڕای ئەوەی ئەگەر دایکم سەبارەت بەشەکر قرچۆک بێ، ئەوە هەرگیز گوێ بەجگەرە نادا،بۆیە لای ئەو وەکو یەک وابوو ئەگەر باوکم بیکێشێ یان مەنانە(هەرچەندە دەشێ سەرزەنشتی ئەوەی دووەمیان بکا)، بێگومان ئەو پێی باشبوو خۆی لەوە بەدوور بگرێ بیر لەو پارە بەفیڕۆدانەزۆرە بکاتەوە واتە لەو مەلایینەی کەلەجیهاندا بەخۆڕایی بەجگەرە دەڕوا، چەند ساڵێک دوای ئەمە،واتە ئەوکاتانەی کە مەنانە لەگەڵ ئێمەدا نەدەژیا، ڕاستیەکەی بەباوکم گوت، باوکم سەرنجێکی تێگرتم، سەرەڕای دەرکەوتن ونەمانی لێکحاڵینەبوونێک، هەست بەدڵسۆزیکردن و سوپاسگوزاری تیا بەدیدەکرا،چ شتێک هەیە منداڵێکی جگەرە کێش نەتوانێ بیکا؟. هەندێکجار مەنانە جگەرەکێشانەکەی سەربانی ماڵەوەی دەچڕاندو بەپەلەپەل

دەهاتە خوارەوەو پاشان دەچووە کۆڵان، کەسێک ئەو دەمە بەکۆڵاندا تێدەپەڕی.

ئەو کاتانەی دایکی دەهات ئەو کەمێک ئارام دەبووەوە(لەراستیدا ئەو پوریەتی بەڵام بەهەر هۆکارێک بێ بەو ناوەوە بانگی دەکرد)، هەموو دوو مانگ جارێک دەهاتە ماڵەوە، ئەوسەردانانە هەرگیز بەدڵی باوکم نەبوون، میزاجی تێکدەچوو، وادەردەکەوت بیەوێ بچێتە دەرەوە، بەڵام نەیدەزانی بەرەو کوێ بڕوا، دایکیشم بەو سەردانانە دڵخۆش نەبوو، بەڵام بەخۆڕاگرییەوە بەرگەی دەگرت، هەروەک چۆن بەرگەی باران بارینی لە ناکاوو گەرمای هێزپڕوکێن دەگرێ، دەرەنجام دایکم بەتەواوی لەگەڵ سروشتدا دەگونجا، بەڵام باوکم لەگەڵ باو باران وخۆردا بەشەڕ دەهات وبەشێوەیەک جنێوی پێدەدان هەندێکجار سەوڵەکەی لەدەستدەردەچوو.

باوکم لەناخەوە ئەو بیرۆکەیەی قبوڵ بوو،کە ماڵ لەبنەڕەتدا موڵکی ژنە نەوەک پیاو، ئەو قبوڵکردنەشی تەنها بۆ چەند سەعاتێکی دیاریکراو بوو، وەکو کاتی ژەمەکانی نانخواردن، هەروەها ئێواران پێش ئەوەی درەنگ دابێت،وە زۆر زووش نا،کارەکانی سبەینان باوکمی دەردەپەڕاند، ئەو دەمەی هەموو شوێنێک دەبوو بەئاو،لافاوی چاوەڕوانکراو تەنانەت دەگەیشتە ئەوسوچەش کەباوکم بەشتە تایبەتیەکانیەوە پەنای بۆ دەبرد، ئەوشتە کەمانەی کە دەیتوانی قورتاریان بکا،وەکو پاکەتە جگەرە،تەپڵەک، فنجانی قاوە، دایکم لەناو گێژەڵوکەکەدا بوو، بەهاوارکردنەوە فەرمانی بە (مەنانە) دەکردو بەتەواویش دەبووە ژنێکی شەڕانگێز، تەواو چەشنی ئەو کاتانەی لەتە گۆشتەکانی فڕێدەدایە ناو ڕۆنێکی داخ بووەوە، ئەگەر باران کاریگەریەکی دڵخۆشکەری لەسەر ئەو هەبێ،بەڵام ئاوی ماڵ پاککردنەوە دایکمی دەخستە حاڵەتی هەڵچوونەوە،هاوار بۆ

ئەو کەسەی لەوکاتەدا ڕێگای
لێبگرتایە: لە کەشتیەکەوە
فڕێی دەدایە ناو شەپۆلەی
ئاوەکەوە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی
جەژنەکانیش بارودۆخەکە خراپتر
دەبوو، هەموو ژوورێک دەکەوتە
ژێر باری پاککردنەوەیەکی
سەرتاسەری و بەگەسکە
درێژەکەیەوە هێرشی دەکردە ناو
ئەو ژوورانەی کە کەلوپەلەکانیان
لێ دەرکرابوو، پەلاماری
دەرگاو دیوارو بنمیچەکانی
دەدا، باوکم کەلەو بارودۆخی
کۆچەری وگیرسانەوەیە ون
ببوو،لەحەوشەی پڕ لەکورسی
وکەلوپەلەتێکەڵاوەکان شوێنێکی
بۆ خۆی دەکردەوەو بەدزیەوە
ڕایدەکردو خۆی قورتار دەکرد،
یاخود لەلای خوشکی بەدوای
پەناگەیەکدا دەگەڕا،وەلێ ئەویش
گەسک بەدەستەوە پێشوازی
لێدەکرد، بۆیە دەمودەست
پاشەکشەی دەکرد و چەند
بیرۆکەیەکی ڕەشی لەمەڕ
سروشتی نەمرانەی مێیینە لای
خۆی گەلاڵە دەکرد.

دواجار دایکی مەنانە
دەڕۆیشت، جا دوای دوو ڕۆژ
بووایە یان سێ ڕۆژ،وە کرێی
دوو مانگی کارکردنی مەنانەی
دەخستە باخەڵیەوە،هەروەها
بەپێی بارودۆخ کۆنە کراس
وسەرپۆشێکی لەدایکم دەسەند
(زیاتر حەزی دەکرد لەقوماشێکی
تازەو بەبریق وباق بێ)،هەروەک
تازە لەئەشکەوتی عەلی
بابا دەرچووبێ، دوای ئەوەی
کەدەڕۆیی دایکم ئەو دۆشەکەی
لەبەر خۆر دادەنا کە ئەولەسەری
خەوتبوو،هەروەها دەرمانی دژە
ئەسپێی پێدا دەکرد.

ئەو ڕۆژە داهات کە دەرچوونە
بەدزیەکان دادی مەنانە نەدەن،ئەو
پیاسەی نیوەڕۆیانی ڕۆژی هەینی
دەویست،دایکم کەبەو ئۆینەی
زانی،ڕازی بوو،بەڵام وەکو
بۆی چووبووم نەیدەویست
باوکم ئاگاداربکاتەوە (چونکە
ئەمە دەبووە هۆی ئاڵۆزکردنی
زیاتری شتەکان)، ئەو ڕۆژانە
مەنانە جوانترین جلەکانی
خۆی دەپۆشی،وهاوڕێ لەگەڵ

خزمەتکاری دراوسێکەمان کە بێچووە پشیلەکانی دەخنکاندن،ت وانی هەمان ماف دەستەبەر بکا.
ڕۆژێکی هەینی بوو ئێوارە مەنانە نەگەڕایەوە ماڵەوە،دواتر زانیمان کە شووی کردووە،لەبەر چاوانمان ونبوو،پاشان هەر جارەی بهاتبووایە سەردانی دایکم، تێبینی گۆڕانکاریەکم دەکرد نەمدەتوانی بزانم چیە، بەڵام هۆشیاری دەکردمەوە، جلوبەرگی باشتر ببوون، چاوەکانی پڕ کل وڕوومەتەکانی بۆیە کرابوون،زۆر جوانتر ببوو، لەهەمانکاتدا دوور کەوتبووەولێم لاتەریک ببوو، تەنها بەساردیەکەوە یاری لەگەڵدا دەکردم، هەرچەندە من بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەو جگەرەم لەباوکم دەدزی.
ئەو کاتەی کەدایکی هیچ بیانوویەکی نەما سەردانمان بکا، ئەومان نەدەبینی، باوکم بۆ ئەمەحەسایەوە، بەڵام بەخەیاڵیدا نەدەهات بارودۆخەکە بەرەو باشتر بچێ، پاشان مەنانە کە بەیاوەری مێردەکەیەوە و ئینجا دوو منداڵەکەیەوە دەهاتە سەردانمان، پیاوەکەی یەکێکی باڵا بەرز بوو(باوکم دەبوو سەر هەڵبڕێ تا سەیری بکا)، تێکچەقیوو وگمدوو، یەکەمجار کە هاتە ماڵمان هەڵەیەکی کرد لێخۆشبوونی نەبێ، ڕاستەوخۆ دوای فراوین کردن چوو تا لەسەر دۆشەک وجێگای باوکم پاڵ بکەوێ،لەو تاکە شوێنەی کەباوکم تیایدا هەستی دەکرد لەماڵی خۆیەتی، چونکە بەهێزی هاوشانی ئەو کەتەنانەت بەردیشی ڕادەماڵی لەداگیرکردنی هەموو شوێنەکانی تر ببووەوە،باوکم هیچی نەگوت،تەنانەت سەیری لای دایکیشمی نەکرد، تا ئەو ڕیسواییەی پێ نیشان بداکە پێی کرابوو،و دایکم لێی بەرپرس بوو(هەموو شتێک کە پەیوەست بێ بەمەنانە ئیشوکاری دایکمە)، دایکم چەند وشەیەکی چرپاندە گوێی مەنانە، ئەویش لەلای خۆیەوە بۆ مێردەکەی دووبارە کردەوە، کەبەهێواشیەکی هەست پێکراو لەسەر جێگا هەڵسا

وچوو لەسەر کەرەویتەکانی ناندێن سەرخەوێکی دوای نیوەڕۆ بشکێنێ .

دوای ئەوەی باوکم هیچی تری نەگوت،لێی نەبووری تا دوای ماوەیەکی زۆر نەبێ، پاش ئەوەی ئەو پیاوەی کەلەهەموو سەردانێکیدا پونگەی بۆ دەهێناین، بەهۆی کەوتنە ژێر لۆریەکەوە گیانی لەدەستدا، کشوماتی مردن باڵی بەسەردا کێشا، نەمان بەیەکجارو بەبێ گەڕانەوە قەتی دا،هیچ وتەیەکی دیاری ئەوی جێنەهێشت، یا هیچ هەقایەتێک و باسێک دووبارە نەکرایەوە کەیادی ئەو بەزیندوویی بهێڵێتەوە، هیچ شتێک لەبارەی ئەمەوە نەزاندرا، بەڵام ئەوەی ڕوون بۆوە ئەو لەژیانی و لەدوای مردنیشی کەسێکی نەبوو ئارەزوو بکا شتێکی لەبارەوە بزانێ، مەنانەش هەرگیز یادی نەکردەوە، تەنها مەگەر بەشێوەیەکی لابەلا یا ناڕاستەوخۆ بووبێ، کە سکاڵای لەناخۆشیە لەژمار نەهاتووەکانی دەکرد،پارێزەرەکەی بۆ چەند ڕۆژێک سەرقاڵی کرد،و لەلای کۆمپانیای بیمە داکۆکیەکی زۆری لە (مەنانە) کردبوو، سەرباری گومان کردن و دووری ئەگەرەکان،ئەگەر مەنانە ئەو پارە چاوەڕوانکراوەی بەدەست بهێنایە،بێگومان بەڕێزوباشیەوە باسی شووەکەی دەکرد،دوای کارەساتەکە و لەماوەی جیاجیادا مەنانە سەردانی دەکردین، هەرکە لەناندێنەکە دادەنیشت لەجانتاکەی دەستیەوە پاکەتێک جگەرەی دەردەهێناو دەکەوتە مژلێدانی و ئەمەی لەبەر سەرنجە پڕ لە لێبوردوییەکانی دایکمەوە ئەنجام دەدا.

**سەرچاوە:**

ئەنتەرنێت پێگەی: صدى(ذاكرة القصة المصرية)، عبدالكريم الشرقاوي کردوویە بەعەرەبی.

نووسەرو بەرهەمەکانی:

عەبدولفەتاح کیلیتۆ(١٩٤٥.......)ی ڕۆماننووس و ڕەخنەگرو هزرڤان و ڕۆشنبیرێکی دیاری مەغریبیە،بەهەردوو زمانی عەرەبی و فەرەنسی

دەنووسیێ،زانکۆی ئادابی لەریبات تەواو کردوەولەساڵی ١٩٨٢دکتۆرای دەوڵەتی لەسۆربۆن بەدەستهێناوە،لەچەندین زانکۆی عەرەبی و ئەوروپی وانەی گوتۆتەوە،ئێستا لەزانکۆی موحەممەدی پێنجەم لەریبات مامۆستایە،چەندین خەڵاتی ئەدەبی و ئەکادیمی باڵای لەمەغریب و فەرەنسا پێدراوە،کیلیتۆ خاوەن قەڵەمێکی بەخشش و پڕ بەرهەمی هەمەجۆری هزری و رۆشنبیری و زمانەوانی و ئەدەبی و ژیاننامەو چیرۆک و رۆمانە ولەزۆربەی ئەو بوارانەدا بەرهەمی بەپێزو قوڵی هەیە،ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەبەرهەمەکانی کە ئێمە لەماڵپەڕەکان دەستمان کەوتوون و وێنەی بەرگەکانمان گرتوون ولای خۆمان دامانگرتوونە واتە تەنها ئەوانەن، کە بەزمانی عەرەبی لەئەنتەرنێت دەستدەکەون وخوێنەران دەتوانن دایان بگرن:

١-الادب والغرابة دراسات بنيوية فى الادب العربى ٢٠١٢

٢-العين والابرة- دراسة فى الف ليلةو ليلة

٣-لن تتكلم لغتى ٢٠٠٢

٤-الحكاية والتاويل ١٩٩٨

٥-المقامات ٢٠٠١

٦-الادب والارتياب(فكر وثقافة عامة) ٢٠٠٧

٧-الغائب دراسة فى مقامات الحريري ٢٠٠٧

٨-لسان ادم ٢٠٠١

٩-ابو علاء المعرى او متاهات القول ٢٠٠٠

١٠-حصان نيتشه/قصص ٢٠٠٥

١١-انبئونى بالرؤيا رواية

١٢- الكتابة والتناسخ ٢٠٠٨

١٣-من شرفة ابن رشد ٢٠٠٩

١٤-اتكلم جميع اللغات لكن بالعربية ٢٠١٣

١٥-مسار / حوارات ٢٠١٤

١٦-بحر حفن /فكر ٢٠١٨

١٧-من نبحث عنه بعيدا يقطن قريبا :فكر ٢٠١٩

١٨-فى جو من الندم الفكري ٢٠٢٠

١٩-والله ان هذه الحكاية لحكايتي: رواية ٢٠٢١

٢٠-التخلى عن الادب ٢٠٢٢

(ت ع)

# ئیدیۆم، پەند، قسەی نەستەق و گوتەی ناوداران
# لێکۆڵینەوەیەکی بەراووردکاری



پ.د. ئازاد حەمە شەریف

هەواڵنامەی کتێب

**١- پێشەکی**

لای زۆرینـەی خەڵکی جۆرێک لـە تێکـەڵاوی و سەرلێشـێوان لـە نێـوان ئیدیـۆم و پەنـد و قسـەی نەسـتەق و گوتـەی ناودارانـدا هەیـە. ئـەم تێکەڵوپێکەڵییـەش وادەکات ئـەم چوار جۆرەی سـەرەوە لێکتر جیانەکرێنەوە و هـەر یەکـە لەوانـە بـە ئەوەکـەی دیکـە بزانرێت. هۆکارەکـەش ئەوەیـە جۆرێک نزیکی و پێکچوون لـە نێوان هـەر چوار جۆریاندا هەیـە. بۆ ئەوەی بتوانیـن وردەکارانـە و ئەکادیمیانـە ئـەو چـوار جـۆرە لێکتـر جیابکەینـەوە پێویسـتە یـەک بـە یەکیـان پێناسـە بکەیـن و چەنـد نموونەیەکیـش لەسـەر

یەک بە یەکیان بهێنینەوە. دواتریش جیاوازی نێوان هەریەکەیان لەوەکەی دیکە خاڵ بە خاڵ دەستنیشان بکەین.

**٢- ئیدیۆم چییە؟**

**پێناسەی یەکەم:** (ئیدیۆم) دەستەواژە و دەربڕینێکی کورت و پوختە و بەشێوەیەکی وا سفت و سۆڵ دارێژراوە کەوا ناکرێت ماناکەی بە لێکدانەوە و تێگەیشتن لە تاک بە تاکی وشەکاندا بەدەست بکەوێت. (ئیدیۆم) زۆربەی جاران لەناو ئەو کەلتوورە یان ئەو ناوچەیە یان ئەو زمانەی پێی نووسراوە یان گوتراوە واتابەخش دەبێت، بە گواستنەوەی لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دیکە یان وەرگێڕانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە زۆرێک لە واتا و مانای خۆی لەدەست دەدات. دانەر یان خاوەنی زۆرینەی (ئیدیۆم)ەکان دیار نیین و بوونەتە موڵکی سەرجەم خەڵکی.

**پێناسەی دووەم:** (ئیدیۆم) دەستەواژە یان دەربڕینێکە کەوا لە زۆربەی جاراندا واتاکەی بزر واتا مەجازییەکەی لە واتای تاک بە تاکی وشەکانییەوە جیاوازە(١).

بۆ ئەوەی باشتر لە (ئیدیۆم) بگەین، وا لە خوارەوەدا تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی (ئیدیۆم) لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەمەوە:

١- دەربڕینێکی جێگیر و نەگۆڕە: ناکرێت دەستکاری وشە و دەستەواژەکانی بکرێت، هەرچۆنێکی لە بنەڕەتدا هاتووە هەروەکو خۆی بەبێ گۆڕانکاری بەکاردەهێنرێتەوە.

٢- زمانی ڕۆژانەی خەڵکە: زمانی نافەرمییە و خەڵکی لە وتووێژی ڕۆژانەدا بەکاریدەهێنێت. دانەر یان خاوەنی (ئیدیۆم) خەڵکەکەیە بەگشتی و خاوەنی دیار نییە و پشت بە پشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازراوەتەوە.

٣- تایبەتە بە کەلتوورێکی دیاریکراو: لە ناوچەیەک یان زمانێک یان کەلتوورێکی دیاریکراو مانابەخشە و لە کاتی وەرگێڕانی (ئیدیۆم) بۆ سەر زمانێکی دیکە




دەبێت.

٤- واتاکەی مەجازییە: ناکرێت بە لێکدانەوەی وشەکان ماناکەی بزانرێت.

لە زمانی کوردییدا (ئیدیۆم) ئەوەندە زۆرە هەر لە ژمارە نایەت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چونکە زمانی کوردی هێشتاش هەر لە زمانی مەجازی/وێنەییەوە نزیکە و ماوەیەکی دەوێت تا لە زمانی وێنەییەوە دەبێت بە زمانێکی رووتەنی (ئەبستراکت). بۆ روونکردنەوەی (ئیدیۆم) پێنج دانە نموونە دەهێنینەوە تاوەکو (ئیدیۆم) باشتر لەبەر چاوی خوێنەران روونتر دەربکەوێت:

نموونەی یەکەم: (هەم لە قەلان و هەم لە کۆترانیش بوو) واتە (هەردوو شتی لەدەستچوو).

**نموونەی دووەم:** (ئەوەی بن بەری دێنێتە سەر بەری) واتە (نهێنییەک یان شتێکی شاراوە ئاشکرا دەکات).

نموونەی سێیەم: (شاقاو و دوو زەینە) واتە (کەسێکی دوودڵ و راڕایە).

نموونەی چوارەم: (دەستی دەستی پێدەکات) واتە (کارەکەی بۆ ناکات و هەر بە قسە ئەمڕۆ و سبەی پێدەکات).

نموونەی پێنجەم: (پێی بە داوەوە بوو) واتە (تووشی کارەساتێکی گەورە بوو).

ئەگەر یەکێکی بێگانە بیەوێت

لە واتای ئەو (ئیدیۆم)انە بگات، فەرهەنگی ئاسایی زمان دادی نادات، بەڵکو پێویستە بچێتە ناو بنج و بناوانی ئەو (ئیدیۆم)انە و زمانی ڕۆژانەی خەڵک بکاتە سەنگی مەحەکی تێگەیشتن، چونکە مانای (ئیدیۆم)ەکان زۆر لە واتای تاک تاکی وشەکان دوورن و تەنیا لە لایەنی مەجازییەوە واتابەخشن.

### ٣- پەندی پێشینان چیە؟

هەرچی پەندی پێشینانە، ئەوە لە (ئیدیۆم) جیایە و گەلێک جار خەڵکی تێکەڵ یەکتری دەکەن، ئەویش لەبەر ئەوەی هەندێک لێک نزیکی هەیە. جا بۆ ئەوەی بە جوانی لە پەندی پێشینان بگەین، گرنگە ئەویش پێناسە بکرێ و چەند نموونەیەکی لەسەر بهێنینەوە.

پەندی پێشینان بریتییە لە قسەیەکی کورت کەوا ڕاستییەکی گشتی یان ئامۆژگارییەکی تێدایە. زۆربەی جاران خاوەنی پەندی پێشینان دیار نییە و ئەو پەندانە بەشێوەیەکی ئاسایی بوونەتە موڵکی خەڵک بەگشتی. هەمیشە (پەند)ەکان لە ئەزموونی کەسانی پێتۆڵ و زانا وەرگیراون و لەبەر ئەوەی ڕۆژگاری خۆی بە ناوی خاوەنەکانیانەوە تۆمار نەکراون، ئەو (پەند)انە پشت بە پشت و سینە بە سینە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دواتر گوازراونەتەوە.

بۆ ئەوەی باشتر لە (پەندی پێشینان) بگەین، وا لە خوارەوەدا تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی (پەندی پێشینان) لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەمەوە:

١- قسەیەکی کورتە: دەربڕینێکی کورت و پوختە و حیکمەتێکی کەلتووری یان ئامۆژگارییەکی ڕەوشتی تێدایە.

٢- بابەتێکی داب و نەریتیانەیە: لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازراوەتەوە.

٣- ڕاستییەکی گشتی تێدایە: وانە و ئامۆژگارییەکی ڕەوشتی تێدایە.

٤- ئامرازێکی فێرکردنە: بۆ گەیاندنی وانەکانی ژیانە.

ئەو پێنج نموونانەی خوارەوە بەوردی پەندی پێشینان دەردەخەن.

نموونەی یەکەم: (ئەوەی بیکا




بێگانەپەرستی، دوایی هەر دێنێ نوشستی).
نموونەی دووەم: (پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش).
نموونەی سێیەم: (ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار).
نموونەی چوارەم: (کاری بەوەختی، پاشای سە ر تە ختی ) .
نموونەی پێنجەم: (هەر ئەوەندە برۆ جێیان، پارچە بەڕێکت بخەنە ژێر پێیان).
**تێبینی:** هەندێکجاران دەربڕینێک هەم ئیدیۆمە و هەمیش پەندی پێشینان.

ئەو دەربڕینانەی شێوازی (فەرمان پێکردن یان داوالێکردن)یان تێدایە بۆ کەسی قسەلەگەڵکراو، ئەوانە زۆرجاران دەبنە (ئیدیۆم) و (پەند) پێکەوە، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

نموونەی یەکەم بۆ (ئیدیۆم) و (پەندی پێشینان) پێکەوە: (بەدوای کڵاوی بابردوو مەکەوە). لەبەرئەوەی لێرە مەبەست لە (کڵاوی بابردوو) مەجازییە، ئەوە (ئیدیۆم)ە، هەروەها چونکە ئامۆژگاری تێدایە (پەند)ە.

نموونەی دووەم بۆ (ئیدیۆم) و (پەندی پێشینان) پێکەوە: (بەقەد بەرەی خۆت پێت ڕاکێشە): ئەم قسەیەش لە کوردییدا وەکو قسەکەی پێشتر هەم ئیدیۆم و هەم (پەندی پێشینان)ە. (ئیدیۆم)ە چونکە مەبەستێکی مەجازی/ وێنەیی تێدایە، (پەندی پێشینانە)ە چونکە ئامۆژگاری تێدایە.

**٤- قسەی نەستەق چیە؟**

قسەی نەستەق بریتییە لە قسەیەکی کورت و پوختی لەبیرنەکراوی جێگیربووی ناو مێشکی خەڵکی کەوا ڕاستییەکی گشتی یان سەرنجێکی ورد یان ڕوانینێکی قووڵ دەربارەی ژیان و بوون دەخاتەڕوو. زۆربەی جاران خاوەنی (قسەی نەستەق) لە ئەدەبیاتی دنیادا دیارن و دانەرەکانیان کەسانی ژیر و بلیمەت و فەیلەسوف و بیرمەندی دیاری مرۆڤایەتین، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەهۆی درەنگ پەیدابوونی نووسینەوە دانەر یان خاوەنی قسەکان زۆربەی جار دیار نیین و ئەوانیش وەکو پەند و ئیدیۆم بوونەتە بەشێک لە کەلەپووری میللی.

بۆ ئەوەی باشتر لە (قسەی نەستەق) بگەین، وا لە خوارەوەدا تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی (قسەی نەستەق) لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەمەوە:

١- قسەیەکی کورتە: دەربڕینێکی پوخت و پاراوە کەوا ڕوانینێک یان حیکمەتێکی تێدایە.

٢- بیرۆکەکانی ڕەسەنە: زۆربەی جاران قسەیەکی داهێنراو و هەستبزوێنە و لە مەزەندەکاری بەدەرە.

٣- فەلسەفیانەیە: ئەزموونی قووڵی مرۆڤایەتی تێیدا ڕەنگدەداتەوە و زۆرجاران ڕامانێکی فەلسەفی، ڕەوشتی یان کۆمەڵایەتی تێدایە..

٤- دانەرەکەی دیارە: قسەکە هی دانەرێک یان بیرمەندێکی ناسراوە.

ئەو پێنج نموونانەی خوارەوە تیشکی زیاتر دەخەنەسەر (قسەی نەستەق):

نموونەی یەکەم: (خۆت بناسە). ئەمەیان قسەی فەیلەسوفی گریکی (سوکرات)ە.

نموونەی دووەم: (زانیین هێزە). ئەمە قسەی فەیلەسوفی ئینگلیز (فرانسیس بێکن)ە.

نموونەی سێیەم: (ئەوەی نەمکوژێت بەهێزترم دەکات). ئەمە قسەی فەیلەسووفی ئەڵمانی (فرێدریک نیتشە)یە.

نموونەی چوارەم: (قەڵەم لە شمشێر بەهێزترە). ئەمە قسەی

(ئێدوارد بولوەر-لایتن)ە.

نموونەی پێنجەم: (کەم زۆرە). ئەمە قسەی شاعیری ئینگلیزی (رۆبەرت براونینگ)ە.

لە کوردەواریدا قسەیەکی نەستەقی نزیک لەمەمان هەیە کەوا دەڵێت (هەرچەندەی گرانتر بێت، هەرزانترە) مەبەستیش لەم قسەیە ئەوەیە کەوا شتی گرانبەها چونکە کوالیتی و جۆرەکەی باشە و زوو تێکناچێت بۆیە هەرچەندی پارەی زیاتری پێبدەیت ئەوا ئەوەندە زێتر خۆی دەگرێت و بە ساغی دەمێنێتەوە.

**٥- گوتەی ناوداران چییە؟**

(گوتەی ناوداران) قسەی کەسێکی دیکەیە و زۆربەی جاران بۆ ئەوە دووبارە دەکرێتەوە و دەگوترێتەوە تاوەکو جەخت لەسەر پەیامێک یان بیرۆکەیەکی تایبەتی بکاتەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە خاوەنی (گوتەی ناوداران) کەسانی دیار و بەناوبانگن و قسەکانیشیان کاریگەر و مانادارن. بۆ ئەوەی باشتر لە (گوتەی ناوداران) بگەین، وا لە خوارەوەدا تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی (گوتەی ناوداران) لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەمەوە:

١- گوتەیەکی وەرگیراوە: پارچە قسەیەک یان دەستەواژەیەکە لە دەقێکی ئەدەبی یان وتارێک یان دەقێکی هزری وەرگیراوە.

٢- خاوەنی دیارە: دەدرێتە پاڵ دانەرێکی ناودار یان قسەکەرێکی رەسەن.

٣- چوارچێوەدارە: بۆ ئەوەی لە (گوتە)یەک بگەین دەبێت زانیاریمان لەبارەی ئەو بوار و چوارچێوەیەی (گوتە)کەی تێداگووتراوە هەبێت.

٤- سروشبەخش و ڕاماناوییە: زۆرجاران (گوتەی ناوداران) بۆ هاندان یان ڕوونکردنەوەی بیرۆکەیەک یان پاڵپشتی کردنی وتووێژێکە.

ئەو پێنج نموونانەی خوارەوە تیشکی زیاتر دەخەنەسەر (گووتەی ناوداران):

نموونەی یەکەم: (هەبیت یان نەبیت، ئەوە مەسەلەکەیە).

ئەمە گوتەی (هاملێت)ی ناو شانۆنامەکەی (شێکسپیر)ە.

نموونەی دووەم: (من بیردەکەمەوە، بۆیە من هەم). ئەمەیان گوتەی زانا و فەیلەسوفی فەرەنسی (دێکارت)ە.

نموونەی سێیەم: (ببە بەو گۆڕانەی دەتەوێت لە دنیادا بیکەیت). ئەمەیان گوتەی فەیلەسوف و ڕابەڕی شۆڕشگێڕی هیندستانی (مەهاتما گاندی)ە.

نموونەی چوارەم: (ئەگەر دەتەوێت بزانیت مرۆڤێک چۆنە، جوان سەرنج لەو کەسە بدە و بۆ خۆت ببینە ئەو چۆن لەگەڵ کەسانی لە خۆی نزمتر رەفتار دەکات، نەک لەگەڵ کەسانی هاوتای خۆی). ئەمەیان گوتەی نووسەری ناودار (ج. ک. راوڵینگ)ە.

نموونەی پێنجەم: (دوو شت بێسنوورن: گەردوون و بێمێشکی مرۆڤ: بەڵام من لەوەی گەردوون دڵنیا نیم) ئەمە گوتەی زانای مەزنی بواری فیزیا (ئەلبێرت ئەنیشتاین)ە.

**٦- ئەنجام:**

دوای پێناسەکردن و دەرخستنی تایبەتمەندی و نموونە هێنانەوە و لێکۆڵینەوە لە (ئیدیۆم) و (پەندی پێشینان) و (قسەی نەستەق) و (گوتەی ناوداران)، بەو ئەنجامە گەیشتین جیاوازییە سەرەکییەکانیان لەو چوار خاڵانەی خوارەوە بەراوورد پێ بکەین و بەشێوەیەکی پوخت کورتی بکەینەوە:

**جیاوازی یەکەم:** جیاوازی نێوان (ئیدیۆم) و (پەند) ئەوەیە (ئیدیۆم) زۆربەی جار بۆ ئەوە بەکاردێت تاوەکو تاموبۆیەکی جوان و ناسک بە زمانەکە ببەخشێت، ئامانجیش لە بەکارهێنانی (ئیدیۆم) فێرکردن و فێرکاری نیە، کەچی (پەند) بۆ ئەوەیە ڕاستییەکی گشتی بخاتەڕوو یان ئامۆژگارییەک پێشکەش بکات چونکە ئامانج لە هێنانەوەی (پەند) فێرکاری و بەخشینی وانەیەکی ڕەوشتی سوودبەخشە لە ژیاندا. شێوازی دەبڕینی (ئیدیۆم) نافەرمییە. لە ڕووی سەرچاوەوە زۆربەی کات دانەرانی (ئیدیۆم) و

(پەند) نادیارن.

**جیاوازی دووەم:** جیاوازی نێوان (پەند) و (قسەی نەستەق): نیاز لە هێنانەوە یان گوتنی (پەند) زیاتر کاری کردەنییە کەچی مەبەست لە گوتنی (قسەی نەستەق) پتر دەربڕینی قووڵ و ورژاندنی بیرۆکەکانی ناو مێشکی ئەو کەسەیە کەوا قسەکەی بۆ کراوە. لە ڕووی شێوازی دەربڕینەوە (قسەی نەستەق) لە (پەندی پێشینان) راستەوخۆترە.

**جیاوازی سێیەم:** جیاوازی نێوان (قسەی نەستەق) و (گوتەی ناوداران): (قسەی نەستەق) زۆربەی جاران قسەیەکی ڕەسەنە و بە تێپەڕبوونی کات بەسەرناچێت و ناکوژێتەوە، کەچی (گوتەی ناوداران) قسەیەکە دەدرێتە پاڵ تاکە کەسێکەوە و زیاتر لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆیدا واتابەخشە. وەک لەمەوپێشیش گوتمان، (قسەی نەستەق) بیرۆکەی فەلسەفی لە خۆدەگرێت، بەڵام (گوتەی ناوداران) بۆ سروشبەخشین و ورژاندن و ڕوونکردنەوەی بابەت یان مەسەلەیەکە. لە ڕووی سەرچاوەوە زۆربەی کات دانەری (قسەی نەستەق) و (گوتەی ناوداران) کەسایەتی ناسراو و دیاری ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیین.

**جیاوازی چوارەم:** جیاوازی نێوان (ئیدیۆم) و (گوتەی ناوداران): لە زۆربەی جاراندا (ئیدیۆم) لە زمانی نافەرمی و زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا بەکاردەهێنرێت، کەچی (گوتەی ناوداران) زۆرینەی جاران بۆ زیاتر دووپاتکردنەوە و چەسپاندنی قسەیەک یان بەخشینی سروش بە کەسانێک یان وەکو بەڵگاندنی راستییەک بەکاردەهێنرێن. بۆ ئەوەی مرۆڤ لە مەبەستی (گوتەی ناوداران) بگات پێویستە بەباشی چوارچێوەی بنچینەیی ئەو گوتەیە بزانێت.

### سەرچاوەکان

١- ئازاد حەمە شەریف «کێشە و بەرەنگارییەکانی وەرگێڕانی ئیدیۆم» وەرزنامەی زمانەوانی - ژمارە (٧) زستانی ٢٠٢٥) ل ل ٧٩-٩٠

٢- جەلال مەحمود عەلی سوبحانی،


هەواڵنامەی کتێب

ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا (بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم)، (سلێمانی: چاپخانەی بینایی، ٢٠١٢)
٣- سەید عەبدولحەمید حیرەت سەجادی، پەندی پێشینان (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠)
٤- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان (چاپخانەی شڤان)
٥- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، پەندی کوردی: چیرۆکەکەی (هەولێر: زنجیرەی کتێبی ئینستیتوتی کەلەپووری کوردستان، ٢٠٠٦)
٦- Auden, W.H. & Kronenberger, Louis (١٩٦٢) The Faber Book of Aphorisms. London: Faber & Faber.
٧- Ayto, John (٢٠٢٠) Oxford Dictionary of Idioms (٤th Edition). Oxford: Oxford University Press.
٨- Bartlett, John (٢٠٢٢) Bartletts Familiar Quotations. New York: Little, Brown & Co.
٩- Cowie, A.P. (٢٠٠١) Oxford Dictionary of English Idioms (٢nd Edition) Oxford: Oxford University Press.
١٠- Fernndez, E. S. (٢٠١٩). "Idioms and Cultural Contexts in Translation". Journal of Language and Linguistics, ١٥(٢), ٤٥-٦٠.
١١- Geary, James (٢٠٠٧) Gearys Guide to the Worlds Great Aphorists. New York: W.W. Norton & Company.
١٢- Lichtenberg, Georg Christoph (١٩٩٠) Aphorisms. London: Penguin Books.
١٣- Shapiro, Fred R. (٢٠٢١) The New Yale Book of Quotations. New Haven: Yale University Press.
١٤- Speake, Jennifer (٢٠٠٣) Oxford Dictionary of Proverbs (٤th Edition). Oxford: Oxford University Press.

**پەراوێز:**

(١) بۆ زانیاری زیتر لەبارەی (ئیدیۆم) بروانە: ئازاد حەمە شەریف «کێشە و بەرەنگارییەکانی وەرگێڕانی ئیدیۆم» وەرزنامەی زمانەوانی - ژمارە (٧) زستانی ٢٠٢٥) ل ل ٧٩-٩٠.

# ئایا ڕەخنەی شانۆییمان لە ئاستی شانۆکەماندایە؟



د. کەیفی ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

ڕەخنەی ئەدەبی چییە؟ ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە پرۆسەی شیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان، پرۆسەکە بەچوار قۆناغ، یان هەنگاوی یەک بەدوای یەکداهاتوودا تێپەڕدەبێت، کە بریتین لە: تێبینیکردن، شیکردنەوە، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن. لە قۆناغی یەکەمدا ڕەخنەگر دەقە ئەدەبییەکە دەخوێنێتەوە، هەوڵدەدات لە واتاکەی تێبگات. لە قۆناغی دووەمدا دەقە ئەدەبییەکە شیدەکاتەوە و بۆ توخمە سەرەتایی و پێکهێنەرەکانی هەڵیدەوەشێنێتەوە و هەوڵدەدات ڕێگەی ڕێکخستن و پەیوەندی بەشەکان لەگەڵ یەکدیدا بزانێت. لە قۆناغی

سێیەمدا ڕەخنەگر پەیوەندی نێوان بەشەکان و توخمەکان ڕووندەکاتەوە و بۆی دەردەکەوێت، کە نوسەر دەیەوێت چی بڵێت. لە کۆتایی و قۆناغی چوارەمدا لەسەر بنەمای تێگەیشتنی خۆی لە دەقەکە بە گشتی بڕیارەکەی دەردەکات.

زۆر لە ئێمە و ڕۆشنبیر و خودی هەندێک لە ڕەخنەگرانیش واتێگەیشتوین، کە ڕەخنە تەنها بریتییە لە پرۆسەی ئاشکراکردن و خستنەڕووی خەوش و کەموکوڕیی و لایەنە خراپەکانی دەقەکە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەخنە تیشک دەخاتە سەر هەڵسەنگاندنی لایەنە باش و خراپەکانی دەقەکە، واتە تەنیا بەدوای خەوش و کەموکوڕییەکانی دەقەکەدا ناگەڕێت و لەوەدا کورتناکرێتەوە، چونکە پرۆسەی رەخنە، پێوەر و بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە، لەکاتی ڕەخنەگرتندا ڕەخنەگر لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکە بۆیان دەگەڕێتەوە، لەهەمانکاتدا ئەوەش نکوڵی لێناکرێت، کە هەندێکجار لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا گوزارشت لە تێڕوانین و بۆچوونی خوێنەر دەکات، لەسەر ئەوەی، کە لەنێو دەقەکەدا دەگوزەرێت، کە لەوانەیە خوێنەرێک بەوەی لە دەقێکدا هەیە، ئاسودە بێت، لەهەمانکاتدا ڕەنگە هەندێک شت لە خودی هەمان دەقدا بەلای خوێنەرێکی دیکەوە شیاو و گونجاو نەبێت و نەبێتە مایەی سەرسامبوونی. هەروەها دەقێک لەوانەیە لە سەردەمێکدا لە نێو کۆمەڵگەی خوێنەرانیدا جێی بایەخ نەبێت، یان قبوڵ نەکرێت، کەچی لەوانەیە هەمان دەق لە کات و سەردەمێکی دیکەدا بازدانێکی چۆنایەتی بکات و پێشوازییەکی گەورە و چاوەڕواننەکراوی لێبکرێت، کە دەڵێین ڕەخنە، هیچ جیاوازییەکی نییە، ڕەخنەی ئەدەبی بێت، یان شانۆیی، بێگومان وەکو واتا و ناوەڕۆک و بەڕێوەچوونی پرۆسەکە، بەڵام بنەما و شێوازی ئەنجامدانیان

جیاوازە، چونکە یەکەمیان کار لەسەر دەقێکی نووسراوی ئەدەبی دەکات و دووەمیان کار لەسەر نمایشێکی هونەریی دەکات، کە هەردوو لایەنی تێدا دێنەدی، کە هەم دەقێکی ئەدەبییە و هەمیش هونەرێکی نمایشییە، بەڵام پرۆسەی ڕەخنەگرتنی شانۆیی زۆر سەختە و قورسترە لە پرۆسەی ڕەخنەگرتنی ئەدەبی... لەبەر ئەوەی جگە لەوەی ڕەخنەگر پێویستی بە شارەزایی لە بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەبێت، سەرباری ئەوە، دەبێت شارەزایی لە شێوە و شێواز و بنەماکانی ڕەخنەی نمایشیش هەبێت، چونکە ڕەخنەی شانۆیی جۆرێکە لە ڕەخنەی هونەریی، کە مامەڵە لەگەڵ کارە شانۆییەکاندا دەکات، وەک کارێکی هونەری تەواوی یەکگرتووی دوولایەنە، کە دەق و نمایشی شانۆیی دەگرێتەوە. نووسین و قسەکردن لەسەر وردەکارییەکانی هونەرە شانۆییەکانی وەک، دیکۆر و ڕووناکی و ئەدای ئەکتەرەکان لەنێو نمایشەکە لەخۆدەگرێت.

بزاڤی شانۆی کوردی لە دەیەی دووەمی، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پەیدابووە، چ وەک دەق، چ وەک نمایش، کە مێژووی پەیدابوونیان زۆر لە یەکدییەوە نزیکە، بەڵام پرۆسەی نمایش زۆر چالاکتر بووە، لە پرۆسەی نووسینی دەقی شانۆیی، دیارە هەتا ئەو ڕێککەوتە شتێک بەناوی ڕەخنەی شانۆیی نەبووە، چونکە ئەدەب پێش ڕەخنە دەکەوێت، بەهەمانشێوە، نمایشی شانۆیی دەکەوێتە پێش ڕەخنەی شانۆییەوە، چونکە ئەگەر ئەدەب و نمایش نەبوونایە، ئەوا هەرگیز ڕەخنەش نەدەبوو، واتە ئەدەب و نمایشە شانۆییەکان دەبنە مایەی بنیات و دروستبوونی ڕەخنەی شانۆیی و خۆراکی مانەوە و بەردەوامییان پێدەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لەنێو بزاڤی شانۆی کوردیدا سەرەتا شتێک بەناوی ڕەخنەی شانۆیی نەبووە،

بەڵام دوای ئەوەی دەقە خۆماڵی و ئامادەکراو و وەرگێڕدراوەکان پەیدابوون، پاشان دوای ئەو قۆناغە لەلایەن دەرهێنەرەکانەوە کاریان تێدا کرا و کرانە نمایشی شانۆیی، ئەو کاتە ڕەخنەیەکی سادە و ساکار و سەرەتایی، کە خۆی لە شێوەی هەواڵی دەق و نمایشەکەدا دەبینییەوە، پەیدابوو، هەندێکجار شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی سادەشی بۆ دەقەکە دەکرد و باسی بنەماکانی دەقەکەی دەکرد و زۆر بەکەمی بەلای نمایش و لایەنە هونەرییەکاندا چووە، ئەم شێوە و شێوازە بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەتا ئەمڕۆش لەنێو بزاڤی شانۆی کوردیدا ئامادەیی هەیە و بەدیدەکرێت. کە لە هەندێککات و سەردەم و لەلایەن هەندێک نووسەر و ڕەخنەگرەوە دەگۆڕێت و خۆیان لە قەرەی نمایشیش داوە و باسی بنەما هونەرییەکان و پێکهاتە هونەرییەکانی نمایشەکەیان کردووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، هەندێک لە ڕەخنەگرەکان بە ئاست و شێواز و زمانێکی نزمەوە، چوونەتە نێو پرۆسەی ڕەخنەگرتنەوە، ئەمە تێڕوانینێکی خراپی لەنێوان هەردوو بەرەی کاری شانۆیی، لە ستافی شانۆییەکە و ڕەخنەگراندا دروستکردووە، بەرەی یەکەم بە ڕەخنەی ڕووخێنەر ناوی دەبەن، نەک بنیاتنەر، ئەمەش تا ئاستێک ڕاستە و ناحەقییان نیە، چونکی دەبێت باش ئەمە بزانین، کە نووسین و نمایشکردن دوو دروستکراو و پرۆسەی داهێنەرانەن، بەڵام ڕەخنەگرتن چێژ و سەلیقەیە بۆ ئەو داهێنانانە. لەسەر نووسەر و دەرهێنەر و ستافی نمایش پێویستە، بەشێوەیەکی داهێنەرانە گوزارشت بکەن و دەرببڕن، لە بەرانبەریشدا دەبێت ڕەخنەگر بەشێوەیەکی بابەتی و بێلایەنانە ڕەخنەکانی خۆی ئاراستە بکات، بەو پێیەی، کە نووسین و نمایش دوو کاری داهێنەرانەن، بۆیە پێویستە ڕەخنەش بەهەمان شێوە

داهینـان بێـت.

دەبێـت ڕەخنەگـر بەشـێوەیەکی زانسـتی و ئەکادیمـی و لەسـەر بنەمـای دیاریکـراو و بێلایەنانـە ڕەخنەکانـی بگرێـت و بەپێـی میتـۆد، یـان پرۆگرامێکـی ڕەخنەیـی دیاریکراوەوە کارەکەی ئەنجام بدات، نـەک بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی و تێکـەڵ و پێکـەڵ، بەجۆرێـک نەخـۆی و نـە خوێنەریـش بزانێـت، لەسـەر چ بنەمایـەک کارەکـەی کـردووە و پشـتی بـە میتـۆدی مێژوویـی، تەکنیکـی، کۆمەڵناسـی، ئینتیبـاعی، شـێوازی، سیمۆلۆژی، زانستی دەق، جوانکاری، بیبلۆگرافی، دراماتۆرگی، بونیاتگـەری، هەڵوەشـانگەرایی، زمانەوانـی، ژینگەیـی و...تـاد بەسـتووە، ئەگـەر ئەمـەی دیاریکـرد و بە پراکتیکیش کاری لەسـەر کرد، ئـەوا نـە سـەر لـە خـۆی دەشـێوێنێت، نـە لـە خوێنەریـش، کارەکەشـی جوانتـر و ڕێکوپێکتـر و زانسـتیتر دەبێـت. بـەڵام ڕەخنەگرانـی کـورد، لەنێـو شـانۆی کوردیـدا زۆر بەکەمـی ئەمەیـان پەیـڕەو کـردووە و بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی و تێکـەڵ و بەبـێ دیاریکردنـی میتۆدێکـی ڕەخنەیـی، ڕەخنەکانیـان ئاڕاسـتەی کارەکـە کـردووە، بـەڵام ئەمـەش لـە سـەرەتاوە تـا ئێسـتا بـە نەگـۆڕاوی نەماوەتـەوە، بەڵکـو بەپێـی تێپەڕینـی کات و سـەردەمەکان، ئـەو کارەش گۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە، گۆڕانەکـەش بەلایەنـی ئەرێنیـدا بـووە، کـە لـە سـەرەتادا زۆر سـادە بـووە، پاشـان لـە پەنجـا و شەسـتەکاندا گۆڕانێکـی کەمـی بەسـەردا هاتـووە، لـە حەفتـا و هەشـتاکان زیاتـر گەشـەی کـردووە و تێگەیشـتنەکەش باشـتر بـووە، بـەڵام قۆناغـی دوای ڕاپەڕیـن، کـە دەتوانیـن ئەویـش دابەشـی سـەر دوو قۆنـاغ بکەیـن، سـەرەتا تـا ڕزگار کردنـی عێـراق و دوای پرۆسـەی ڕزگار کردن تـا ئێسـتا، کە هەنـگاوی گەورەتریـان هاویشـتوە و زیاتـر لـە مەبەسـت و بنەمـا و کاری ڕەخنەیـی گەیشـتوون و زیاتر بەسـەر ئەزموونەکانـی جیهانـدا کراونەتـەوە و لـە کاری خۆیـان

و ڕەخنەکانیان تێگەیشتوون، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە پرۆسەکە تەواو بێ کێشە و لەخەمڕەخسیوە، بەڵکو ئەو کێشە و خەوش و کەموکوڕیانەی باسمان کردن، بە ڕێژەی کەمتر و جیاوازتر هەر ماون، بەڵام هەنگاوەکان دڵخۆشکەرترن و بە ئاقاری باشتردا ڕۆیشتوون. بەشێوەیەکی گشتی لە سەرەتاوە بۆ ئەمڕۆ، لەنێو پرۆسەی ڕەخنەی شانۆییماندا ئەمانە بەدی دەکرێن:

١. لە هیچ کات و سەردەمێکدا ژمارەی ڕەخنەگرانی شانۆ لە چەند کەسێک زیاتر نەبوون، کە بەپێی دەقە نووسراو و ئامادەکراوەکان و نمایشە پێشکەشکراوەکان نەبووە و نەیانتوانیوە دەرەقەتی کارەکان بێن و لەسەر هەموویان بنووسن.

٢. لەنێو ئەو هەموو نمایشانەی پێشکەشکراون، تەنها لەسەر چەند دانەیەکی دیاریکراو لە هەر سەردەمێکدا کاریان کردووە، بەدەگمەن، یان هەر بەرچاو ناکەوێت، کە نمایشێک لەلایەن زیاتر لە یەک ڕەخنەگرەوە کاری لەسەر کرابێت، ئەمەش هەر بۆ کەمی ڕەخنەگران دەگەڕێتەوە و دەرەقەتی هەموو نمایشەکان نەهاتوون.

٣. لە هەموو سەردەمەکاندا، ڕەخنە لە دەقەکان و خوێندنەوە بۆ دەقەکان زیاتر بووە، تا ئەوەی خۆیان لە خوێندنەوە و ڕەخنەگرتن بۆ لایەنی هونەریی نمایش و توخم و تەکنیکەکانی نمایش وەکو هونەر بدەن.

٤. ڕەخنەکان زیاتر لە جۆری ئینتیباعی بووە، نەک ڕەخنەی زانستی و پشتبەستوو بە میتۆد و پرۆگرامەکانی ڕەخنەیی، کە خۆی لە شێوەیەکی سادە و ساکار و سەرەتایی و بۆچوونی تایبەتی کەسیی و پڕ لە هەڵچوونی کاتیدا دەبینێتەوە.

٥. ئەگەر بێت و بەراووردی ژمارەی دەقە ڕەخنە لێگیراو، یان خوێندنەوە بۆکراوەکان بەبەراوورد بەو نمایش و دەقە نووسراوانە بکەین، ئەوا ڕێژەکە زۆر کەمە،

بەمەش نمایش و دەق گەلێک لە کارە ڕەخنەییەکان زیاترن.

٦. سۆز و هەڵچوون و پەیوەندی کەسیی و تایبەتی، کاریگەریی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، کە دەچێتە چوارچێوەی پیاهەڵدان و ستایش، یان شکاندن و ناوزڕاندن، لەبری کارکردن بەشێوەیەکی زانستی و بابەتییانە.

٧. لە کاتی بڕیاردان، ئەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەدیدەکرێت، وشەی خراپ، یان باش، واتە بەڵێ کردن، یان نەخێر کردن بۆ بەرهەمەکە هەیە، کە ئەمەش دوورە لە پرۆسەی ڕەخنەییەوە، چونکە هیچ کارێک بە تەواوی خراپ و ڕەتکراوە نیە. هەروەها بێخەوش و کەموکوڕیش نیە، واتە لایەنی خراپ و باش، یان ئەرێنی و نەرێنی لە هەموو بەرهەمەکاندا هەیە، بۆیە دەبێت هەردوو لایەن بەشێوەیەکی زانستی دیاری بکرێت، نەک زەربێک، یان سەحێکی لێبدرێت.

٨. ڕەخنەگری نەبۆتە کار و پیشەیەکی بەردەوامی ئەو کەسانەی کاری ڕەخنەی شانۆییان ئەنجامداوە، تاوەکو زیاتر پەرە بەخۆیان بدەن و سوود لە ئەزموونەکانی پێشووی خۆیان وەربگرن، بەڵکو زۆربەی زۆریان بۆ ماوەیەکی کەم و چەند خوێندنەوەیەکی دیاریکراویان بۆ هەندێک بەرهەمی شانۆیی کردووە و پاشان مەیدانەکەیان جێهێشتووە و ونبوون.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی، کە بڵێین، پرۆسەی ڕەخنەی شانۆیی لە هیچ کاتێ و سەردەمێکدا نەگەیوەتە ئاستی نمایشی شانۆییمان و نەیتوانیوە بەتەواوی و زانستی و بێ کەموکوڕی ڕووماڵی هەموو نمایش و دەقە نووسراوەکان بکات و ببێتە مایەی چاکسازی و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی کاری شانۆیی بە هەردوو ڕووەکەیەوە، کە شانۆکاران بەهۆیەوە ئاگاداری کەلێن و کەلەبەر و خەوشەکانی خۆیان بن و هەوڵی نەهێشتن و چاکسازی بدەن.

هەواڵنامەی کتێب